# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

### سەرپەرشتیارانی پڕۆژە

د. لوقمان رەئوف

بابان ئەنوەر

# رۆدۆلف کارناب

## وەرگێڕانی: کۆمەڵێك نوسەر

بەشی چوارەم

66

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

# رۆدۆلف کارناب

وەرگێڕانی : کۆمەڵێک نوسەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان ڕەحیم
ساڵی چاپ: 2017
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: 750 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2000 دینار
سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن سەعید
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 190 )



# ڕۆدۆلف کارناب

**وەرگێڕانی: کۆمەڵێک نوسەر**

**بەشی چوارەم**

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگڵس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون بە لیوتار، ئاشنابوون بە لینین 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ، ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەنداندا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) نامیلکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین، ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە دیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە دریدا)

لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نوێ، کە ئەمڕۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پـرۆژەیـەش لە سـاڵـی (2018)دا بە شێوازێکی نوێ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین ڕێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیریارییە نەبوایە، ئێستا ژیان و پێشکەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم رێگەیەوە خوێنەر هەست بە بیرو ئایدیا جیاوازەکان و گرنگی بیرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و روانین لە جیهان بەو شێوازەی کە پێویستە لێیبڕوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە دیکارت لەسەرەتای رێنیسانسدا رایگەیاند» من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانیت بیربکەیتەوەو بوونیەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بیربکەینەوە، پێویستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بیرکردنەوەکە دەستەبەربکەین، خوێندنەوەش یەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشیەوە، بیرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بیرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەیەیە.

بۆیە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبیریکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بیرەکان دەتوانن ژیان بگۆڕن، بۆیە پێویستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بیری نوێ و بنیادنانی ئایندەیەک، جیاوازتر لەرابردو.

**د. لوقمان رەئوف**

2017

# بایۆگرافیای رۆدۆلف کارناب

ئا: د. لوقمان رەئوف

-فەیلەسوف و لۆژیکزانی ئەڵمانی بەرەگەز جوو، یەکێکە لە باشترین رابەرەکانی فەلسەفەی ئەزمونی لۆژیکی.

-لە 18 مایۆ 1891 لە رۆنسدۆرف (ronsdorf) لە نزیک (بارمن (barmen) لە ئەڵمانیا لە دایکبووە.

- لەسالآنی(1910-1914) زانکۆکانی (فرایبورک) و jena) ) خوێندویەتی.

- پسپۆڕی لە فیزیا و بیرکاری و فەلسەفەدا هەبووە.

- لە زانکۆی (jena) کاریگەری لەسەر مامۆستای بیرکاری لۆژیکی (gottlob frege گۆتلۆب فۆیگ) هەبوو.

- ساڵی 1928 یەکەمین کتێب بە ناوی (بوینادی لۆژیکی جیهان)ی بڵاوکردەوە.

لە ساڵی 1929 بڕوانامەی دکتۆرای لە هەمان زانکۆ بەدەستهێنا و ناونیشانی ناوی دکتۆراکەی (شوێن: بەشداریکردنی لە تیۆری زانستدا).

- ئەم نامەیە کاریگەریەکی رۆحی زۆری لەسەر راسڵ و وتگنشتاین و گروپی (ڤییەنا) دروستکرد.

- لە سالآنی -1930 1940) بەهاوکاری (هاسن رایشنباخ) گۆڤاری نێودەوڵەتی بە ناوی

(مەعرفە) ەوە دەرکرد.

- لە ساڵی (1026-1931) لۆژیکی زانستی لە زانکۆی (ڤییەنا) وتووەتەوە.

- لە ساڵی (1931- 1935) فەلسەفەی سروشتی لە زانکۆی (پراگ)ی ئەڵمانی وتووەتەوە.

- لە ساڵی 1934 (کتێبی پێکهاتەی لۆژیکی زمانی) بڵاوکردەوە.

- لە کۆتایی ساڵی (1935) بە هۆی فشاری نازیەکانەوە، چووە ئەمریکا و بووە مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی شیکاگۆ تا ساڵی 1952.

- ئەندامی کۆمەڵەی ئەکادیمیای ئەمریکی بووە بۆ هونەر و زانست.

- لە ساڵانی (1954-1961) مامۆستا بووە لە زانکۆی کالیفۆرنیا.

- کاری لەگەڵ هەریەک لە (otto Neurath) ئۆتۆ نویرات و چارلس موریس (Charles morris) کردووە لە بانکی زانیاری نێودەوڵەتی بۆ زانستی یەکگرتوو.

- لە1970/10/14 لە سانتا مۆنیکا لە کالیۆرینا کۆچی دوایی کردوە.

# هەڵوێستی پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ لەبارەی میتافیزیکاوە

«پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ»

د. حەنان عەلی
لەعەرەبییەوە: محەمەد چیا

**بەرایی:**

پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ[1] و پۆزەتیڤیزمی کلاسیکی، هەوڵی رزگاربوون دەدەن لە فەلسەفە بەگشتی و بیری میتافیزیکی بەتایبەتی. پۆزەتیڤیزمی ئۆگست کۆنتیش لە ئامانجدا جیاواز نییە لە پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ، بەڵام لە میتۆددا جیاوازییان هەیە.

پۆزەتیڤیزمی کلاسیکی داوای بەکارهێنانی رێگا و شێوازەکانی زانستی سروشتی دەکرد لە رەتکردنەوەیدا بۆ میتافیزیک، لەکاتێکدا پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ داوای «شیکارکردنی زمان» دەکات.

پۆزەتیڤیزمیش لە هەموو شێوەکانیدا رەتی فەلسەفە و بانگەشەکانی دەکاتەوە سەبارەت بە زانینی راستی شتەکان و کەشفکردنی نهێنییەکانی دەروونی مرۆیی... جگە لە واقیع دان بە هیچ شتێکی تردا نانێت، واتە ملکەچکردنی شتەکان بۆ بینین و ئەزمونکردن.

وەک زانراوە فەلسەفەی تەقلیدیی بە تێڕوانینێکی گشتگیرانەوە بەدوای بوونی ئەبستراکتدا دەگەڕێت، لە مرۆڤ و لە چارەنوسی و لە شوێن و لە کات و بەها ئەخلاقیەکان و

راستی و جوانی و ...هتد، پۆزەتیڤیستەکان پێیانوایە رۆڵی میتافیزیک کۆتایی هاتووە، چونکە زانستە رێژەییەکان (زانستی سروشت و کیمیا و هتد...) دەکرێت پشتیان پێ ببەسترێت لە زانینی راستیەکانی جیهانی واقیعدا، چونکە ئەو لە مەعریفەدا پشت بە میتۆدە ئەزمونییەکان دەبەستێت.

ئەوان فەلسەفە و میتافیزیکیان بەتایبەتی خستۆتە ژێر شیکاری لۆژیکی و بە توێژینەوەیەکیان دانەناوە لە بوون و مەعریفەدا.

لەم باسەماندا ئەوە روندەکەینەوە و کە چۆن پۆزەتیڤیزم «میتافیزیک» رەتدەکاتەوە، چۆن «بنەمای ساغکردنەوە»ی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە؟

**پۆزەتیڤیزمی کلاسیکی و میتافیزیك:**

ئۆگست کۆنتی[2] (خاوەنی پۆزەتیڤیزمی کلاسیکی) هەر تیۆرێکی رەتکردۆتەوە بانگەشەی زانست، یان زانیاری بکات سەبارەت بە چییەتی شتەکان، چونکە نموونەی ئەم بانگەشەیە بە وتەیەکی میتافیزیکی دادەنرێت و پێویستە رەتبکرێتەوە، زانست لە ئاستی

وەسفکردنی دەرەکی دیاردەکاندا دەوەستێت، چونکە ئێمە ناتوانین چییەتی یان جەوهەری شتەکان بزانین[3].

کۆنت و لایەنگرانی پێیانوایە دەستەواژەکانی میتافیزیک مەسەلەگەلێکی ناڕوونن، بەڵکو کەمتر رونترن لە مەسەلەکانی لاهوت و مەسەلە واقیعیەکان، کە دەچنە چوارچێوەی بواری ئەزمونییەوە، لەتوانادایە راستییان بسەلمێنرێت، چونکە کارامەیی هەستیی بۆ فەراهەم کراوە[4]. پۆزەتیڤیزمیش بەشێوەیەکی گشتی، کاریگەرە بە ئەزمونگەریی «دایڤد هیوم»[5] لە کتێبەکەیدا »توێژینەوەیەک لە عەقڵی مرۆیی» کە راکەی بەم شێوەیە:

«ئەگەر هەر کتێبێکمان بخرێە بەردەست، سەبارەت بە لاهوت یان میتافیزیکیا، پێویست دەکات لە خۆمان بپرسین. ئایا ئەم کتێبە لەسەر بیرکردنەوەیەکی بیرکاری ئەبستراکت دەوەستێت؟ ئەگەر وەڵامەکە نەرێنی بوو با لەخۆمان بپرسیبن: ئایا لەسەر بیرکردنەوەی ئەزمونیی دەوەستێت، کە لەم بوونەدا باس لە راستیەکانی واقیع دەکات؟ ئەگەر وەڵامەکە بە

نەرێ بوو، ئەوا پێویستە کتێبەکە بخەینە ناو ئاگر... چونکە ناکرێت ئەو کتێبە شتێکی لەخۆگرتبێت بێجگە لە سەفسەتە و وەهم و فێڵکردن»[6].

لە فەیلەسوفە ئەزمونگەرەکانیش »ئێرنست ماخ»[7] کە لە فەلسەفەکەیدا (رەخنەگرێتی ئەزمونگەری) هەوڵی دامەزراندنی زەمینەیەکی پتەو دەدات بۆ زانستێک کە لەسەر ئەزمون بەرپابووبێت، لەگەڵ رزگاربوون لە «میتافیزیک»، چونکە زانستی خراپکردووە، بۆیە پێویستە لە مەعریفەی زانستی دوربخرێتەوە، بۆئەوەی زانایان بتوانن مامەڵە لەگەڵ دیاردە هەستپێکراوەکاندا بکەن و بتوانن تیۆرێکی زانستی ورد بدۆزنەوە و کە توانای پێشبینیکردنی هەبێت.

«پێویستە زانا هەستێت بە وەسفکردنی رووداو و ئەو پرۆسانەی کە لەپێناو گەرەنتیکردنی دوبارەبوونەوەدا بەکاردەهێنرێن ، ئەوەش سەرەتای راستەقینەیە بۆ یاسا زانستیەکان، کە پێویستە لەسەرمان بتوانین دایبرێژینەوە، بەشێوەیەک کە ژمارەیەکی کەم لە رووداوەکان لەخۆبگرێت»[8].

(ماخ) دانی بە هەندێک گریمانەی راڤەکەردا بۆ کارەبا نەناوە، بۆ نمونە: کەوا گریمانەگەلێکی زانستین، چونکە ئەو پێیوایە لە ئەزمونی هەستیی تێپەڕدەکات. ئەگەریش پرسیارمانکرد کارەبا چیە؟ ئەوا وەڵامەکە وەڵامێکی زانستی نابێت، کە لە ئەزمونەوە سەرچاوەی گرتبێت.

رەخنەی ماخ لە هەندێک لە گریمانە بەهۆی ئەوەوەیە، کە ناتوانرێت لە رێگەی ئەنجامەکانی ئەزمونە زانستیەکانەوە ئەزمون بکرێن، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە لە گریمانەکان وەک «گریمانەی ئەتۆم»- بەڕای ئەو تێبینی نەکراوە، بۆیە بە شێوەیەکی خۆپارێزی سەیری ئەم جۆرە گریمانانەی کردوە... لەکاتێکدا زانست سەلماندویەتی -هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە- کە نمونەی ئەم جۆرە گریمانانە وەک ئەتۆم و پێکهاتەکانی بونەوەرن نەبینراون دەرئەنجامەکانی ئەزمونی زانستی ئەوەیان سەلماند کە وەک پێدراوی راستەوخۆن بۆ مەعریفەی زانستی[9].

زانستیش لای مەزهەبی ئەزمونگەرایی: «ئەوەیە کە کۆمەڵێک مەعریفەمان پێدەبەخشێت،

میتافیزیکیش بە شێوازە تەقلیدیەکەی بریتییە لە سەفسەتە و زۆربلێییەکی گوتەیی بەتاڵ. لەپشت ئەزمونیشەوە هیچ مەعریفەیەک بوونی نییە»[10]. بزوتنەوەی پۆزەتیڤیزمیش هەمووی بە نزم سەیرکردنی میتافیزیکا و ڕێزگرتنە لە زانست»[11].

پۆزەتیڤیزمێکی نوێش لە سەدەی بیستەمدا دەرکەوت کە خۆی لە گروپی ڤیەننادا دەبینێتەوە، کەوا کاریگەرە بە «لۆدیڤیک فیتگنشتاین»ی فەیلەسوفی نەمساوی»[12].

**گروپی ڤیەننا و میتافیزیك:**

ئەم بزوتنەوە فەلسەفییە لە ڤیەننا سەریهەڵدا- کە دواتر بە ناوی پۆزەتیڤیزمی لۆژیکییەوە پەرەیسەند- کە «مۆریس شلیک» سەرکردایەتی کرد»[13]، کە نوێنەرایەتی (لایەنی فەلسەفی) دەکرد لەم گروپەدا، ئەوانی تر کە نوێنەرایەتی «لایەنی بیرکاری»یان دەکرد و بریتیبوون لە: (ڕۆدلف کارناب) و (هێربەرت فایگل) و ئەوانی تر.

گروپی ڤیەننا کاریان زیاتر لەسەر شیکارکردنی لۆژیکی زمان دەکرد – واتە

جیّبەجیّکردنی شیّوازی زانستی لەسەر دەستەواژەکان و گوتەکانی ئەو زمانەی کە پیّیدەنوسریّت گرفتەکانی فەلسەفە، پیّوانەشیان لەمەدا بریتیبوو لە (ساغکردنەوە) لەریّگەی بڕیاردان بەسەریدا و لەریّگای واقیعی دەرەکیەوە، دەتوانریّت دەستەواژە میتافیزیکیەکان کەشفبکریّن، کە لای ئەوان تەنها بە قسەی پووچ و بەتاڵ دادەنریّن.

بیرۆکەکانی ئەم گروپەش «کارناب» و «ئایر» پەرەیان پیّدا کە ناونراوە بە پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی، لە دیارترین بیرۆکەکانیشی »نکوڵیکردنی میتافیزیک»ە، پیّوەریشیان لەمەدا بریتییە لە »بنەمای ساغکردنەوە». ئەوان رەتکردنەوەیان بۆ میتافیزیک بەوە پاساودایەوە کە تەنها کۆمەڵە گوتەیەکی هەڵەیە، بەڵکو لەسەر ئەو بنەمایەی کە بەتاڵە لە مانا، قسەیەکە مانای نییە، نە راستگۆیە و نە درۆزن. پۆزەتیڤیزمی لۆژیکیش لە تیّڕوانیندا بۆ میتافیزیک، لەسەر هەمان میتۆدی گروپی ڤیەننا رۆیشتن.

**پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ و میتافیزیك:**

پۆزەتیڤیزمی لۆژیک بە درێژکراوە و بەردەوامیی «گروپی ڤیەننا» دادەنرێت، هەروەها بە تیۆری ئەزمونگەری، یان هەستگەری لە مەعریفەدا. ئەو رەتی هەموو ئەوانەی کردەوە کە هەستی راستەوخۆ تێدەپەڕێنن، بەڵام ئەوەی نوێیە و هێناویەتی لە بیردا بریتیە لە ئاراستە زمانەوانی، یان لۆژیکیەکەی. ئەو خۆی بە زانستی ناوزەد دەکات، چونکە مەسەلەکانی ئەزمونین و تەنها دان بە مەسەلە زمانەوانییەکاندا دەنێت، کە ئاماژە بە واقیعی ئەزمونیی دەکەن.

رێزگرتنی پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ لە زانست لە رێگەی ئەزمونە بینراوەکانەوە دێت، کە ئەنجامەکان سەلماندویانە... بەڵام ئەو مەسەلانەی کە لەسەر ئەزمون و دیتن ناوەستن -ئیدی هەرچیەک بن- وەهمێکە لە وەهمەکان، ئەو تەنها دان دەنێت بە (مەسەلە شیکاریەکان و پێکهاتەییەکاندا)[14]، جگە لەمانەش مەسەلەکانی تر... قسەی بێ مانان، چونکە ناکرێت لە رێگەی ئەزمونەوە ساغبکرێنەوە، یان بسەلمێنرێن.

بۆ نمونە وتەی «گیانی نەمر»، «شوێنی بێکۆتا»، «کاتی بێکۆتا»، نمونەی ئەم مەسەلانە بە میتافیزیک دادەنرێن... ئەمانەش مەسەلەگەلێکی ناشیکارییین، ناکرێت بە ئەنجام و سەرئەنجام دابنرێن وەک مەسەلەکانی بیرکاری و لۆژیک، هەروەها ناچنە ناو مەسەلە پێکهاتەییەکانەوە، چونکە سەلماندنیان بە ئەزمونکردنی هەستی هەرگیز نابێت، چونکە هیچ شتێک نییە لە سروشتدا ناوی گیان بێت ئەزمون بکرێت، یان لە بوونی دڵنیابیتەوە، گیان خۆی لە بنچینەدا شتێکی نامادیی و هەستپێکراو نییە، دەکرێت بۆ زەمان و شوێنیش هەروا بوترێت[15].

راستە هەندێک مەسەلەی میتافیزیکی مانایان نییە، هەروەها هەندێک چەمک بە دەستەواژەگەلێک دادەنرێن کە بەتاڵن لە مانا[16].

ئەم حوکمەش بەسەر هەموو میتافیزیکدا جێبەجێنابێت، ئەویش لەبەرئەوەی هەندێک مەسەلە هەن، یان گریمانەی میتافیزیکی هەن سودیان بۆ زانست هەیە و هەموو میتافیزیک ساختە نییە.

پۆپەر[17] پێیوایە فەلسەفە بریتی نییە لە

شیکارکردنی ماناکان، هەروەها هەوڵێکیش نییە بۆ رونکردنەوە و راڤەکردنی، فەلسەفەش کۆمەڵێک وەزیفەی هەیە[18].

پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخیش رەتی میتافیزیک دەکاتەوە، یان ئەو گرفتە فەلسەفیانەی بەدرێژایی مێژوو دروستبوون، هەروەها سەیریاندەکرێت وەک ئەوەی گرفتگەلێکی خەیاڵکراوبن، دەخوازێت لە فەلسەفە بوەستێت لەوەی ببێتە تیۆرێک و، خۆی بۆ شیکارکردنی مەسەلە زانستیەکان، یان رۆژانەییەکان یەکلاییبکاتەوە.[19]

ئەمە أ. ج. ایرە(20) کە پێیوایە وەزیفەی فەلسەفە ئەوەیە وەک پیاوێکی پۆلیسی فیکری کاربکات، وەزیفەی رێگیرکردنە لە پەڕینەوە بۆ میتافیزیک... لای ئەو زانست مەعریفەمان دەداتێ سەبارەت بە جیهان، بەڵام فەلسەفە ناتوانێت ئەوە بکات.

**کاریگەری ڤیتگنشتاین لەسەر کۆمەڵەی ڤیەننا و پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ:**

ڤیتگنشتاین کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەسەر کۆمەڵەی ڤیەننا و پۆزەتیڤیزمی

هاوچەرخ، کە لەسەر بیری ئەم گروپە دامەزرا- ئەوەش لەرێگەی پەیوەندیە کەسیەکانییەوە لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی گروپەکە وەک «مۆریس شلیک»، ئەو لەماوەی ساڵانی 1927-1929 چاوی پێیان دەکەوت بۆئەوەی مشتومڕیان لەگەڵ بکات لەبارەی کتێبەکەیەوە «پەیامێکی لۆژیکی فەلسەفی» لەم رێگەیەشەوە بیرۆکە فەلسەفیەکانی ڤیتگنشتاین هاتە ناو گروپەکەوە[21].

ئەندامانی کۆمەڵەی ڤیەننا کاریگەربوون بە ڤیتگنشتاین، سەرەڕای ئەوەی خۆی سەر بەو کۆمەڵەیە نەبوو، چونکە بڕوای بە ئینتیمابوون نەبوو بۆ هەر گروپ و کۆمەڵەیەک. لەبەرئەمە ڤیتگنشتاین نە دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڤیەننا بوو، نە ئەندامیش بوو تێیدا.

بەڵام لەو کاتەدا کە پۆزەتیڤیستە لۆژیکیەکان لەکۆتاییەکانی سییەکانی سەدەی بیستەمدا بەدیاردەکەوتن، لۆژیکیە هاوچەرخەکان هەوڵیاندەدا بیرۆکەکانیان لەسەر بنچینەی فەلسەفەی ڤیتگنشتاین بونیادبنێن، کە لە کتێبەکەیدا «پەیامێکی لۆژیکی فەلسەفی»

ڕەنگیدەدایەوە، ڤیتگنشتاین سەرقاڵ بوو بە دەرخستنی ئەو هەڵانەی کە تێیان کەوتبوو لەم کتێبەدا – هەروەها لەپێناو دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێتر لەوانەی لە کتێبەکەیدا «توێژینەوەگەلێکی فەلسەفی» پێیانگەیشتبوو، کەواتە ڤیتگنشتاین نە دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڤیەننا بووە و نە دواتریش پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی.

ڤیتگنشتاین لە کتێبەکەی یەکەمیدا «پەیام» میتافیزیکای بە قسەیەکی بێمانا داناوە، چونکە ئامانجی بونیادنانی «زمانێکی ئایدیالییە» کە لە فەلسەفەکەیدا «ئەتۆمیەتی لۆژیکی» گوزارشتی لێکردوە.

بەڵام بە تێڕوانینێکی نوێوە سەیری زمانی کرد، ئەویش فەلسەفەی «زمانی ئاسایی» لە کتێبەکەی دووەمیدا »توێژینەوەگەلێکی فەلسەفی». ئەو لە سەرەتاوە ئەرکی فەلسەفەی کورتکردەوە لە »ڕوونکردنەوەی بیرۆکەکان» لە ڕێگەی شیکارکردنی زمانییەوە. ئەو لە ڕای پێشوویدا پێیوابوو فەلسەفە تیۆرێک نییە لە تیۆرەکان، بەڵکو بریتیە لە کۆمەڵێک ڕوونکردنەوە، واتە رونکردنەوەی

مەسەلەکان[23]، بەڵام دوای ئەوە گۆڕانکارییەک لە راوبۆچونەکانیدا ڕوویاندا، ئەو دەڵێت «لەگەڵ گەڕانەوەم بۆ بایەخدان بە فەلسەفە... پێویستە لەسەرم دان بە ئەنجامدانی کۆمەڵێک هەڵەی گەورەدا بنێم لە کتێبی یەکەممدا»[24].

«ئەو پاشتر وازی لە بیرۆکەکەی هێنا لەبارەی وەزیفەی زمان کە لە فەلسەفەی یەکەمیدا وێناکردنێک بوو بۆ واقیعی دەرەکی، بەمەش لە فەلسەفە نوێکەیدا وەک ئامرازێکی لێتێگەیشتنی لێهات لەگەڵ خەڵکانی تر و کارتێکردنیان. بەمانایەکی تر دوای ئەوەی پێشتر وەزیفەکەی فەردیی بوو دوای ئەمە گۆڕا بۆ وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی»[25].

لە کتێبی دووەمیدا «تویژینەوەگەلێکی فەلسەفی» ڤیتگنشتاین بیرۆکەی دۆزینەوەی زمانێکی هێمایی «ئایدیالی» رەتکردەوە و زمان لای ئەو بووە «یارییەک» وەک هەموو یاریەکانی تری نمونەی شەترەنج و یاری کاغەز و تێنس و هتد... ئەو دەڵێت: لە سندوقی کەلوپەلی دارتاشدا: چەکوش و گاز و مشار و دەرنەفیز و مەتر و

بزمار دەدۆزیتەوە... وەزیفەی زمانیش جیاوازە بەتەواوی وەک جیاوازی وەزیفەی ئەم شتانە. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا هاوشێوەیی هەیە[26]. هەموو وشەیەک لە زماندا چەند وەزیفەیەک بەجێدەگەیەنێت، وەک ئەو ئامرازانەی باسکران، هیچ کام لەم ئامرازانەش یەک وەزیفەی دیاریکراوی نییە لای دارتاش، بەڵکو هەریەکێک لەوانە بۆ زیاتر لە وەزیفەیەک بەپێی پێویست پێبوونی بەکاریدەهێنێت. وەزیفەی وشەکانیش لە زماندا بەهەمان شێوەن: هیچ وشەیەک یەک مانای نییە و یەک بەکارهێنانی نییە، بەڵکو یەک وشە چەندین بەکارهێنانی هەیە، هەروەها یەک رستەش بە هەمان شێوەیە، ڤیتگنشتاین ئەم وەزیفانەی زمان ناودەنێت: (یاریی زمان)[27].

فەیلەسوفەکان بەهۆی خراپ بەکارهێنانی زمانەوە «گرفتی فەلسەفی»یان خولقاندوە، دەکرا خۆی لێ لابدرێت- وەک گومانکردن لە بوونی جیهان یان هی تر، چارەسەری فەلسەفەش لەرێگەی گەڕانەوەی فەیلەسوفەکانەوە دەبێت بۆ (زمانی ئاسایی) یان بەکارهێنانی باوی وشەکان. «ئەو وازی لە بیرۆکەکەی هێنا، کە

له فەلسەفەی یەکەمیدا وێناکردنێک بوو بۆ جیهانی دەرەکی، و لە فەلسەفە نوێیەکەیدا وەک ئامرازێکی لێکتێگەیشتنی لێهات، لەگەڵ ئەوانی ترو کارتێکردنیان»[28].

بەڵام ڤیتگنشتاین فەلسەفەی پێشکەشنەکردوە، بەوپێیەی ئامۆرازێک بێت بۆ گۆڕان لەدژی زولم و خراپەکاریەکان- بەڵکو فەلسەفە لای ئەو وەک تەنها ئامرازێک مایەوە بۆ رونکردنەوە لە هەموو حاڵەتەکاندا، هەتا سەرەڕای گۆڕانی لە ئەرکی فەلسەفەوە -کە رونکردنەوەی بیرۆکەکانە- بۆ زمانی ئاسایی.

**بەڵام ئایا هەموو مەسەلەکانی میتافیزیك بەتاڵن لە مانا؟**

بە پشتبەستن بە لۆژیکی کۆمەڵەی ڤیەننا و پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی، «کۆمەڵگە» بۆ نمونە وای لێدێت کە بوونێکی نەبێت لای عەقڵی پۆزەتیڤیستی، چونکە ئێمە نە دەبیستین و نە بەرهەستی شتێک دەکەین ناوی «کۆمەڵگە» بێت، و ئێمە بێجگە لە «تاکەکان» هیچی دی نابینین، تاکەکانیش بوونەوەری تاک و سەربەخۆن

لەخۆیاندا، بەتەنها ئەمە واقیعی بەرهەستە، بەڵام کۆمەڵگە یان سستمی کۆمەڵایەتی ئەوا تەنها وەهمە[29].

ئەم حوکمەش جێبەجێ نابێت بەسەر هەموو میتافیزیکادا. ئەوەش لەبەرئەوەی هەندێک مەسەلە هەن، یان گریمانەی میتافیزیکی هەن بەسودن بۆ زانست، وە هەموو میتافیزیک ساختە نییە. پۆپەر پێیوایە فەلسەفە بریتی نییە لە شیکارکردنی ماناکان و هەروەها هەوڵێک نییە بۆ رونکردنەوە و شرۆڤەکردنی، فەلسەفە چەند وەزیفەیەکی جۆراوجۆری هەیە. گومانیشی تێدا نییە هەندێک مەسەلەی میتافیزیکی بێ مانایە و هەندێک چەمکیش بە دەستەواژەگەلێک دادەنرێن کە بەتاڵن لە مانا.

**وەزیفەی زمان لای کارناب:**

کارناب[30] پێیوایە زمان دوو وەزیفەی هەیە: یان ئەوەتا گوزارشت لە شتێکی واقیعی دەکات، یان ئەوەتا تەنها گوزارشت لە ئارەزووەکان و هەستە سۆزداریەکان دەکات. فەلسەفەی تەقلیدی ئەم دوو وەزیفەیەی تێکەڵاوکردوە،

ئەگەریش وتەکانی فەیلەسوفەکان گوزارشت بن لە ئارەزوو و هەستوسۆزە تایبەتەکانیان، ئەوا –بەپێی رای کارناب– هیچ مانایەک ناگەیەنێت[31]. ئەو میتافیزیک ڕەتدەکاتەوە، چونکە لای ئەو: «جیهانە مومکینەکان بریتین لە جیهانە دەرککراوەکان، بە فراوانترین مانای وشەکە کە دەکرێت وەسفبکرێت بێکەوتنە ناو دژیەکیەکی لۆژیکیەوە»[32]. کارناب جەخت لە رای ماخ دەکاتەوە لەوەدا کە «پێویست ناکات زانست بگەڕێت بەدوای جیهانگەلێکی میتافیزیکی نادیاردا، کە بەرپرسیار دەبێت لە رووداوگەلێکی دیاریکراو، بەڵکو تەنها پێویستە وەسفی ئەو روداوانە بکات لە سنوری یاساکاندا روودەدەن»[33].

ئەم بیرۆکەیەی کارناب گوزارشت لە رای هەموو جەمسەرەکانی پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ دەکات، ئەوان پشت دەبەستن بە گوتە زمانییەکان، هەموو شتێک پێویستە بە ئەزمون بسەلمێنرێت، ئەگەریش نەسەلما بوونی هەیە و لەرێگەی هەستەکانەوە ناسراوە، ئەوا «وشەیەکی بێ مانایە».. یان هەر گوتەیەک

دەبێت لەواقیعی هەستپێکراودا بەرامبەرێکی هەبێت و بێجگە لەمە نە بە راست و نە بە هەڵە وەسفناکرێت.. بەڵکو بەو وشەیەی کە «مانای نییە» ئەم بیرۆکەیەش بە جەوهەری رای پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ دادەنرێت.

ئەو مەسەلانەی کە فەلسەفەی تەقلیدی راهاتووە لەسەر خستانەڕویان -وەک مەسەلەکانی میتافیزیک- ئەو بە مەسەلەگەلێکی ناراستی (وەهمی)یان دادەنێت... هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەریش بۆ ئەو مەسەلانە تەنها بریتیە لە «بەفیرۆدانی کات»[34].

پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی خۆی وەها دەبینێت زانستیە، ئەو زانستییە، چونکە ئەوەی یەکەمجار بایەخی پێدەدات شیکارکردنی مەسەلە زانستییەکانە، لەم شیکارەشەوە پەی بە کۆمەڵە دەرئەنجامێکی مەترسیدار بردووە، هەروەها زانستیشە، چونکە لە بەکارهێنانی هێماکاندا هاوشێوەی زاناکان رەچاوی وردبینی دەکەن. «ئێمە نامانەوێت فەلسەفە لە زانست نزیکبکەینەوە، بەو مانایەی کە فەیلەسوفەکان تێوەدەگلێنێت بە بایەخدان بە

شتگەلێکی زانستی، کە پەیوەندی بەوانەوە نییە، بەڵکو ئێمە دەمانەوێت بەچەند مانایەکی تر لێکنزیکبکرێنەوە یەکەمیان پابەندبوون بە وردییەکی زۆرەوە لە بەکارهێنانی گوتە و دەستەواژەکاندا، پابەندبوونێک فەیلەسوف لە زانا نزیک دەکاتەوە لە وردیی بەکارهێنانی دەستەواژە زانستیەکاندا»[35].

**رەخنەی مارکیوز لە رای پۆزەتیڤیزم**

بەڵام بەڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی بەتەواوی زانستی نییە -بەرای ژمارەیەک لە فەیلەسوفەکان- مارکیوز دەڵێت(36): «شیکاری زمانی دەیەوێت راست و ورد و روو نبێت، و من نکوڵی لەوە ناکەم، هەندێک جار بگاتە ئەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە کەموکورِ دەمێنێتەوە، ئەو سەرەڕای ئەمەش گەورەترین زیان بە فیکری فەلسەفی و فیکری رەخنەیی دەگەیەنێت»[37].

مارکیوز رەتی میتۆدی پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ دەکاتەوە و چونکە لاقرتێ بە «چەمکەکان» دەکات و سوک سەیریان

دەکات، کە دەتوانێت دەرکی واقیع و کەشفی «ستراکچەرە چەوساندنەوەییەکە» بکات... و دەبێت بیرۆکەی نەرێنی دیالیکتیکی بخرێتەڕوو، بۆئەوەی بکرێت گۆڕانی کۆمەڵایەتی رووبدات. شێواز و میتۆدی پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ، کە پشت بە شیکارکردنی زمان دەبەستێت وا لە زمان دەکات واز لەوە بێنێت کە رەخنەگرانە بێت.[38]

ئەو تەنگوچەڵەمەیەش کە (شیکارکردنی زمان تێی دەکەوێت): ئەوەیە یان دەبێت ئەزمونگەرییەکی تەواوبێت، هیچ شتێک قەبوڵ نەکات، جگە مەسەلە شیکاریەکانی زمان، کە لە ئەزموونەوە سەرچاوەدەگرێت، لەم حاڵەتەدا ناتوانێت پشت بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ورد ببەستێت، کە بنچینەی ئەزموونە، یان ئاماژە و بەڵگەی خوێندنەوەیی قەبووڵبکات، لەو کاتەشدا ئەوا بنەمایەکی ناشیکاریی قەبووڵکردووە کە ناکرێت لە ئەزمونەوە پوختەبکرێت، بەمەش پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ وەهای لێدێت کە دەستبەرداری ئەو ئەزمونگەرییە بووە کە خۆی پێ ناوناوە[39].

مارکیۆز پێیوایە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی ئەزمونگەری فەلسەفەیەکی «پۆزەتیڤە» و رەگەزی «نێگەتیڤ» ڕەتدەکاتەوە، کە دەبێتە هۆی گۆڕان، لەبەرئەوە فەلسەفەیەکە هەوڵی ئەوە دەدات کە گۆڕانێکی شۆڕشگێڕی لە سیستمی کۆمەڵگەدا روونەدات، بەڕای ئەوان پێویستە شوێنپێی جیهانی سروشتی هەڵبگرین، کە هیچ شتێک لە دیاردەکانی سروشت ناگۆڕێت، بەڵکو بە تۆمارکردنی ئەوەی هەیە وازدەهێنێت، هەروەها خستنەڕوی شێوازی دیاردەکان و کارەکەی و هەوڵی دۆزینەوەی یاسایەک، بۆئەوەی لە رێگەیەوە بتوانێت رەفتاری ئەم دیاردانە لە ئایندەدا راڤەبکات[40].

ئۆگست کۆنت: «لە ناخیەوە بەرگریکاربوو لە سیستمی باڵادەست و جێگیر، و دوژمنی هەر ئاراستەیەک بوو کە بیەوێت گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕی بکات بەسەریدا... لەراستیشدا شتێک نییە مایەی سەرسامی بێت لەوەی کە نەزعەی زانستی ورد و نەزعەی پارێزگار، لە یەک چوارچێوەدا کۆببنەوە. ئەوەش لەبەرئەوەی هەر ئاراستەیەکی شۆڕشگێڕی رەسەن

هەوڵی جۆرێک لە دەرچوون دەدات لە پێوەرە وردەکان و لە رێساکان و لە پایەندبوونی ورد بە دیفاکتۆوە»[41].

بەڕای مارکیوز لە رابردوودا دەگمەنە فەلسەفەیەک بدۆزینەوە وەک فەلسەفەی (کۆنت) کە بە پێداگری و راشکاوانەوە داوای پاراستنی سیستمی باڵادەست و پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە هەبووەکان بکات لە دژی هەر هێرشێکی شۆڕشگێڕی، کە ئامانجی گۆڕان بێت.

بەم شێوەیە پۆزەتیڤیزم خۆی سەرقاڵکرد بەوەی شێوازی ورد و دیسپلین بە مرۆڤ بناسێنێت، کە هاوشێوەی شێوازەکانی لێکۆڵینەوەی زانستە سروشتییەکانە... ئەمەش ئامانجێکە لە روکەشیدا وا دیارە باش بێت لەپێناو دەربازکردنی زانستە مرۆڤییەکان لە بێسەروبەرییەکەی[42].

مارکیوز دەڵێت «زاراوەی پۆزەتیڤیزم، لەو کاتەوە کە بۆ یەکەم جار قوتابخانەی (سان سیمۆن)[43] بەکاریهێنا ئاماژە بۆ ئەمانە دەکات: ئاراستەی فیکر بەرەو زانستە فیزیاییەکان بەوپێیەی کە نمونەیەکە بۆ دڵنیایی و دروستی

وردیی... لێرەوە پۆزەتیڤیزم لەگەڵ هەموو میتافیزیکێک و هەموو مەزهەبێکی باڵادا دژ دەوەستێتەوە، بەوپێیەی جۆرێکی دواکەوتوو و کۆنەخوازە لە ریتم و شێوازەکانی فیکر»[44].

فەلسەفە ئەوە نییە وەک ئەوەی «ڤیتگنشتاین» لێی تێگەیشتووە بەوەی تەنها پرۆژەیەکە (واز لە هەموو شتێک دێنێت وەک ئەوەی کە هەیە)، لەکاتێکدا ئەرکی مێژوویی فەلسەفە ئەوەیە، کە واقیعەکان بتەقێنێتەوە، بەڵکو وێرانیان بکات، ئەمەش بریتیە لە ئامانجی فەلسەفە، کە ئەویش گۆڕانە[45].

«ڕێبازی پۆزەتیڤیزمی نوێ، کە رەهەندی جۆری فەلسەفەی فەرامۆشکرد، یان هەڵوەشاندەوە، خۆی دیتەوە کە ناچارە کار لە جیهانێکی ئەکادیمیدا بکات و بەشێوەیەکی خۆکردانە خۆی هەژارخست و کۆمەڵە گرفتێکی وەهمی دروستکرد، لەبری ئەوەی گرفتە واقیعیەکان چارەسەربکات»[46].

فەلسەفە بەدرێژایی چاخەکان، شتێک بووە مەزنتر لەوەی تەنها (روونییەکی زمانەوانیی) بێت -بەپێی ڕای مارکیوز- فەلسەفە

بەبەردەوامی کۆششێک بووە مرۆڤ کردویەتی، لەپێناو ناسینی خۆی و جیهانەکەیدا.. و ڕێگە خۆشکردن بۆ گۆڕانێک، کە شایستە بووە بگۆڕێت لە دیاردەکانی دەوروبەری، لەپێناو بەدیهاتنی ئەم ئامانجەدا فەلسەفە دوودڵ نەبووە لەوەی رۆبچێتە ناو بوارە ئاڵۆزەکانەوە، لەپێناو گوزارشتکردن لێیان و بەکارهێنانی گوزارشتگەلێک کە هەموو مەرجەکانی روونی جێبەجێ نابن بەسەریدا، وەک وا دەردەکەوێت کە بەتاڵ بێت لە مانا.

### بنەمای ساغکردنەوە یان سەلماندن و میتافیزیکا

بنەمای ساغکردنەوە (verification) یان سەلماندن[47] لەلای پۆزەتیڤیزمی لۆژیک ئامرازێکە بۆ حوکمدان بەسەر مەسەلەکاندا، یان راستتر ئامڕازێکە بۆ کەشفکردنی دەستەواژە میتافیزیکییەکان و دەرکردنیان لە جیهانی فیکر، ئەمەش بە گرنگترین بنەماکانی دادەنرێت. ئەم بنەمایەش پشت بە تاقیکردنەوەی گریمانەکان یان تیۆرەکان دەبەستێت لەرێگەی ئەزمونەوە.

شلیک یەکەم کەسێک بوو ئەم بنەمایەی دارِشت لە چوارچێوەی «بازنەی ڤیەننا»دا[48]. ئەو پێیوایە ئەوە کارامەییە بڕیار لە راستیی یان درۆیی مەسەلەکان دەدات. «لۆدڤیگ ڤیتگنشتاین»یش پشتیوانی لە بنەمای ساغکردنەوە (سەلماندن) کرد. بە رای ئەو مەسەلەکە مانایەکی نابێت، تەنها کاتێک نەبێت کە لە رێگەی ئەزمونکردنییەوە ئەگەری جێبەجێبوونی بسەلمێنرێت.

راستی مەسەلەکان و درۆییان -لای شلیک- بەوە بڕیاری لێدەدرێت کە بخرێتە بەردەم کارامەیی راستەوخۆوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە جیهانی دەرەکی راستی ئەوە دەسەلمێنێت کە مەسەلەکە دەیڵێت یان نا.

وەک باسمانکرد پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ مەسەلە فەلسەفییەکان بە مەسەلەگەلێکی (میتافیزیکی) دادەنێن، نا زانستی، بەڵکو رەتی هەر تێڕامانێکی فەلسەفی دەکاتەوە لەسەر ئەو بنچینەیەی کە مانای نییە. دەبینین ئەم بنەمایە، هەروەها لە هەمان ئەو گرفتەدا کە لە دژی وەستانەوە بەسەریدا جێبەجێدەبێت، چونکە «بنەمای ساغکردنەوە، یان سەلماندن»

ئەویش بۆ خۆی بنەمایەکی فەلسەفیە. ئەوان ڕەتی فەلسەفە دەکەنەوە، چونکە ملکەچ نابێت بۆ کارامەیی یان ئەزموون. بێرتراند ڕاسل[49]: «هەڵوێستی پۆزەتیڤیستی ڕووبەڕووی ئاستەنگێکی دەکاتەوە، ئەویش ڕەتکردنەوەی هەموو تێڕامانێکی فەلسەفییە بەوپێیەی پوچ و بەتاڵە. سەرچاوەی ئەم ئاستەنگەش ئەوەیە، کە خودی تیۆری شیاوێتی سەلماندن، تیۆرێکی فەلسەفییە»[50].

**بنەمای ساغکردنەوە (سەلماندن) و زانستە پێوەرییەکان:**

لەبواری بنەمای ساغکردنەوە یان سەلماندندا پۆزەتیڤیزمە لۆژیکییەکان پێیانوایە مەسەلەکانی بیرکاری و لۆژیک هێمایین، ئەوان قەبووڵدەکەن و زانستە ئەزمونیی و لێوردبوونەوەییەکانیش ڕەزامەندن لەسەری، بەڵام ئایا بەهای زانستە پێوەرییەکان چیە وەک ئەخلاق و ئیستاتیکا؟

پۆزەتیڤیستە لۆژیکیەکان پێیانوایە ناکرێت پۆلێنی زانستە پێوەرییەکان بکرێت بەوەی زانستێکی وێنەیی یان هێمایین، هەروەها وەک

زانستە سروشتیەکانیش نییە –فیزیا و کیمیا– هەروەها ناکرێت بەڕاست یان درۆ وەسفبکرێن. ئەوان لەراستیدا تەنانەت «زانستی دەروونناسی تێڕامانی و هەموو دەستەواژەکانی فەلسەفەی کلاسیکی و مەسەلەکانی ڕەتدەکەنەوە، ئەوانە جۆرێکن لەو مەسەلانەی کە مەحاڵە (لێکۆڵینەوە) لە راستی و درۆییان بکرێت، واتە دەستەواژەگەلێکی بەتاڵن لە مانا، پاشانیش تاکە زمانێکی زاراوەیی کە ناوەڕۆک و مانای هەبێت بریتییە لە زمانی فیزیا»(51).

بەمشێوەیە ئەحکامە ئەخلاقی و ئیستاتیکییەکان، هیچ نین جگە لە حەز و هەستەکان، پاشانیش ئەمانە ئەحکامگەلێکن پەیوەست دەبن بە بیرۆکەکانەوە و ڕێژەیین.

دەکرێت نەرێنییەکان لە هەڵوێستی پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ لە بەرامبەر زانستە پێوەرییەکان لەمانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

1. پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ لە روانگەیەکی کۆمەڵایەتیەوە چارەسەری مەسەلە ئەخلاقییەکان ناکات، بەڵکو بە شیکارکردنی لۆژیکی، کە لەسەر زمان بەرپایە کاردەکات.
2. زانستی ئەخلاقناسی –بەگشتی–

بڕیاردەدات کە چی پێویستە ببێت، نەک ئەوەی کە هەیە، ئەو بەتاڵە لە ئاماژەی مەعریفی، یان ئەزمونیی.

3. هەردوو زانستی ئەخلاق و ئیستاتیکا دوو پێوەرن پەیوەندییان نییە بە واقیعەوە و زانستیش نین، لەبەرئەوە ملکەچ نابن بۆ بنەمای ساغکردنەوە (سەلماندن).

بەڕای پۆزەتیڤیستەکان ئێمە ناتوانین، بەڵکو ئەو ئامرازانەمان نییە، کە وامانلێدەکەن تێڕوانینی ئەم کەسە یان ئەوە بسەلمێنین، ئایا راستە یان نا. ئەو بیرۆکەیەک دەخاتەڕوو و پشتی پێدەبەستێت، ئەوی تر بیرۆکەیەکی تر دەخاتەڕوو و پشتی پێدەبەستێت، ئەمەش لای هەردووکیان مەسەلەی بڕوابوونە نەک زانست، لەکۆتاییشدا مەسەلەیەکی فەردییە[52].

پۆزەتیڤیزمی لۆژیکیش متمانە بە نمونەی ئەم جۆرە راوبۆچوونە فەردییانە ناکات، بەڵکو ڕاستیی لای ئەو پشت بە سەلماندن، یان دڵنیابوونەوە دەبەستێت لەوەی مەسەلە خراوەڕووەکان، یان دەبێت پێکهاتەیی بێت یان شیکاریی، مەسەلەکانی جوانیناسی و ئەخلاق، نە لە ئەمەن و نە لە ئەوەش، بۆیە قسەیەکی بێ مانایە.

**کۆتایی**

1.سەرەڕای ئەوەی پۆزەتیڤیزم بە هەموو شێوەکانییەوە هەڵوێستێکی رەتکەرەوەی گرتووە لە میتافیزیک و هەموو مەسەلە فەلسەفیەکانی وا داناوە کە گوتەگەلێکی بێمانان و پێویستە لە بیری مرۆیی دەربکرێن، بەڵام خۆی بۆتە بەشێک لە فەلسەفە، ئەوەش لە رێگەی رەخنەلێگرتن و چوونە ناو بابەتەکانییەوە، لەبەرئەوەی کە «بنەمای سەلماندن» یان ساغکردنەوەی داهێناوە، ئەوەش بنەمایەکی فەلسەفییە و ملکەچە بۆ شیکاری لۆژیکی.

2.پۆزەتیڤیزم رەتی هەموو شتێک دەکاتەوە، کە نەبینراو بێت، راستەوخۆ بە قسەیەکی بێ مانای دادەنێت نەک زاست. لە زانستدا کۆمەڵێک گریمانە هەیە پێیاندەوترێت «گریمانە میتافیزیکیەکان»، وەک گریمانەی ئەتۆم و ...هتد. ئەوە گریمانەیەکی نائەزموونیی راستەوخۆیە، بەڵام دەرئەنجامگەلێکی زانستی دەبەخشێت، سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵە بونەوەرێکی نەبینراون و ناکرێت ببینرێن. هەڵوێستی پۆزەتیڤیزمیش لەم گریمانانە نەرێنییە و لە

شکۆی زانست کەمدەکاتەوە، لەکاتێکدا بانگەشە بۆ زانستیبوونی ئەزمونگەریی دەکات.

3.پۆزەتیڤیزمی فەلسەفی وەزیفەی شیکاری لۆژیکی دەبەخشێتە زمان: فەلسەفە بە سروشتی خۆی خۆڕسک و رسکاوە لە مرۆڤدا، هەر لەو کاتەی مرۆڤ دەرکی بە جیهانی دەرەکی کردووە، هەتا ئەو کاتەی لەسەر دەستی یۆنانەکان فۆرمەلەبوو و سیستماتیزە و رێکخرا، فەلسەفەش بەم مانایە (رەخنەییە) ئامرازێکە بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ یان راڤەکردنی جیهانەکەی و کۆمەڵگەکەی. لەکاتێکدا پۆزەتیڤیزم ویستی بیکاتە زانستێک وەک زانستی سروشتی کە لێکۆڵینەوەی دیاردەکان بکات لە دوورەوە بێ ئەوەی کاری تێبکات یان بیگۆڕێت. فەلسەفەش ئامرازێکی رەخنەگرانەیە و ئامانجی تێگەیشتن و گۆڕینی رەوشی خراپی مرۆڤە.

سەرەڕای هەڵوێستی نەرێنی پۆزەتیڤیزم لە فەلسەفە، بەڵام سودی بە فەلسەفە گەیاندووە و لە کۆمەڵێک شێواندن لە گوتەکان و زاراوەکاندا دەربازیکردووە، بۆیە پۆزەتیڤیزم لەم لایەنەوە هەڵوێستی ئەرێنی هەبووە، لەرێگەی

جەختکردنی پۆزەتیڤیزم لە شیکارکردنی زمان سودی بە فەلسەفە گەیاندوە، وای لێکردوە خۆی لە زۆرێک لە ئالۆزییەکان لابدات، بەڵام ئەرکی فەلسەفە لە شیکارکردنی زماندا کورتنابێتەوە؟

**پوختەی باسەکە**

بیرۆکەی باسەکە گەڕانە دەربارەی هەڵوێستی پۆزەتیڤیزم لە فەلسەفە بەگشتی و میتافیزیک بەتایبەتی. دوو هەڵوێستیش بەرامبەر فەلسەفە هەیە (لایەنی نەرێنی)، کە ڕای پۆزەتیڤیزمی تەقلیدی و هاوچەرخە، یەکەمیان پێیوایە زانستە سروشتیەکان دەتوانێت چارەسەری ئەو گرفتانە بکات کە دێنەپێش مرۆڤ بێ پێویستبوون بە فەلسەفە، دووەمیش پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخە کە پێیوایە فەلسەفە »قسەیەکی بێ مانایە« بۆ ئەمەش پشت بە شیکاری لۆژیکی دەبەستێت بۆ زمان بە پشتبەستن بە بنەمای سەلماندن (ساغکردنەوە)، بەڵام (لایەنی ئەرێنی) لەبەرامبەر فەلسەفەدا، ئەوا پێیوایە فەلسەفە وەزیفەیەکی هەیە ئەویش (عەقڵاندنی واقیعە)، چونکە ئامانجی کەشفکردنی ستراکچەری چەوساندنەوەیی

کۆمەڵگەیە و فەلسەفەش ئامرازێکە بۆ گۆڕان و رزگاربوون لە هەموو جۆرەکانی ستەم ئەگەر ئەبستراکتیش بێت.

بیرۆکەی پۆزەتیڤیزمی کلاسیکیشمان لە بەرامبەر میتافیزیکادا خستەڕوو، کە بەگشتی مەبەست لێی فەلسەفەیە و ئەو لەسەر بنچینەیەکەی مێژوویی فەلسەفەی پوچەڵکردۆتەوە: لاهوت، فەلسەفە، پاشان زانست. زانستیش وەک (کۆتایی مێژوو) دەمێنێتەوە -ئەگەر گوزارشتەکە دروستبێت- زانست دەتوانێت وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە. خاوەنی ئەم بیرۆکەیەش (ئۆگست کۆنت)ە.

بەڵام پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ لە رەتکردنەوەیدا بۆ میتافیزیکا پشت بە شیکاری زمانەوانی دەبەستێت (بنەمانی سەلماند) و، لای ئەو هەر دەستەواژەیەک شیکاری (بیرکاری) و (ئەزموونیی) نەبێت ئەوا مەسەلەگەلێکن «مانایان نییە».

هەروەها رەخنەی مارکیوزمان سەبارەت بە پۆزەتیڤیزم رونکردەوە، بەشێوە جیاوازەکانی

کە ڕەوشی هەنوکەیی قەبووڵدەکات وەک ئەوەی هەیە. ئەو لە دژی فەلسەفە دەوەستێتەوە، فەلسەفەش بەسروشتی خۆی سروشتییە و واقیعی خراپ ڕەتدەکاتەوە و پێویستە لەسەر فەلسەفە لاسایی زانست و یاساکانی نەکاتەوە. ئەو خاوەن ئاراستەیەکی شۆڕشگێڕیە، فەلسەفەش شتێکی مەزنترە لەوەی تەنها (ڕوونکردنەوەیەکی زمانەوانی)بێت، ئەو خۆی دەهاوێتە ناو بوارە ئاڵۆزەکانی ژیانی مرۆڤەوە و کەشفکردنی لەپێناو گۆڕینی لە بەرژەوەندی مرۆڤ.

**پەراوێز و سەرچاوەکان**

1.الوضعية المعاصرة : تسمى أيضا الوضعية المحدثة ، أو الوضعية التجريبية، أو الوضعية المنطقية

. ٢. أوجست آونت : ( ١٨٥٨ -١٧٩٨ ) ، عالم إجتماع فرنسي ، مؤسس الفلسفة الوضعية . ويعده الاروبيون مؤسس علم الاجتماع الغربي . مؤلفه الأساس : «دروس في الفلسفة الوضعية»..

٣. الموسوعة الفلسفية العربية : رئيس التحرير ، معن زيادة ، م٢ ، ط١ ، معهد الانماء العربي ، بيروت ، ١٩٨٨ ، ص ١٥٥٦ . ٤

4. توفيق الطويل : أسس الفلسفة ، ط٤ ، دار النهضة العربية ، القاهرة ، ١٩٦٤ ، ص٢٧٤.

٥. دايفد هيوم : ( ١٧٧٦ -١٧١١ ) ، فيلسوف إنجليزى ، يدعو إلى التجريبية. أهم مؤلفاته : رسالة في الطبيعة البشرية.

٦. توفيق الطويل : أسس الفلسفة، ص٢٧٩ .

٧. أرنست ماخ : (١٩١٦ -١٨٣٨) ، فيلسوف وعالم طبيعة نمساوى ، من مؤسسي (مذهب نقد التجريبية) أهم مؤلفاته : تحليل الاحاسيس والمعرفة والخطأ

. ٨. الموسوعة الفلسفية العربية ، معن زيادة ، م٢ ،ط ٢،ص١٥٥٣.

٩. المرجع نفسه ، ص ١٥٥٤.

١٠. برتراند رسل : حكمة الغرب – الفلسفة الحديثة والمعاصرة ، ترجمة فؤاد زآريا، المجلس الوطني للثقافة والفنون، الكويت ،

جـ ٢ ،سنة٢٠٠٩ ، ص٢٥٧.

١١. المرجع نفسه ، ص ٢٥٨ .

١٢. لودفج ڤيتكنشتاين: ( ١٩٥١ – ١٨٨٩ ) ، مفكر وعالم منطق نمساوي . آان له تأثيرا آبيرا على الفلسفة الوضعية المنطقية . أهم مؤلفاته «رسالة منطقية فلسفية»، «وأبحاث فلسفية. «

١٣. موريس شليك : ( ١٩٣٦ – ١٨٨٢ ) ، فيلسوف وعالم طبيعة نمساوي ، مؤسس الوضعية المنطقية من خلال ( حلقة فينا ) . أهم مؤلفاته: « النظرية العامة في المعرفة « ،»والوضعية والواقعية ، وقضايا الاطيقا .

١٤. القضايا التحليلية والترآيبية : وهي القضايا الحقيقية عند ا لوضعية المنطقية . فالقضايا التحليلية هي قضايا أولية ( قبلية ) سابقة على التجربة، آقولنا : الكل أآبر من الجزء ، الشيء هو هو وليس شيئا آخر . هذه القضايا تسمى بالبديهيات ، لذلك لا يمكن نقضها .. فالرياضيات ٢ =١+١ هي قضية تحليلية صادقة وتحصيل حاصل، وأنها يقينيية صادقة .. فقضايا الرياضيات يقينيية ، على الرغم من أنها لا تنبىء مجلة آلية الاداب / العدد ٩٧ د. حنان علي عواضة ٤٩١ بجديد. اما القضايا الترآيبية , فهي قضايا العلوم الطبيعية والتي تنبيء بجديد, بمعنى أن هذه القضايا تحتمل الصدق والكذب ، ويعتمد صدقها على مدى تطابقها مع الواقع الخارجي التجريبي . وقضاياها ( بعدية ) يتم الحصول عليها بعد التجربة . وغير هذين النوعين من القضايا يعد في رأيهم آلام لا معنى له.

١٥. عاطف أحمد : نقد العقل الوضعي ( دراسة في الأزمة المنهجية لفكر زآي نجيب محمود ) ، دار الطليعة ، ط١ ، بيروت ، لبنان ، ١٩٨٠ ، ص٤٧.

١٦. بوخنسكي : تاريخ الفلسفة المعاصرة في أوروبا ، ترجمة محمد عبد الكريم الوافي ، مؤسسة الفرجاني ، طرابلس ، ليبيا ، ص١١٢.

١٧. آارل بوبر : ( ١٩٩٤ – ١٩٠٢ ) ، فيلسوف ومنطقي . ولد في النمسا ، من أصل بريطاني .اهتم بالداروينيية والرياضيات . أهم مؤلفاته «منطق البحث العلمي» ، « وعقم المذهب التاريخي.»

١٨. آارل بوبر : بحثا عن عالم أفضل ، محاضرات ومقالات ثلاثين عاما»، ترجمة أحمد مستجير ، الهيئة المصرية العامة ، ص ٢١٧.

١٩. ثيودور أويزرمان : تطور الفكر الفلسفي ، ترجمة سمير آرم ، ط٣، دار الطليعة ، بيروت ، ١٩٧٤ ، ص ١٢٤ .

٢٠. ألفريد آير : ( ١٩١٠ ) ، عالم منطق إنجليزي . ومن فلاسفة الوضعية المنطقية . أهم مؤلفاته: « اللغة والحقيقة والمنطق. «

٢١. عزمي إسلام : لودفج ڤيتكنشتاين( نوابغ الفكر الغربي ١٩ ) ، دار المعارف بمصر ، القاهرة ، دون تاريخ ، ص ٣٥١.

٢٢. لودفج ڤيتكنشتاين: رسالة منطقية فلسفية ، ترجمة عزمي إسلام ، مكتبة الإنجلو المصرية ، ١٩٦٨ ، ص ١٦٣.

٢٣. فيصل غازي مجهول : تحليل اللغة ( في رسالة ڤيتكنشتاينالمنطقية الفلسفية ) ، دار الكتب العلمية ، ط١ ، بيروت

، لبنان ، ٢٠٠٩ ، ص٥١.

٢٤. لودفج ڤيتگنشتاين: تحقيقات فلسفية ، ترجمة عبد الرزاق بنور ، مرآز دراسات الوحدة العربية ، ط١ ، بيروت ، لبنان ، ٢٠٠٧ ،ص١١٥.

٢٥. عزمي إسلام : لودفج ڤيتگنشتاين، ص٣٢٢.

. ٢٦. لودفج ڤيتگنشتاين: تحقيقات فلسفية ، ص١٢٧.

٢٧. محمود فهمي زيدان : في فلسفة اللغة ، دار النهضة العربية ، بيروت ، لبنان ، . ٥٦ص ، ١٩٨٥ ٢٨. عزمي إسلام : لودفج ڤيتگنشتاين: ص ٣٢٢.

٢٩. عاطف أحمد : نقد العقل الوضعي ، ص٧٤. مجلة آلية الاداب / العدد ٩٧ د. حنان علي عواضة ٤٩٢

٣٠. رودلف آارناب : ( ١٨٩١ – ١٩٧٠ ) ، فيلسوف ومنطقي نمساوي ، وضعي منطقي . أهم مؤلفاته : السنتاطيقا المنطقية للغاية ، ودراسات في السيمانطيقا

. ٣١. بوخنسكي : تاريخ الفلسفة المعاصرة في أوروبا ، ص ١١٣ -١١٢

. ٣٢. رودلف آارناب : الأسس الفلسفية للفيزياء ، ترجمة السيد نفادي ، ط١ ، دار التنوير للطباعة والنشر ، بيروت ، لبنان ، ١٩٩٣ ، ص٢٦

. ٣٣. المصدر نفسه والصفحة

. ٣٤. بوخنسكي :تاريخ الفلسفة المعاصرة في أوروبا ، ص ١١٣

. ٣٥. زآي نجيب محمود : نحو فلسفة علمية ، مكتبة الانجلو مصرية ، ط٢، القاهرة، . ٨ ص ،١٩٨٠ ٣٦. هربرت مارآيوز: ( ١٨٩٨ – ١٩٧٩ ) ، عالم اجتماع وفيلسوف ألماني الاصل، أمريكي الجنسية . اشتهر في فلسفته النقدية .أهم مؤلفاته : «العقل والثورة»، « الإنسان ذو

البعد الواحد

« . ٣٧. هربرت مارآيوز : الإنسان ذو البعد الواحد ، ترجمة جورج طرابيشي، دار الآداب ، بيروت ، ط ١٩٨٨، ٣ ، ص١٩٩

. ٣٨. المصدر نفسه : ص ٢٠٥

٣٩. هانز رايشنباخ : نشأة الفلسفة العلمية ، ترجمة فؤاد زآريا ، وزارة الثقافة ، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، ص٨٧.

٤٠. فؤاد زآريا : هربرت مارآيوز ، دار الفكر المعاصر ، القاهرة ، ١٩٧٨، . ٣٢ –٣١ص

٤١ المرجع نفسه : ص ٣٣– ٣٢.

. ٤٢. المرجع نفسه، ص٣١ .

٤٣. سان سيمون ، هنري آلود دي : ( ١٨١٢ – ١٧٦٠ ) ، مفكر فرنسي طوباوي . أبرز مؤلفاته : « رسائل من جنيف إلى المعاصرين ، « وموجز علم الإنسان .

٤٤. هربرت مارآيوز : الإنسان ذو البعد الواحد ، ص ١٩٧ .

٤٥. المصدر نفسه ، ص ٢٠٦ .

٤٦. المصدر نفسه ، ص٢٠٧ .

٤٧. مبدأ التحقق : verification ، من الطرق التي بواسطتها يتم اختبار صحة النظريات أو الفرضيات عن طريق التأآد منها بالرجوع إلى التجربة في الواقع ، أي إمكانيية التحقق أو التأآد من ما هو مطروح من نظريات . ويعني مبدأ التحقق أن الاحكام العلمية لا يكون لها معنى إلا إذا آانت تنتج من معطيات حسية أو تجارب في العالم الخارجي الحسي . وعلى عكس ذلك فأن « آارل بوبر « جاء بمبدأ « التكذيب « fasciations أو الدحض في مقابل « التحقق « أو « التأآد « ، من أجل إثبات صحة مجلة آلية الاداب / العدد ٩٧ د. حنان علي عواضة ٤٩٣ الفرضيات والنظريات . وذلك عن طريق « تكذيبها « أو دحضها بالمعطيات التجريبية . فالمعرفة العلمية عند

بوبر لا تضم إلا الفرضيات أو النظريات التي تعتمد لامتحان التكذيب أو الدحض.

٤٨. حلقة فينا : Vienna circle ، نشأت في فينا عاصمة ( النمسا )عام ١٩٢٨، ومن أبرزأعلامها : موريس شليك ، ورودلف آرناب ، وهانز رايخنباخ وغيرهم . وآانت تهدف إلى : ١- وضع أساس متين للعلم . ٢- إثبات أن المسائل الميتافيزيقية ليست ذات معنى ( لا هي صادقة ولا هي آاذبة).٣- تحقيق الوضوح وإزالة اللبس والغموض عن ألفاظ اللغة.

٤٩. برتراند رسل : ( ١٩٧٠ – ١٨٧٣ ) ، فيلسوف إنجليزي . يرى ضرورة أعطاء الفلسفة صبغة علمية صرفة ، إذ على الفلسفة أن تستقي معاييرها وأحكامها من علوم الطبيعة ، وان تكف عن أخذها من الدين أو الاخلاق .

٥٠. برتراند رسل : حكمة الغرب – الفلسفة الحديثة والمعاصرة ،ترجمة فؤاد زآريا، عالم المعرفة ،٣٦٥ ، وزارة الثقافة ، الكويت ،٢٠٠٩ص ٢٥٩ .

٥١. بوخنسكي : تاريخ الفلسفة المعاصرة في أوروبا ، ص١١٢. ٥٢. الموسوعة الفلسفة : معن زيادة ، م ٢ ، ط١ ، ص ١٥٦٧ .

# تێڕوانینی جادویی بۆ زمان

رۆدۆلف کارناب

لەعەرەبییەوە: محەمەد چیا

هەستێکی بەهێزم هەیە، یەکێک لە هۆکارەکان کە وایکردوە هەندێک لە فەیلەسوفەکان دژی دانپێدانان بن بەوەی زانست پشت بە زمانی بڕیی دەبەستێت، ئەوەیە کە پەیوەندیی سایکۆلۆژیمان بە وشەکانی زمانەوە پێش زانستی بوون -ئەو وشانەی کە پێشتر کاتێک منداڵ بووین فێریان بووین- تەواو جیاوازە لە پەیوەندیی سیکۆلۆژیمان بەو ژمارە ئاڵۆزانەوە، کە دواجار هاتۆتە ناو زمانی فیزیاوە -ئاسانیشە دەرک بەوە بکەین، کە چۆن دەکرێت مناڵان لە چەند وشەیەکی دیایکراودا ئەو بڕوایەیان بۆ دروستبێت، کە ئەوانە هەڵگری گۆکراوەین و، ئەو چۆنایەتیانەی کە ئاماژەیان پێدەکات. ئارەزوی ئەوەش ناکەم، کە بێویژدان بم لەبەرامبەر کۆمەڵێک فەیلەسوفی دیاریکراودا، بەڵام گومانی ئەوەم هەیە کە ئەو فەیلەسوفانە دەکەونە ناو هەمان ئەو هەڵانەوە کە هەمیشە مناڵان سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە پەرچەکردارەکانیانەوە لەبەرامبەر وشەکان و هێما زانستیەکاندا، تێیدەکەون.

لەو کتێبە بەناوبانگەشدا کە هەریەک لە ئێس. کەی. ئۆگدن C.K.OGDEN و ئای. ئەی ریچارد

I.A. Richards نوسیویانە بەناونیشانی The Meaning of Meaning «نمونەگەلێکی نایاب دەبینینەوە، هەندێکیشان تەواو نایابن، کە هەردوو نوسەر ناویان لێناوە «جادوی وشە». بەشێوەیەک هەندێک کەس تێڕوانینێکی جادوییان هەیە بۆ زمان، ئەویش ئەو تێڕوانینەیە کە پێیوایە جۆرێک لە پەیوەندی -سروشتی و پەنهان- هەیە لەنێوان کۆمەڵە وشەیەکی دیاریکراو (بەدڵنیایشەوە ئەو وشانەن کە تەنها ئاشناو باو دەبن) و ماناکانیاندا. لەڕاستیشدا تەنها رێککەوتی مێژوویی، لە رەوتی پەرەسەندنی رۆشنبیریەکانماندا وایکردوە لە وشەی «شین» مانای رەنگێکی دیاریکراو بگەیەنێت. لە زمانی ئەڵمانیدا ئەم رەنگە بە «blua» گۆدەکرێت، لە زمانەکانی تریشدا کۆمەڵە دەنگێکی تر دەبینینەوە، کە پەیوەستن پێیەوە. سروشتیشە بەنسبەت ئەو منداڵانەشەوە، کە لە زمانە ئەسڵیەکەیاندا لەسەر رەنگی «شین» راهاتوون، پێیان وابێت ئەوە وشەیەکی سروشتییە، لەکاتێکدا وشەکانی تر بۆی تەواو بەهەڵە دادەنرێت یان بەدڵنیاییەوە نامۆیە، بەڵام کاتێک زیاتر پێدەگەن،

وایان لێدێت زیاتر میانڕەوبن و دەڵێن: «ڕەنگە کەسانی تر وشەی «blau» بەکاردەهێنن، بەڵام بەکاریدەهێنن بۆ مانای شتێک، کە بەڕاستی شینە»، بەڵام سەبارەت بە منداڵی بچووک، ئەوا ماڵ ماڵە، گوڵ گوڵە، جگە لەمە شتێکی تر نییە.

دوای ئەوەش خەڵک فێری ئەوە دەبن کە خەڵکی بیانی لە فەرەنسا بە ماڵ دەڵێن a maison، ئەگەریش پرسیارکرا لەبارەی هۆکاری ئەوەی وایکردوە بڵێن maison لەبری ماڵ، ئەوا پێیدەوترێت ئەو نەریتەیە کە وای لێکردون لە فەرەنسا بە ماڵ بڵێن maison، فەرەنسیەکان بۆ ماوەی سەدان ساڵ ئەمەیان دوبارەکردۆتەوە و بەکاریانهێناوە، پێویستیش ناکات لەسەر ئەوە سەرکۆنە بکرێن، یان وابزانرێت ئەوانە گەمژەن. مناڵیش دواجار ئەم پاساوە قبوڵدەکات و پێیوایە کە بەڕاستی خەڵکانی بیانی دابێکی سەیریان هەیە، کەواتە با وشەی maison بەکاربهێنن، بۆئەوەی لەو شتانەی بنێن کە لەڕاستیدا ماڵن. وادیارە زەحمەتیش بێت بەنسبەت زۆرێک لە خەڵکانی پێگەیشتوەوە، هەروەک چۆن بەنسبەت منداڵانەوە، لەم ئاراستە لێبوردەییە دەربازبن و بەرچاوڕوونی

بەدەستبێنن بەوەی کە هیچ پەیوەندییەکی بنچینەیی نییە لەنێوان وشەکە و ئەو مانایەدا کە دەیگەیەنێت. بەدڵنیایشەوە هەرگیز هاواری ئەوە ناکەن، کە وشەکە لە زمانی ئینگلیزیدا راست و دروستەکەیە، وشەکان لە زمانەکانی تردا هەڵەن، بەڵام ئەو تێڕوانینە جادوییە کە لە منداڵیەوە پەیوەست بووە پێیانەوە، بە شاراوەیی لە بیرکردنەوەو زۆرجاریش لە تێبینییەکانیاندا دەمێنێتەوە.

ئۆگدن و ریچاردز ئەو نمونە ئینگلیزیە دەهێننەوە کە دەڵێت: «The Divine led is rightly so cal» خوایی ئەوەیە کە بەڕاستی لەبارەیەوە دەوترێت». ئەمەش بەروونی مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە خوایی خواییە بەشێوەیەکی راستەقینە، بۆیە ناونانی بە خوایی تەواو راست و دروستە. سەرەڕای ئەوەش رەنگە کەسێک هەستی ئەوەی بۆ دورست بکەیت لەبارەی شتێکەوە بڵێت کە ئەوە راستە، لەکاتێکدا نمونەکە هیچ شتێکی نەوتوە لەبارەی کامە راستی و حەقیقەتەوە، رونیشە کە پوچ و بەتاڵە، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە خەڵک بەهەڵچوونێکی بەهێزەوە دووبارەی دەکاتەوە و پێیانوایە بەڕاستی لەبارەی

جۆرێک لە بەرچاوڕوونی تیژدەکات لە سروشتی خوایی.

نمونەیەکی تریش هەیە، کە زیاتر ئاڵۆزە و پەیوەندی هەیە بە تێڕوانینی جادوییەوە بۆ زمان، ئەمەش لە کتێبی کۆرت ریزلر Kurt Riezler دا دەیبینینەوە »فیزیا و واقیع«: وانەکانی ئەرستۆ لە فیزیای نوێدا لە کۆنگرەی جیهانی بۆ زانست، ئۆلمپیاد 679 لە کامبردج ساڵی 1940ی زایینی. تێیدا نوسەر خەیاڵی ئەوە دەکات، ئەرستۆ گەڕابێتەوە بۆ ئەم سەردەمەی ئێستامان و تێڕوانینی خۆی دەخاتەڕوو، کە تێڕوانینی ریزلەریشە، من بڕواموایە تەنها تێڕوانینی ریزلەرە بۆ زانستی نوێ.

ئەرستۆ دەستدەکات بە ستایشی زۆری زانستی نوێ، ئەو بەتەواوی سەرسامە بە دەستکەوتە مەزنەکانی. دوای ئەوە دەڵێت سەرەڕای ئەو سەرسامبوونە زۆرە پێی، بەڵام هەروەها هەندێک تێبینی بچووکی لەسەری هەیە. ئەم تێبینیانەشە کە بۆتە جێگەی بایەخی ئێمە. لەلاپەڕە 70ی کتێبەکەی ربزلەردا، ئەرستۆ بە فیزیاییە کۆبووەوەکان دەڵێت:

»ئەگەر ئەمڕۆ سارد بێت بەنسبەت کەسێکی ڕەشپێستەوە، و گەرم بێت بەنسبەت کەسێکی ئەسکیمۆوە، ئەوا تۆ ناتوانیت ناکۆکی نێوانیان یەکلایی بکەیتەوە، مەگەر ئەوەی لەسەر تەرمۆمەترەکەی خۆت 50 پلەی سەدیت خوێندوەتەوە».

ئەوەی ریزلەر لێرەدا دەیەوێت بیڵێت ئەوەیە ئێمە لە زمانی ژیانی ڕۆژانەی چۆنییەتیدا، لەسەر وشەکانی وەک »سارد» و »گەرم» هاوڕانین، ئەگەر یەکێکی ئەسکیمۆ لە گرینلاند گەیشتە ئەو پەڵەیە، کە پلەی گەرمای 50 لەسەرە، ئەوا دەڵێت: »ئەم ڕۆژە گەرمە»، بەڵام کەسێکی ڕەش پێست کە لە ئەفریقا دەگاتە هەمان ئەو پەڵەیە، ئەوا دەڵێت: «ڕۆژێکی ساردە». ئەم دوو پیاوەش لەسەر مانای «گەرم» و »سارد» ڕێکنەکەوتوون. ریزلەر خەیاڵی کەسێکی فیزیایی دەکات، کە پێیاندەڵێت: «با واز لەم دوو وشەیە بهێنین، لەبری ئەمە باس لە پلەی گەرما دەکەین، هەمووومان هاوڕاین کە پلەی گەرمای ئەمڕۆ 50 پلەیە، لەم کاتەدا دەکرێت ئەم دوانە بگەنە ڕێکەوتنێک».

**لێوەرگرتنەکە بەردەوام دەبێت:**

«گومانی تێدا نییە تۆ شانازی بەوەوە دەکەیت، کە حەقیقەتێکی بابەتیت دۆزیوەتەوە، ئەوەش بە رزگاربوون لە...».

من پرسیار لە خوێنەر خۆی دەکەم، بۆخۆی مەزندەی بکات سەبارەت بەو بڕوایەی ریزلەر کە پێیوایە فیزیاییەکان رزگاریان بووە لێی. دەبێت ئێمە پێشبینی بەردەوامی دەستەواژەکە بکەین، بەم شێوەیە: »...بە رزگاربوون لە هەردوو وشەی «گەرم» و »سارد». «چونکە فیزیاییەکان رزگاریان نابێت لێی، مەگەر بەتەنها بەمەبەستی بەکارهێنانی زمانی بڕی لە فیزیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی ژیانی رۆژانەی چۆنییەتی خواستراو دەبێت، چونکە لەراستیدا پێویستە، هەتا بەنسبەت ئەو کەسە فیزیاییەوە کە بەکاریدەهێنێت، بۆئەوەی وەسفی ئەوە بکات کە دەیبینێت، بەڵام ریزلەر بەردەوام نابێت لە وتنی ئەوەی پێشبینیدەکەین، بەڵکو لە دەستەواژەکەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: »...بە رزگاربوون لە هەردوو رەشپێست و ئەسکیمۆکە».

کاتێکیش بۆ یەکەمجار دەستەواژەکەم خوێندەوە، پێموابوو مەبەستی لەمە ئەوەیە

کە پێویستە لەسەر کەسی فیزیایی خۆی ڕزگاربکات لەو شێوازەی کە ڕەشپێست و ئەسکیمۆکە قسەی پێدەکەن، بەڵام مەسەلەکە بەمشێوەیە نەبوو، بەڵکو مەبەستی ریزلەر لەمە قووڵتربوو. ئەو مەبەستی ئەوەیە کە زانستی نوێ -لەتێڕوانینی ئەودا- بەتەواوەی لە مرۆڤ رزگاری بووە، و هەموو لایەنە زۆر گرنگەکانی تەواو لەبیرکردووە و فەرامۆشیکردون کە پەیوەستن بە مەعریفەی مرۆییەوە، بە مرۆڤ خۆیەوە. دەبینین دەنوسێت:

«گومانی تێدا نییە تۆ شانازی بەوەوە دەکەیت کە حەقیقەتی بابەتیت دۆزیوەتەوە، ئەوەش بە رزگاربوون لە هەریەک لە ڕەشپێست و ئەسکیمۆکە، من دان بە گرنگی ئەوەدا دەنێم، کە بەدەستتهێناوە، هەروەها دان بەوەدا دەنێم کە تۆ نەدەتوانی ئامێرە سەرسامکەرەکانت دابمەزرێنیت بەبێ رزگاربوون لە هەریەک لە رەش پێست و ئەسکیمۆکە نەبێت، بەڵام ئەی چی لەبارەی واقیع و حەقیقەتەوە؟ تۆ هاوشێوەیی دەکەیت لەنێوان حەقیقەت و یەقیندا، بەڵام ئەوەی کە روونە حەقیقەت پەیوەستە بە بوونەوە، یان

بڵێ «بە واقیعەوە». ڕەنگە حەقیقەت پلەیەکی باڵاتری هەبێت لە یەقین، وەک حەقیقەت لە بیرکاریدا، بەڵام پەیوەندی بە واقیعەوە زۆر نزمە. ئەی چی لەبارەی پلەی 50ی گەرمییەکەتەوە؟ لەبەرئەوەی ڕاستگۆیە بەنسبەت هەریەک لە ڕەشپێست و ئەسکیمۆکەوە، ناوی دەنێیت حەقیقەتی بابەتی، بەڵام بەنسبەت منەوە ئەم حەقیقەتی بابەتییە وادیارە، تا ئەوپەڕی ڕادە لاوازبێت. ئەوە شتێک نییە، جگە لە پەیوەندی پێکەوەبەستنێک لەنێوان پلەی گەرما و کشانی جیوەکەتدا، ئەم حەقیقەتە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە ڕەشپێست، یان ئەسکیمۆوە. ئەوە پەیوەندی نییە بە هیچ شتێکەوە جگە لە تێبینیکارێکی نادیارەوە نەبێت». دواجار دەنوسێت: «دەبێت تۆ تەواو دەرک بەوە بکەیت کە گەرما و ساردی 50 نمرە پەیوەندی بە ڕەشپێست یان ئەسکیمۆکەوە هەیە».

تەواویش دڵنیانیم لەوەی مەبەستی چییە لەم قسەیە، ڕەنگە مەبەستی ئەوە بێت کە ئەگەر ڕەشپێست و ئەسکیمۆکە تێبگەیشتنایە پلەی 50 مانای چی دەگەیەنێت، ئەوا پێویست بوو بە

هەردوو زاراوەی «گەرم» و »سارد» بۆیان ڕاڤەبکرایە.

هەروەها دەڵێت ئەو سستمەی ملکەچ دەبێت بۆ تێبینیکردن، پێویست بەوە دەکات زلبکرێت بۆئەوەی ئەو ڕوداوە فیزیاییانە لەخۆبگرێت کە بەسەر هەریەک لە ڕەشپێست و ئەسکیمۆکەدا دێن.

ئەم قسەیەش لە وەڵامدانەوەی فیزیاییەکە لەسەر ئەم تۆمەتە ڕووندەبێتەوە: ئایا هەستکردنەکان بە گەرما و سەرما، کە هەریەک لە ڕەشپێست و ئەسکیمۆکە هەستیپێدەکەن فەرامۆشبکەین؟«وا دیارە ڕیزلەر پێیوایە کە فیزیاییەکە بە شتێکی هاوشێوەی ئەمە وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە: «نەخێر ئێمە هەستکردنەکان فەرامۆشناکەین، بەڵام هەروەها ڕەشپێست و ئەسکیمۆکە وەک دوو بونەوەری ئەندامی وەفدەکەین کە ئێمە شییاندەکەینەوە بەوپێیەی دوو سیستمی فیزیایی فیسۆلۆژی و فیزیایین. ئەوە دەدۆزینەوە کە لەناوەوەیاندا ڕوودەدات، بەمشێوەیەش دەتوانین ڕاڤەی ئەوە بکەین بۆچی ئەزمونی هەستەکان جیاواز

دەبن بە شێوەیەک وامانلێدەکەن هەمان ڕۆژ بە «گەرم» و «سارد» وەسفبکەین». لاپەڕەکە بەردەوام دەبێت:

«لەبەرئەوەی تۆ ڕووبەڕووی دوو سیستم دەبیتەوە، کە پلەبەندیی پلەی گەرما تێیاندا پێچەوانە دەبێت:

سارد لە سیستمێک و گەرم لە سیستمێکی تردا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سارد و گەرمە بەو شێوەیە نەماونەتەوە. ئەگەر تۆ ڕەشپێست و ئەسکیمۆکەت لە سیستمەکەدا بە ڕووداوی فیزیاوی، یان کیمیاوی ئاڵۆز شوبهاند، کە ئەوانە لە خودی خۆیاندا بونەوەرگەلێک نین، بەڵکو ئەوان وەک بەنسبەت تێبینیکەرێکی نادیاریشەوە پێکهاتەیەکن لە روداوەکان، دەکرێت پێناسەیان بکەیت بە پەیوەندیگەلێک لەنێوان بڕگەلێک، کە دەکرێت پێوانە بکرێن. من وا هەستناکەم ڕەشپێست و ئەسکیمۆکە لەو وەسفەدا، تا ڕادەیەک بە شێوەیەکی لاواز بنوێنن، چونکە تۆ بەرپرسیارێتی دەخەیتە سەر ئاڵۆزییە هەرە گەورەکان، کە دەچنە ناو نمونەی ئەم سیستمەوە». ریزلەر لێرەدا ئاماژە بۆ سیستمی مرۆیی دەکات، بۆ

ئەو ئەندامێتیە تەواوەتییەی کە ئەگەر هەوڵماندا بە شێوەیەکی فیزیایی شیبکەینەوە، ئەوا تووشی ئاستەنگێکی بێسنوور دەبینەوە.

بەردەوام دەبێت و دەڵێت: »نەخێر بەرێزان ئێوە هێماکان بەو شێوەیە ڕێکدەخەن کە دەتانەوێت، بەڵام لە وەسفکردنی سارد بەوەی کە ساردە و گەرم بەوەی گەرمە شکستدێنن«.

دواجار کە دواهەمین جار نییە، لێرەدا گومانێکی سادە لە جادوی وشەکاندا دەردەکەوێت! کەسی فیزیایی هێماگەلێکی دروستکراو ڕێکدەخات، کە لە دووتوێکانیدا هیچ حەقیقەتێک لەبارەی چۆنیەتییەکانەوە نییە، ئەوەش لە بەدبەختی بەهۆی ئەوەی کە کەسە فیزیاییەکە، ناتوانێت وەسفی سارد بکات بەوپێیەی ساردە، بەڵام ئەگەر هەستپێکردنی ڕاستەقینە بە ساردی بۆمان بگوازرێتەوە، ئەوا هەموومان هەڵدەلەرزین و خەیاڵی ڕاستەقینەی ساردی دەکەین، بەڵام ئەگەر وتی: «دوێنی کە شوهەوا گەرم بوو بەشێوەیەکی ترسناک»، ئەوا هەستکردنێکی ڕاستەقینەمان بە گەرمی پێدەبەخشێت. ئەمە ڕاڤەی منە بۆئەوەی کە ریزلەر دەیڵێت، بەڵام

ئەگەر خوێنەر ئارەزویکرد، راڤەکردنێکی باشتر پێشکەشبکات با بیکات.

لە بابەتێکی تردا لێدوانێکی گرنگی ئەرستۆ هەیە، وەک ئەوەی ریزلەر وێنایکردوە: «با بگەڕێینەوە بۆ ئەو خاڵەی کە گفتوگۆم لەبارەوە دەکرد. حەقیقەت بریتییە لە حەقیقەتی جەوهەر، تۆش ئەو جەوهەرانە ناناسیت کە لە پشت گەرمیپێوەکەوە هەیە و ئاماژە بۆ پلەی 50 دەکەن، بەڵام وێکچوو بۆ هەریەک لە رەشپێست و ئەسکیمۆکە دەزانیت».

مەبەستی ریزلەریش بۆ ئەوە «کە تۆ وێکچووی هەریەک لە رەشپێست و ئەسکیمۆکە دەزانیت»، ئەوەیە کە هەردووکیان ئینتیمایان بۆ هەمان رەگەزی مرۆیی هەیە، لەبەرئەوەی تۆش مرۆڤیت، ئەوا تۆ لەگەڵ ئەواندا هەمان هەستی هاوبەشتان هەیە.

«...پرسیاریان لێبکەن، پرسیار لە خۆتان بکەن، پرسیار لە ئازارەکان و خۆشییەکانتان بکەن، کاریگەر و کارتێکردنتان. ئەوکات مانای حەقیقەت دەزانن».

ئەو بڕوای وایە تەنها کاتێک دەتوانیت بە حەقیقەتی راستەقینە بگەیت کە قسە لەبارەری ئازارو خۆشیە زۆرەکانمانەوە دەکەین، لەبارەی

گەرمی و ساردییەوە. هەرکاتیش روومانکدرە هێماکانی فیزیا و پلەی گەرما، ئەوا حەقیقەت دەڕوات و نامێنێت. ئەمەش بۆچونی ریزلەرە. من تەواوی قەناعەتم بەوەیە کە حوکم و بۆچونی ئەرستۆیی نییە. ئەرستۆ یەکێک بوو لە مەزنترین پیاوەکان لە مێژووی فیکردا. سەبارەت بە زانستیش، خاوەن شوێن و پێگەیەکی بەرز بوو لە سەردەمی خۆیدا، بەڵکو ئەو بەخۆی تێبینی و تاقیکردنەوەی ئەمبریقی ئەنجامداوە. ئەگەریش ژیان رێگەی پێبدایە و بیتوانایە پەرەسەندنی زانست ببینێت لە سەردەمی خۆیەوە بۆ ئەم سەردەمە، ئەوا من دڵنیام زۆر پێداگر دەبوو لەسەر شێوازی زانستی لە بیرکردنەوە و قسەکردندا، بەڵکو یەکێک دەبوو لە پێشەنگی زانایانی ئەمڕۆ، پاشانیش من بڕواموایە کە ریزلەر زۆر زوڵم لە ئەرستۆ دەکات، بەهۆی ئەوەی ئەم ڕایانە دەداتە پاڵ ئەو.

رەنگە وەک پێموایە، ریزلەر مەبەستی لەمە ئەوەیە تەنها بڵێت کە نابێت زانست تەنها پشت بە چەمکە بڕییەکان ببەستێت و هەموو ئەو رووخسارانە فەرامۆشبکات، کە لە سروشتدا

دەردەکەون، کە ناکرێت بگۆڕێن بۆ داڕشتنێکی ورد لە ڕێگەی هێما بیرکارییەکانەوە. ئەگەریش ئەمە هەموو مەبەستەکەی ئەو بێت، ئەوا ئێمەش لەگەڵیدا هاوڕا دەبووین. بۆ نمونە لەبواری زانستی جوانیناسی و ئیستاتیکادا، هیچ گۆڕانێکی گەورە لە پەرەسەندنی چەمکە بڕییەکاندا روینەداوە، بەڵام هەمیشە زەحمەت دەبێت پێشوەخت بڕیار بدەین سەبارەت بە بێکەڵکی هێنانەناوەوەی پێوەری ژمارەیی لەم بوارەدا، بەڵکو پێویستە ئەم کارە بۆ ئەوانە جێبهێڵین کە پێیەوە سەرقاڵن، ئەگەریش بە شێوەیەکی بەسود ئامرازێکی باشتریان بۆ ئەو کارە دۆزییەوە، ئەوا دەیهێننە ناوەوە. ئەگەریش ئێمە زمانمان بەکارهێنا بۆ مەبەستی ئیستاتیکا –نەک وەک جێباسێکی زانستی لە زانستی ئیستاتیکادا، بەڵکو بۆ تەنها بۆ هێنانەناوەوەی چێژێکی ئیستاتیکی- ئەوا ئێمە بەدڵنیاییەوە جیاواز نابین لەبارەی نەشیاوێتی زمانی بڕییەوە. هەروەک چۆن ئەگەر ئێمە ویستمان گوزارشت لە هەستنەکانمان

بکەین لەبەرامبەر هاوڕێیەک لە نامەیەک یان هۆنراوەیەکدا، ئەوا سروشتییە بۆ ئەوە ئێمە زمانێکی چۆنییەتی بەکاربهێنین، چونکە پێویستمان بە کۆمەڵە وشەیەکی باو دەبێت بۆئەوەی بتوانێت ژمارەیەک لە مانا و ئەندێشە و خەیاڵ ئامادەبکاتەوە.

راستیشە ئێمە زۆرجار جیهانێک دەبینینەوە، تێیدا چەند لایەنێکی گرنگ فەرامۆشدەکات، هەتا لەو دیاردانەی کە لەبارەیانەوە دەنوسێت. زۆرجاریش ئەوە روودەدات، بەهۆی مەسەلەی دابەشکردنی کارەوە لەنێوان زانایاندا. بەشێوەیەک ئەوەی پسپۆڕە لە زانستی زیندەوەرزانیدا بەشێوەیەکی تەواوەتی کارەکانی لە تاقیگەدا ئەنجامدەدات. دەبینین لەژێر مایکرۆسکۆبدا خانەکان دەپشکنێت و شیکارە کیمیاییەکانی ئەنجامدەدات، بەڵام بەنسبەت جیهانێکی ترەوە لە زیندەوەرزانیدا، ئەوا دەبینین دێتە دەرەوە بۆ سروشت، تێبینیدەکات کە چۆن روەکەکان گەشەدەکەن و لەژێر کام مەرجدا باڵندەکان هێلانەکانیان بەمشێوەیە دروستدەکەن، کەواتە هەریەک لەو دوو پیاوە

بایەخپێدانی خۆیان هەیە، بەڵام ئەو مەعریفەیەی کە بە ئامرازە جیاوازەکانیان هەوڵی دۆزینەوەی دەدەن، بەشێک لەهەموو لەزانست. نابێت وا گریمانە بکەین، ئەوی تر ئەو کارەی دەیکات هیچ سودێکی نییە. ئەگەریش مەبەستی ریزلەر تەنها ئاگادارکردنەوەمانە لەوەی کە پێویستە لەسەر زانست وریا بێت لەوەی شتگەلێکی دیاریکراو هەیە فەرامۆشنەکرێت، ئەوا لێرەدا ئێمە هاوڕا دەبین لەگەڵیدا، بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەوەیە کە بڵێت- وەک دیارە- زمانی بڕیی زانست، ئەوا بەکردار چۆنییەتیگەلێکی دیاریکراو فەرامۆشدەکات، ئەوا من پێموایە لەمەدا بەتەواوی هەڵەیە.

با رەخنەیەک لێرە بخەمەڕوو کە لەلایەن ئارنست ناجل لە کتێبەکەی ریزلەر گیراوە دەڵێت: »تیۆرەکانی فیزیا ئەلتەرناتیڤ نین بۆ خۆر و ئەستێرەکان، هەروەک چۆن ئەلتەرناتیڤ نییە بۆ چالاکیی فرەلایەنی شتە مادییە دیاریکراوەکان، بەڵام بۆچی بەتەنها لەبەر وتارێک پێشبینی دڵگەرمییەکی توند لەهەر کەسێکەوە دەکرێت؟«.

وەک دەبینن، ناجل بەشێوازێکی توندتر رەخنە لە ریزلەر دەگرێت، هەتا لەوەش کە من ویستم بیکەم، لەوانەشە لەسەر حەق بێت، بەڵام من تەواو لەوە دڵنیانیم، بەڵام ناجل باشتر لە ریزلەر تێدەگات بەوپێیەی رەخنەگری زمانی فیزیایەو، بەوپێیەی کە داوای گواستنەوەی بڕەکانی رەنگەکان دەکات، کە وێنەیەکی رەنگاورەنگ بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەخۆی دەگرێت، یان گواستنەوەی ئەو زانیاریەی کە باس لە بۆنەکان دەکات لەرێگەی پرژاندنی بۆنەوە، واتە بەشێوەیەک بتوانێت بۆنەکان بگوازرێتەوەو هستی پێبکرێت، نەک تەنها بەناو هێنانیان. رەنگیشە ریزلەر- وەک ناجل لێی تێدەگات- مەبەستی ئەوە بێت، پێویستە زمان بەم مانا بەهێزە چۆنییەتیەکان بگوازێتەوە، واتە ئامادەباشیان بکات. وا دیارە مەبەستی ئەوەیە کە وشەی «سارد» لەناوئاخنیدا بەشێوەیەک لەشێوەکان چۆنییەتی کرداری « بۆ ساردی» هەڵگرتووە. ئەم جۆرەش لەتێڕوانین بەدڵنیاییەوە بەنمونەیەک دادەنرێت لەسەر تێڕوانینی جادویی زمان.

**سەرچاوە:**

- رودولف كارناب،الاسس الفلسفيه للفيزياو، ت:د. السيد نفادی، القاهره،2003

# پێشەکیەك لەبارەی کتێبەکەی (رۆدۆلف کارناب):

## «ستراکچەری  لۆژیکی بۆ جیهان و مەسەلە ساختەکان لە فەلسەفەدا»

یوسف تیبس
لەعەرەبییەوە: محەمەد چیا

*«هەموو بەرنامەی ئەزمونگەری بۆ گێڕانەوەی زمانی تیۆری زانستەکان بۆ زمانی تێبینیکردن، شکستخواردو بوو، بەڵام شکستێکی گرنگ بوو»[1].*

**1- تیۆری بونیاد**

رۆدلف کارناب[2] بیرۆکەکەی لە پێشەکی چاپی دووەمی کتێبیستراکچەردا چڕدەکاتەوە و دەڵێت «ئەزمونگەریی تەقلیدی لەڕاستیدا جەخت لە بەشداریکردنی هەستەکان دەکاتەوە، بەڵام درک بە گرنگی و بایەخ و تایبەتمەندی شێوازە لۆژیکی و بیرکاریەکان ناکات، بەڵام عەقڵگەرایی بەئاگا و هۆشیار بوو لەبارەی ئەم گرنگییەوە، بەڵام پێیوابوو کە عەقڵ ناتوانێت تەنها ئەم شێوانە دەستەبەربکات، بەڵکو بەشێوەیەکی خۆبەخۆ دەتوانێت ئەم ناوەڕۆکە بەرهەمبهێنێت، بەڵام من بە کاریگەری گوتلیب فریجە، کە لە زانکۆی یەنا (Jene) لەسەر دەستی ئەو خوێندومە و وەک لۆژیکیەکی بێ هاوتا دانییپێدانەنرا، تەنها دوای مردنی نەبێت، لە میانەی لێکۆڵینەوەشمدا بۆ کارەکانی برتراند راسڵ، گەیشتمە بایەخی

بنچینەیی بیرکاری لە پێکهێنانی پێودانگی مەعریفە لەلایەک و تایبەتمەندییە وێنەیی و لۆژیکییە پەتییەکەی لەلایەکی ترەوە. ئەم دیدەش بنچینەیەک پێکدەهێنێت بۆ کتێبەکەم. کە ئەو دیدە دواتر و لە ڕێگەی مشتومڕەکانەوە لەگەڵ مۆریتز شلیک لە بازنەی ڤیەننا و لەژێر کاریگەری بیرۆکەکانی لۆدفیگ ڤیتگنشتایندا پەرەیسەند، بۆ ریتمی ئەو بیرکردنەوەیە، کە بە «بازنەی ڤیەننا» ناونرا. زۆرجار ئەم ئاراستەیە ناودەنرێت «ئەزمونگەریی لۆژیکی»[3] یان (پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی) بۆ نیشانەدان بە هەردوو پێکهاتەکە پێکەوە». مەبەستی کارناب لە گوتەی کتێبەکەم کتێبی «ستراکچەری لۆژیکی بۆ جیهان»ە، کە لە دوو مەسەلەدا پوختدەبێتەوە: یەکەم بریتیە لە پاساودانی مەعریفەی زانستی لە ڕێگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی عەقڵانییەوە، دووەمیش بریتییە لە دابڕکردنی، یان دورخستنەوەی بیۆی میتافیزیکی لە بواری مەعریفەی ڕاست و دروست. کارناب بۆ ئەم مەبەستە هیچ ئامراز و میتۆد و مەعریفەیەکی فەراهەمبووی سەردەمەکەی هەڵنەگرتووە، بەتایبەتی لۆژیکی و بیرکاری

و فیزیایی و دەروونی. ئەمەش دەخوازێت خوێنەری کتێبەکە، خۆی بە کۆمەڵێک چەمکی مەعریفی تەیارکردبێت، وێڕای ئەو سادەیی و رونیی و پێناساندنە بەرابییەی کە وا کارناب لە سەرەتای نمایشکردنی هەر بیرۆکەیەکی نوێدا بەکاریدەهێنێت. ئەگەریش کۆکردنەوەمان کرد لەنێوان دوو مەسەلەدا دەکرێت تا ڕادەیەکی دوور بەراورد بکەین لەنێوان کارەکەی کانت لە «رەخنەی عەقڵی پەتی» و کارەکەی کارناب لە «ئالاوفباو». مەبەستی یەکەم لە رەخنەی کانت لە عەقڵی بریتییە لە توێکردنی وەزیفەکانی بۆ زانینی هۆکارەکانی هەڵەکان، یان دژیەکیەکان کە تێیدەکەوێت، کاتێک کە دەچێتە بواری غەیبیاتەوە، پاشانیش پرسیارە جەوهەریەکەی ئەو بوو: چۆن میتافیزیک دەبێتە زانستێکی مومکین؟ بەڵام مەبەستی یەکەم لە کتێبی (ئالاوفباو) بریتییە لە شیکاری پرۆسەی مەعریفە بۆ دیاریکردنی بنەما دروستکەی لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتا، کە خەریکە هاوشێوەی ئەنجامدانی هەڵپەساردنی حوکم لە میتۆدی دیاردەگەرایی، ئەم سەرەتایەش شتێک نییە، جگە لەلێکچوون.

سەرەرای ئەوەش کە بەدیاردەکەوێت لە ئەبستراکت و فراوانکردن لە هەندەکییەکان و وردەکاریی و هەندێکجاریش پەنابردن بۆ هێماکاری بیرکاری، چونکە شێوازی دانانی کتێبەکە پەیڕەوی میتۆدێکی بیرکاری دەکات و پشت بە پێناسەکان و سەلماندنەکان و نمونەکان و دەرئەنجامەکان دەبەستێت، بەڵکو کتێبەکەی خۆی شتێک نییە، جگە لە نمونەیەکی کورتکراوەی تیۆری ستراکچەر لەنێوان نمونەکانی تردا، کە شیاوی پراکتیزەکردنن، ئەوا ئەم مەسەلەیە لەخۆگرتنی ئاسان دەبێت، کاتێک سەیری پوختەکراوەکان دەکەین، کەوا کارناب لە کۆتایی هەر بەشێک، یان دەروازەیەکدا بە شێوەیەکی روون و ئاسان دەیخاتەڕوو.

رۆدۆلۆف کارناب، لەمەدا وەک پۆزەتیڤیزمە لۆژیکییەکان و فەیلەسوفە شیکاریەکان پێیوایە کە شیکاری لۆژیکی بۆ زمان تاکە رێگایەکە بۆ کەشفکردنی مەسەلە فەلسەفیەکان و پاشانیش چارەسەرکردنیان، بەو مانایەی کە مەسەلە فەلسەفیەکان و زانست لە مانای دەستەواژەکاندا حەشاردراوە. بەو پێیەش کە زمانی سروشتی

ئاڵۆزی و ناڕوونی تێدایە، پێویست دەکات پەنا ببرێت بۆ زمانی لۆژیکی و بیرکاری. لێرەشەوە دەکرێت تێزەکە یان پرۆژەکەی کارناب پوخت بکرێتەوە لە یەکەم: جیاکردنەوەی زانست و نازانست لەرێگەی پێوەری سەلماندن، یان ساغکردنەوەی مانا، یان نیشانەوە بۆ تێپەڕاندنی میتافیزیکا، دووەمیش پاساودانی دروستی مەعریفەی زانستی بەتایبەتی و مرۆیی بەگشتی، پاشانیش دامەزراندنی یەکێتیی زانست لەرێگەی یەکێتی زمانەوە. کارناب هەوڵیدا ئەم پڕۆژەیە جێبەجێبکات، پاشانیش سەلماندنی دروستی وێنای نەزعەی پۆزەتیڤیزم لە کتێبی ستراکچەری لۆژیکی بۆ جیهان[4]. ئەمە لەکاتێکدا ئەم قۆناغە کە گوزارشتە لە قۆناغی پێگەیشتن لە وێنا و فەلسەفەی کارنابدا، بەدڵنیاییەوە قۆناغی دامەزراندن پێشیکەوتووە کە دواتر دەیخەینەڕوو:

### أ- ئەزمونگەریی کارناب پێش ئالاوفباو

ئەوپەڕی ئامانجی ئەزمونگەی لۆژیکی بریتییە لە دانانی «وێنایەکی زانستی بۆ زانست» بە پشتبەستن بە میتۆدێکی فەلسەفی کە لاسایی زانست بکاتەوە، ئەرکی رونکردنەوە بێت، بەڵکو

سیفەتەکانی ئەوی هەبێت، ئەو شتەی کە لێیەوە مەعریفیەکی دڵنیایی بەرهەمدێت و کۆمەڵێک لە رۆشنبیران پرۆژەی هاوبەش بونیاددەنێن و یەک زمان دروستدەکەن، بەمەبەستی تێگەیشتن لەبارەی بابەتە مەعریفییەکان بەشێوەیەک بەدوربێت لە هەڵە و کەوتنە ناو هەڵەوە، وەک لە مەسەلە میتافیزیکیەکاندا هەیە. لەم روانگەیەوە تیۆری ستراکچەری کارناب، یان با بڵێین تیۆری سەرلەنوێ بونیادنانەوە، نمایشی میتۆدێکی ئەزمونگەری دەکات بۆ پاساودانی مەعریفە. بەدەستەواژەیەکی وردتر، کتێبی بونیاد، یان ستراکچەری کارناب خستنەڕوی چۆنییەتی بونیادنانی مەعریفەی مرۆییە، کە سەرچاوەکەی بنچینەیەکی یەقینی و دڵنیایی و بەرهەستی بێت، لە هەمان کاتیشدا دیاریکردنی بونیادی مەعریفە لە رێگەی دیاریکردنی رەگەزەکانییەوە و پەیوەستبوونەکانی و پرۆسە رێوشوێنییەکان کە پێی ئەنجامدەدرێت. پەیوەندیش لەنێوان بونیاد و بونیاگەریدا، پەیوەندییە لەنێوان دوو گۆشەنیگادا بۆ سیستمی مەعریفە، ئیدی بەوپێیەی بونیادێکی تێر و تەواوە یان بەوپێیەی بەردەوامییەکی

دینامیکی دوو ئاراستەیە: لە بنچینەوە بۆ ئاستە باڵاکان و لەویێشەوە بۆ بنچینە.

دەکرێت پرۆژەکەی کارناب لە ئیپستمۆلۆژیای ئەرنست ماخ (بونیادگەری)دا بەرهەستبکەین، کە مەبەستی شیکارکردنی رەخنەییە بۆ دروستکردن و پەرەپێدانی چەمکە زانستیەکان، ماخ سەرقاڵبوو بە مەسەلەی دروستیی تیۆرە زانستیەکانەوە و هەستا بە شیکارکردنی چەمکگەلێکی زانستی لە شێوەی پێوانەکردن و تێبینیکردن و یاسای زانستی و شرۆڤەکردن[5]، گەیشتە ئەوەی کە تیۆرە زانستییەکان بریتین لە کەڵەکەبوونێک لە تێبنییەکان و چەمکەکان، یان بابڵێین بریتییە لە گوزارشتکردن لە پەیوەندییەکانی بەراوردکردن و گونجان لەنێوان دەستەواژەکان، یان چەمکە زانستییەکان و تێبینیکردنی هەستییدا، بەمەش ماخ چەمکە میتافیزیکیەکانی دورخستەوە وەک چییەتی، و شتێک لەخۆیدا، و هۆکاریی (العلیە). چەمکی هۆکارییش بۆ نمونە، لە تێڕوانینی ماخەوە، لە رێگەی پەتییکردنی هەندێک تایبەتمەندیەکانی ئەزمونی دووبارەبۆوە سەریهەڵداوە، هەروەها

وێناکردنی بونەوەرگەلێک، یان ئەو پەیوەندیانی کە ئەوەی کە دیارو ئاشکرایە تێدەپەڕێنییەت[6].

هەروەک چۆن ئەرنست ماخ بڕوای بە ئەگەری گێڕانەوەی هەموو روداوێکی ئاوێتە هەیە، بۆ پێدراوێکی کۆتایی، کە ئەویش ئەو هەستەیە، کە هاوتا یان هاوڕێک دەبێت لەگەڵ دەستەواژە سادەکاندا. برتراند راسڵیش هەمان شت دەڵێت کە پێیوایە واقیع پێکهاتووە لە کۆمەڵە گەردێکی تایبەت کەوا گەردیلە بچوکترین پێکهاتەکانییەتی، ئەمە لەکاتێکدا گەردیلەکان لە دیدی راسڵدا بریتییە لە بچوکترین پێکهاتەکانی زمان، نەک واقیعی مادیی، ئەمەش ئەو وێناکردنەیە کە بووە هۆی بیرۆکەی وێکچواندن، یان هاوشێوەکردن لەنێوان بونیادی زمان و بونیادی واقیعدا، پاشانیش بیرۆکەی هاوڕێککردن و هاوشێوەییکردن لەنێوان زمان و جیهاندا، نەزعەی ئەتۆمیی راسڵ وا وێنای جیهان دەکات کە روداوگەلێکی گشتییە (سنوری گشتی) و پەیوەندیەکان و روداوی وجودیی (سنوری تاکییە) ...هتد[7].

ئەم بیرۆکەیە، تاڕادەیەک هاوشێوەی ئەو پڕۆژەیەی کارنابە کە لەلایەک کار لەسەر

داڕشتنەوەی هەموو وتەیەکی زانستی دەکات بەشێوەیەکی وێنەیی، لەلایەکی تریشەوە شیکارکردنی لۆژیکی بۆ زمان، گەیشتە ئەوەی کە نیشانە بریتییە لە پێوەری جیاکردنەوە لەنێوان زانست و میتافیزیکدا، چونکە گۆکراو نابێتە ببێتە نیشانەیەک، مەگەر ئەوەی بکرێت بگێڕدرێتەوە بۆ پێدراوگەلێکی ئەزمونیی، کە شیاوی تێبینیکردن بێت، ئەگەر نا پووچ و بەتاڵە[8] یان هەڵەیە، بەم پێیەش وەزیفەی فەلسەفە لە بونیادنانی تیۆرەکان و پێودانە ئەبستراکتەکاندا نەشاراوەتەوە، بەڵکو لە ڕەخنەگرتنی زمان و ڕونکردنەوەی چەمکەکانی فەلسەفە، کارناب گەیشتە دوو جۆر لە دەستەواژەی زانستی بەروانین بۆ دەلالەتەکانیان: یەکەم، دەستەواژە شیکارییە پێشینییەکان، کە ڕاستێتی لەسەر پەیوەندی شوناس دەوەستێت لەنێوان هەردوولاکەیدا، دووەمیش دەستەواژە پێکهاتەییە ڕەهەندیەکان، کە ڕاستێتی لەسەر واقیعی ئەزمونی وەستاوە، پاشانیش دەستەواژەکان نیشانە دەبن، تەنها کاتێک ئەگەر توانرا لە دەستەواژەکانی

تێبینیکردنەوە وەربگیرێن (دەستەواژە بنچینەییەکان) وەک (س سورە). بەپێی ئەم جیاکردنەوەیەش کارناب ئەوە دەخاتەڕوو، کە چۆن فەیلەسوفەکان سود لە کەموکوڕییەکانی زمانی سروشتی وەردەگرن، لەرێگە ئەو قسەیەوە کە بە مارتن هایدگەر دەڵێت بیگێڕەوە بۆ شێوازە لۆژیکییە بنچینەییەکەی بۆ ئەوەی خراپی پێکهاتنەکەی دەربکەوێت، هەڵەی هایدگەر بە تێڕوانینی کارناب لە بەکارهێنانی هەردوو گوتەی «نەبوون» و «هیچ»ـە وەک ناو بۆ چەند بابەتێکی دیاریکراو. کاتێک هایدگەر دەڵێت: «هیچ شتێک لە دەرەوەدا بوونی نییە» و بەدەستەواژەیەکی بونگەرایی پۆزەتیڤ شرۆڤەی دەکات: «نەبوون لە دەرەوەدا هەیە» دەکەوێتە هەڵەوە، لەوێوە گێڕانەوەی یان بەهێماکردنی دەستەواژە میتافیزیکیەکان بەشێوەیەکی لۆژیکی هەڵە لۆژیکیەکانی فەلسەفە دەخاتەڕوو، کە لە تێڕوانینی کارنابدا بەهۆی خراپ بەکارهێنانی کاری »کەینونە« وعن سوو استعمال فعل «کینونە» الملتبس فی وڤیفتە) لە وەزیفەکەیدا (10)، بەمەش کارناب

توانی میتافیزیک تێپەڕێنێت و دوریبخاتەوە[11].
لەوەی پێشەوە روندەبێتەوە کارناب سود لە پێدراوە لۆژیکیە هاوچەرخەکانی وەردەگرێت، بەتایبەتی ئەوەی لە کتێبی بنەماکانی بیرکاری برتراند (راسڵ) و (وایتهید)دا هاتووە، بەتایبەتی تیۆری شێوازەکان و وەسفە دیاریکراوەکان. لەسەرئەوەش لۆژیک دابەشدەکات بۆ پوخت، کە بایەخ بە مەسەلە وێنەییەکان دەکات و، پراکتیزەیی وەزیفەکەی « شیکارکردنی چەمکەکان و مەسەلەکانە لەهەموو لقە جیاوازەکانی زانست»(12) ئیدی مەسەلەکە پەیوەندی بە فیزیاوە هەبوو، یان دەروونناسی یان زانستە رۆشنبیریەکان، لەپێناو گەیشتن بە رەگەزە بەراییەکان کە شیاوی شیکارکردن نین، کە بریتین لە دەرککردنە هەستییە راستەوخۆکان، پاشانیش بەکردارێکی پێچەوانە هەموو چەمکە فیزیاییەکان بگێڕینەوە بۆ نمونە، بۆ چەمکە دەرونییەکانی تاکەکان، چونکە دەکرێت هەموو پرۆسەیەکی فیزیایی لەرووی بنەماوە لەرێگەی دەرککردنەکانەوە بزانرێت(13)، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت،

دروستی مەعریفەی زانستی لەسەر دەرککردنە هەستیەکانی و خودییەکانی تاکەکان دەوەستێت. لەم روانگەیەوە کارناب پێودانێکی بونیادیی دادەنێت (constructional System) کە بریییە لەدرەختێکی لێپەیداکردنی کە لەدەرککردنە هەستیەکانەوە، دەچێت بۆ چەمکە ئەبستراکتەکان بە پشتبەستن بە پرۆسەی داتاشین، کە پرۆسەی گێڕانەوە لەخۆدەگرێت. لەوێشەوە کە هەموو چەمکەکان دەگەڕێنەوە بۆ پێدراوێکی هەستیی، واتە دەرککردنەکان، ئەمەش مانای وایە زانستەکان لە بنچینەدا یەک زانستن.

**ب- ئالاوفباو: بونیادی جیهان**

**یانستراکچەری مەعریفە**(14)

کارناب ئامانجی کتێبی ئالاوفباو لە پێشەکیی چاپی دووەمی کتێبەکەدا بەمشێوەیە دیاریدەکات: «مەسەلە سەرەکییەکە پەیوەندی بە توانای سەرلەنوێ بونیادنانەوەیەکی عەقڵی بۆ چەمککەکانی هەموو بوارەکانی مەعریفەوە هەیە، بە پشتبەستن بەو چەمکانەی کە

پێدراوە ڕاستەوخۆکە دەگەیەنن. لێرەدا سەرلەنوێ بونیادنانەوەی عەقڵی، مانای گەڕان دەگەیەنێت بەدوای پێناسەی نوێدا بۆ چەمکە کۆنەکان. ئەمەی دواییش زۆرجار لە ڕێگەی داڕشتنێکی ویستییەوە دەرنەچووە، بەڵکو لە پەرەسەندنێکی خۆبەخۆیی و نائاگاییانەوە، کە ڕەنگە زیادبکات، یان کەم بکات. پێویستە پێناسە نوێیەکان لەڕووی ڕوونی و وردییەوە باڵاتربن لە کۆنەکان، لەسەرو ئەمەشەوە پێویستە لەگەڵ شێوازێکی پێودانی لە چەمکەکاندا بگونجێت».

کتێبی ستراکچەری لۆژیکی بۆ جیهان لەو هەوڵە کەمانەیە بۆ بونیادنانی پێودانێکی لۆژیکی هاوڕێک بۆ مەعریفەی مرۆیی[15]، لەکاتێکدا ئەمەی دوایی شتێک نییە جگە لە وێناگەلێک بۆ جیهان بەوپێیەی کە کۆمەڵێکە لە بابەت یان چەمکەکان. لەم بارەیەوە هێما بۆ ئەوە دەکەین کارناب جیاوازی ناکات لەنێوان «بابەت و چەمکدا» یان «شت»دا، ئەو هەمیشە نیشانە دەکات بۆ ئەوە کە لەبارەی بابەتەوە دەدوێت، بەمانا بەرفراوانەکەی، واتە، هەموو ئەوەی

لەبارەیەوە مەسەلەیەکە یان دەستەواژەیەک دادەڕێژرێت ئیدی ئەو پەیوەندی هەبێت بە شتەکانەوە یان تایبەتمەندیەکانەوە یان پەیوەندییە چەمکیەکانەوە یان پەیوەندیە (RELATION EXTENSION) یان وەسفەکان یان پڕۆسەکان، سەرەڕای ئەوەی کە واقیعییە یان غەیرە واقیعییە، ئەمەش پاڵمان پێوەدەنێت، بۆئەوەی بڵێین کە بابەت، لە دیدی کارنابدا خودی جیهانە هاوبەرامبەری هەموو چەمکێکە. ئەگەرچی گشتی بێت، یەک بابەت بایەتی ئەوە، هەروەک چۆن جیاوازییەکی لۆژیکی نییە لەنێوان نیشانەی بابەتێکی دیاریکراو نیشانە بە چەمکێک، یان بابەتێک بکات، یان مەسەلەیەک پێکبهێنێت، چونکە جیاوازییەکە لەئاستی دەرونیدا بوونی هەیە، یان با بڵێین لە وێناکردنە نمایشکردنییەکاندا. ئەم بەرامبەریەش لەنێوان چەمکەکان و بابەتەکاندا، لای کارناب لەسەر تێکەڵکردنی لەنێوان جۆرەکانی بونەوەرەکان. ئەوەش لەبەرئەوەی پێناسەکردن، یان بونیادنانی بابەت بەهەمان شێوازی بونیادنانی خاسیەتی، یان

پەیوەندی چەمکی نابێت، بەڵکو پێناسەکردنی بابەت، یان بەوەسفکردنی دیاریکراو دەبێت بەوپێیەی تاکە بابەتێکە، کە ئەو خاسیەتە بەدیدەهێنێت، واتە شێوازەکە، یان لەرێگەی خاسیەتێکی هەمەکی، یان بەکارهێنانی ئەنجامدانی گواستنەوە بۆ ئەنجامی پەیوەندی هاوبەرامبەری، لەکاتێکدا پێناسەی چەمک دەکرێت، یان پەیوەندیی چەمکیی، واتە ئەو شێوازەی کە خاوەن گۆڕاوێکی رەها یان زیاترە، لەرێگەی پێناسەیەکی راشکاوەوە واتە لەرێگەی هاوبەرامبەریی لۆژیکیەوە.

کارناب لە پێودانی ستراکچەری ئالاوفباودا هەوڵیداوە هەموو چەمکەکان، یان بابەتە مەعریفییەکان لە پەیوەندییەکی دوانەییەوە دابتاشێت، ئەمە لەکاتێکدا گەیشتن بەو بونیاد یان بنچینە یەکەمە، پێویستی بە پرۆسەیەکی شیکارکردنی لۆژیکی هەیە، واتە شیکارکردنی چەمکێکی بونیادی، یان ئەزمونیی بۆ واقیع، لێرەوە پێویستە جیاکاری بکرێت لەنێوان سنوری تێبینیکردن و سنوری تیۆریدا، پاشانیش جیاکاریکردن لەنێوان دەستەواژەکانی

تێبینیکردن و دەستەواژە تیۆرییەکاندا، بەم پێیەش دەستەواژەکانی تێبینیکردن، تەنها سنوری تێبینیکردن دەگرێتەوە لە شێوەی «میلی کاتژمێرەکە لەسەر پێنجە»، بەڵام دەستەواژە تیۆرییەکان، تەنها سنوری تیۆریی دەگرنەوە وەک «بارستەی ئەلەکترۆن خامۆشە»، رەنگە ئەوە رووبدات کە ئەم دوو جۆرە سنورە پێکەوە کۆبکرێنەوە. بەوەش زمانی تێبینیکردنە دەستەواژەکانی تێبینیکردن بەکاردەهێنێت، بەڵام زمانی تیۆری دەستەواژەکانی تیۆریی بەکاردەهێنێت، هەردوو زمانەکەش زمانی زانستی پێکدەهێنن.

بەم شێوەیەش قسەکردن لەسەر واقیع و پێکهاتەکان دەگۆڕێت بۆ قسەکردن لەسەر دەستەواژەکان لەبارەی واقیع، کە لە رووی رادەی ئەبستراکت و وردیی و رونییەوە جیاواز دەبن، دەکرێت دەرکی پەیوەندیش بکرێت لەنێوان ئەم دەستەواژانەدا لەرێگەی گێڕانەوەی چەمکەکان، یان گۆڕینی دەستەواژەکان کە پەیوەندییان هەیە بە چەمکەکە خۆیەوە -بابەتەکە-، بۆ نمونە وەک

ئەتۆم کە بە رادەیەکی ئەبستراکت دادەنرێت دەکرێت دەستەواژە تایبەتەکانی بگۆڕێن بۆ دەستەواژەگەلێک کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندییان بە پێدراوی هەستییەوە هەیە، واتە گەیشتن بە پێکهاتەکانی چەمکەکە. ئەم پەیوەندییە گێڕانەوەیی و گۆڕینیانە گریمانەی رێکخستنێک دەکەن لەنێوان ئاستێکی باڵا و ئاستێکی نزمدا، کە لە خوارەوە دەچێت بۆ سەرەوە (ئاستی دەرونیی خودیی)، بابەتگەلێک شیاوی شیکارکردن نییە، بۆ سەرەوە ئاستی فیزیایی و دەرونی و رۆشنبیری)، بابەتەکانی شیاوی شیکارکردنن، چونکە ئاوێتەن یان ئاڵۆزن.

بەگشتی ئەو رێسا گشتییەی کە دیاریکراوە بۆ چۆنییەتی گۆڕینی چەمکێک بۆ یەکێکی تر بە «رێسایستراکچەر» یان «پێناسەی ستراکچەری» ناودەبرێت، بەڵام پشتبەستنی کارناب بە چەمکی هاوتایی یان یەکسانی یان هاوتایی هەمەکی لەنێوان (الدوال القضویە) یارمەتیداوە لەسەر دانانی پێناسەیەکی ورد بۆ گواستنەوە........

تەسلیم بوونیش بە بوونی ئاستگەلێکی هاوپەیوەست دەخوازێت بگەینە ئاستێکی یەکەمی یان پێشوو، ئیدی لۆژیکی بێت، یان زەمەنی یان مەعریفی، لەرێگەی شیکارکردنەوە، بەشێوەیەک ئەم ئاستی یەکەمینە بنچینەی پێودان (نسق) پێکدەهێنێت. کە بریتییە لە بنچینە دەرونییە خودییەکە. ئەم بنچینەیەش کە کارناب هەڵیبژاردوە بۆ پێودانی بونیادیی «پێشینەیەکی مەعریفی» هەیە[20] لەسەر بنچینەگەلێکی تر دەکرێت پشتیان پێ ببەسترێت، ئەوەش جەخت لەم مەسەلەیە دەکاتەوە ئەوەیە کارناب بانگەشەی ئەوەی نەکردوە کە بنچینەی دەرونیی خودی کە بەکاریهێناوە لە پێودانەکەیدا بە باشتری دادەنێت لە بنەما مومکینەکانی تر لەرووی یەقین یان دڵنیاییەوە. ئەمەش نیشانەیەکە بۆئەوەی کتێبی ئالاوفباو هەڵگری «رزگارکردنی نەزعەی ئەزمونگەرییە» کە پەیوەستە بە «بنەمای لێبوردەییەوە».

هەموو ئاستە بونیادییەکان زانیاریەکانیان لە زانستە ئەزمونییەکانەوە وەردەگرن و ملکەچ دەبن بۆ پێداچوونەوە، بەمەش دەکرێت ئالاوفباو بە

هەوڵێک دابنرێت بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەیەکی عەقڵانی بۆ چەمکە زانستییەکان کە بنچینەیەکی دیاردەگەرییان هەیە، بەراوردکردنیش بۆ هەر پرۆسەیەکی لەسەرنوێ بونیادنانەوە، ئیدی بنچینەکەی هەر شتێک بێت، لێرەدا جیای دەکاتەوە لەنێوان تیۆری ستراکچەر و پێودانی ستراکچەردا.

مەبەست لە بونیادنانی تیۆری مەعریفە بەشێوەیەکی وێنەیی بریتیە لە خستنەڕووی شیاوێتی چەمکە مەعریفیەکان، پاشانیش بۆ تێگەیشتن و ئاگادارکردنەوە لەنێوان کەسە شارەزاکاندا. ئەم دوو خاسیەتەش: مەبەستم شیاوێتی بۆ بونیاد (تێگەیشتن) و شیاوێتی بۆ ئاگادارکردنەوە و سەرلەنوێ بونیادنانەوە ئەم دووانەن، کە مۆرکی بابەتی بۆ مەعریفەی چەمکیی پێکدەهێنن. بەدەستەواژەیەکی تر مۆرکی لۆژیکی، واتە بونیادی وێنەیی بۆ پەیوەندییەکان لەنێوان بابەتەکاندا گەرەنتی بابەتیەتی مەعریفە دەکات. بەم پێیەش پێویستە هەموو رەگەزێکی ئەزموونی مادیی لە پێودانی بونیادی دوربخرێتەوە. لێرەدا هەروەها ئەو

کاریگەرییە گەورەیەی وێناکردنی لۆژیکی راسڵ و وایتهید دەردەکەوێت، کە پشت بە تیۆری وەسفە دیاریکراوەکان و تیۆری چەشنەکان و تیۆری پەیوەندیەکان دەبەستێت، ئەوەش لەبەرئەوەی کارناب پەیڕەوی لە «وەسفی دیاریکراوی بونیادگەری پوخت» کردوە لە وەسفکردنیدا بۆ تایبەتمەندیی بونیادگەریی پەیوەندییەکان: دەبێت هەموو چەمکەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ پێناسە وێنەییە پوختەکان بەسەر تایبەتمەندییە بونیادگەریەکاندا دێت، لەنێوان چەمکەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ ناوەرۆکەکەی.

بەم شێوەیە میتۆدی کارناب پوخت دەبێتەوە لە ئاڵوگۆڕکردنی وەسفە دیاریکراوەکان بە ناوی بابەتەکان، ئیدی تاک بن یان گشتی، بەمەش نیشانە بونیادگەرییە پوختەکەیان روندەبێتەوە، هەروەها ئینتیمابوونی بۆ بواری بابەتێکی دیاریکراو، ئەمەی دواییش یەکێکە، لەرووی بنەماوە، بەنسبەت هەموو چەمکەکانەوە، ئەمەش دەخوازێت یەک بنچینە بۆ مەعریفەی مرۆیی هەبێت.

**سەرچاوە:**

- البناء المنطقي للعالم والمسائل الزائفه فى الفلسفه رودولف كارناب

پەراوێزەکان

1- pierre Jacob Lempirisme logique: Ses antecedents. Ses critiques.p.18. (2) ڕۆدۆلف کارناب (RUDOLF CARNAP) (1891-1970) یەکێکە لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی بازنەی ڤیەننا، پاشانیش لە تیۆرسیێنە بنچینەییەکانی ئەزمونگەری لۆژیکی، ئیدی لەبواری فەلسەفەی زانستدا بێت یان فەلسەفەی زمان یان لۆژیک. کارناب کاریگەر بوو بەو کەشە فەلسەفیە و بەتایبەتی زانستیە کە تێیدا ژیا، ئەو لەسەر دەستی بیرمەندەکان و لۆژیکیە گەورەکانی وەک گۆتلیب و گۆتە خوێندویەتی، هەروەک چۆن تیۆری ڕێژەیی ئینشتاینی لە زانکۆی بەرلین خوێندوە، کە لەوێ چاوی بە ئینیشتاین کەوتووە، هەروەها هانز رایشنباخی ناسیوە، کە ئەویش بە شلیکی ناساندوە، پاشان ئەڵقەی ڤیەننای ناسیوە کە بووە یەکێک لە پایەکانی لەگەڵ هانز هان و ئۆتو نوارس بەڵگەنامەی ڤیەننایان نوسیوە کە تێیدا بنەماکانی بازنەی ڤیەننا دەخەنەڕوو. هەروەک چۆن چاوی بە ئالفرێد تارسکی خاوەنی تیۆری نیشانە لە ڕاستگۆییدا، لەکاتێکدا

دیداری لەگەڵ بۆیلارد فان ئۆرمان کواین دا، کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەری ئیدی لەژیانی تایبەتیدا بێت کە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی بچێت بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (زانکۆی شیکاگۆ)، یان لەبواری مەعریفیدا کە .هەندێک لە بیرۆکەکان رێککردەوە

(3) ئەو ناوانەی کە لەم ئاراستە فەلسەفیە لە مەعریفەی زانستی نراون، فرەو جۆراوجۆر بوون، وەک پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی و، ئەزمونگەری پێودانیی و، ئەزمونگەری زانستی و، پۆزتیفیزمی لۆژیکی نوێ، ئەم گروپە لەسەر دەستی مۆریتیز شلیک دامەزراوە (1882–1936) کە زانایەکی فیزیایی و فەیلەسوفەو نازناوی زانای فەیلەسوفی ناوە لەخۆی. کاتێک کە زانکۆی ڤیەننا ساڵی 1895 بڕیاریدا کورسیەک دابین بکات بۆ فەلسەفەی زانستی ئەزمونگەری ئیرنست ماخ (1838–1916) یەکەم کەسێک بوو ئەم پۆستەی وەرگرت، پاشان دوای ئەو مۆریتز شلیک/ دوای ئەو بولتسمان ناوی ئەم کورسیەی گۆڕی بووە : مامۆستای فیزیای تیۆری و فەلسەفەی سروشتی». گۆڤاری مەعریفە، کە هانز و رایشنباخ بەشداریان لە نوسینیدا دەکرد، زمانحاڵی فەیلەسوفەکانی بازنەی ڤیەننا بوو، کە ئەو گۆڤارە بوو دواتر ناوەکەی گۆڕا (لەنێوان ساڵانی 1939 و 1940) بە گۆڤاری زانستی یەکگرتوو THE JOURNAL OF UNIFIED SCIENCE. بەگشتی ئەزمونگەری لۆژیکی جەخت لەسەر باوەڕبوون بە

یەقینی بوونی دەرئەنجامەکانی زانستە ئەزمونگەریەکان و کارایی میتۆدە لۆژیکیەکان دەکات، بۆیە بایەخی خۆی چڕکردۆتەوە لەسەر بایەخدان بە واقیعی بەرهەستی و شیکارکردنی دەستەواژە زانستیەکان شیکارکردنێکی لۆژیکی. ئەوەش وەزیفەیەکە کە بەباشترینی داناوە بۆ فەلسەفە، مەبەستم شیکارو رونکردنەوەیە.

(4) ئەم کتێبە یەکەمجار بەزمانی ئەڵمانی دەرچوو ساڵی 1928 بەناونیشانی Der logische Aufbau der Welt لەهەمان ساڵیشدا کارناب کتێبێکی تری بەزمانی ئەڵمانی بڵاوکردەوە بەناونیشانی (مەسەلە ساختەکان لە فەلسەفەدا، کە ژیانی کارنابدا وەرگێڕان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی.

(5)Jan Sebestik,prehistoire du cercle de Vienne dans: Antonia Soulez dir Manifeste du cercle de Vienne et autres ecrits (paris: presses unversitaires de France, 1985),p.93

(6) هەمان سەرچاوە، لا 94.

(7) لودفیگ ڤیتگنشتاین بیرۆکەی هاورێککردن رەتدەکاتەوە وەک پێوەرێک بۆ دڵنیابون لە راستی دەستەواژەکان، چونکە راستێتیەکەی لە تیڕوانینی ئەودا بەشێوەیەکی وێنەیی دەبێت، واتە، بە پشت بەستن بە دروستکردنی پەیوەندی کە لە کتێبەکەیدا پەیامی لۆژیکی فەلسەفی خستویەتەڕوو، رەنگە ئەمەش هۆکار بێت لە

ڕەتکردنەوەیدا بۆ ئەو ڕایەی ئەزمونگەریەکان، کە پێیانوایە کە ئەوە داهێنەری پێوەری ساغکردنەوەی ئەزمونگەرییە .

(8) دەکرێت هەروەها بڵێین: دەستەواژەی بەتاڵن لەمانا، یان دەستەواژەی ساختە، یان دەستەواژەی میتافیزیکی.

(9) Bertrand Russell (1956) Logic and Knowledge Edited by Robert C. Marsh (London: Capricorn. 1971 ). Pp.4159-.

(10) تەها عبدالرحمن هەوڵیدا هەمان میتۆد لە شیکارکردنی کۆجیتۆی دیکارتیدا کارپێبکات و گەیشتە کۆجیتۆیەکی نوێ، کە لەدیدی ئەودا هاوڕێک دەبێت لەگەڵ بواری ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری عەرەبی ئیسلامیدا ئەویش: « بڕوانە دەبینیتەوە»، بڕوانە : تەها عبدالرحمان، فقهی فەلسەفە : فەلسەفە و وەرگێڕان، چ ، (بەیروت، ناوەندی ڕۆشنبیری عەرەبی، 1995).

(11) Rudolf Carnap "Le depassment de la metaphysique par Lanalyse logique du langage dans: Antonia soulez dir. Manifeste du cercle de vienne et autres ecritre> p.p. ..179-153

(12) Rudolf Carnap Lancienne et la nouvelle logigue trad general E. Vuillemin (Paris Hermann,1933),p.31.

(13) هەمان سەرچاوە.

(14) لەپێناو راڤەکردنێکی تەواودا بۆ پێودانی ستراکچەریی ئالاوفباو (النسق البنائی للاوفباو) بڕوانە The . the system of the aufbau in Nelson goodman(1951)Nelson Goodman

(15) لەنێوان ئەو هەولانەدا تەنها سیان باس دەکەین»Zeihen theodor.Erkenntins theroie auf physiologischer und physikalischer Grundlage (Jean: (n, pb.), 1913): Driesch, Ordnungsleher (Jena: (n.pb.) , 1912): Clauberg und Dubislav Systematisches Worterbuch der philosophie (Leipzig: (n.pb.) 1923 and Clauberg und Dubislav, Systematisches Worterbuch der philosophie .((Leipzig: F. Meiner, 1923

# فەلسەفەی
# پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی
## سەرهەڵدانی کۆمەڵەی ڤیەننا

لەعەرەبییەوە: محەمەد چیا

ڕۆدلف کارناب لە دیارترین نوێنەرانی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی لۆژیکیە یان پۆزەتیڤیزمی نوێ بە شێوەیەکی گشتی لە فەلسەفە و لۆژیکدا، ساڵی 1891 لەدایکبووە لە ڕۆنزدۆرف نزیک بارمن لە ئەڵمانیا، لە هەردوو زانکۆی فرلیبۆرگ و یەنا خوێندویەتی لەساڵی 1910 هەتا 1914 پسپۆڕ بووە لە فیزیا و بیرکاری و فەلسەفەدا. ئەو لەسەر دەستی گۆتلۆب و فریجە پێگەیەنراوە ئەوەش گەورەترین کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی کارناب هەبووە (برتراند راسل)ە.

پاشان ڕۆیشتوە بۆ زانکۆی ڤیەننا وەک وانەبێژ لە فەلسەفەدا ساڵی 1926، وەک سەرۆکێکی ڕۆحی بزوتنەوەی پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی لێهاتووە، ئەو ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی بازنەی ڤیەننا و فراوانبوونی بازنەکەی. کارناب گواستییەوە بۆ چەند زانکۆیەک وەک مامۆستای فەلسەفە، لەوانەش زانکۆی پراگ و شیکاگۆ، پاشان گواستیەوە بۆ زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس. ئەو بەرهەمێکی هەرە مەزنی هەیە و لە زۆربەی بازنەکانی فەلسەفەی زانستیدا بوونی هەیە، زیاتر بایەخی چڕکردەوە

له لێکۆڵینەوەی گرفتە فەلسەفیەکانی تایبەت بە زانستی فیزیا و ئەندازە و خاوەنی کتێبی شوێن و کتێبی پێکهاتنی چەمکە فیزیاییەکانە، هەروەها کتێبی ستراکچەری لۆژیکییە بۆ جیهان و چەند دانراوێکی تری گرنگ، هەروەها بایەخیشیداوە بە لێکۆڵینەوەی زانستی زمان.

پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی، لە واقیعدا نمایشی تاکە قوتابخانەیەکی هاوچەرخ دەکات، کە دەکرێت بە بەردەوامییەکی کرداریی بزووتنەوەی ئەزمونگەری دابنرێت، بەشێوەیەک لەلایەکەوە بەدرێژکراوەی پۆزەتیڤیزمی کلاسیکی دادەنرێت، کە لەسەر دەستی ئۆگست کۆنت و جۆن ستیوارت میل سەریهەڵدا و پاشانیش درێژکراوەی ئەزمونگەریی ئینگلیزییە، کە مێژووی فیکر لەماوەی سەدەی هەژدەهەمدا بەخۆیەوە بینی، هەروەک چۆن لەلایەکی ترەوە بە درێژکراوەیەکی راستەوخۆی ئەزمونگەریی رەخنەیی دادەنرێت، کە لە ئەڵمانیا و لەسەر دەستی (ئافیناربۆس) گەشەیکرد، کە یەکێک لە خوێندکارەکانی کە (جۆزیف بینزولت) هەستا بە دانانی (حوليات الفلسفه) لەژێر سەرپەرستی قوتابخانەی پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی.

دوای ئەوەی ئەم گۆڤارە بۆ ماوەیەک تەنها قۆرخ بوو بۆ خاوەنەکانی بزوتنەوەی ئەزمونگەریی رەخنەیی ئەڵمانەکان. دواتر دەبینین ئەم گۆڤارە لە دەرچوون وەستا و گۆڤاری (مەعریفە) شوێنی گرتەوە، کە بۆ ئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان سالآنی 1930 و 1938 وەک گرنگترین گۆڤار مایەوە، کە بەناوی پۆزەتیڤیزمی لۆژیکییەوە دەدوا. پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی بەتەنیشت ئەمەوە، کارتێکەری فیکری گرنگتری پێگەیشت، ئەمەش لە رێگەی بزوتنەوەی رەخنەی زانستی فەرنسیەوە، تیۆرەکانی راسل و ئەو پەرەسەندنەی کە بە لۆژیکی بیرکاری گەیشت لەسەر دەستی ئەو، هەروەک چۆن لە زانستی فیزیاوە لە نوێترین چوارچێوەکانیدا پێیدەگەیشت، کە لەوکاتەدا لە تیۆری ئەنشتایندا خۆی دەبینییەوە.

پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی Logical Positivism ناوێکە ساڵی 1931 هەریەک لە بلۆمبێرگ و هێربەرت فایگل خستیانە پاڵ کۆمەڵێک بیرۆکەی فەلسەفی، کە ئەندامانی کۆمەڵەی ڤیەننا هەڵیانگرتبوو، ئەم کۆمەڵەیەش لەساڵی 1907وە دامەزرابوو، کاتێک کە زانای بیرکاری هانزهان

و زانای ئابوری ئاتونویراس و زانای فیزیایی فیلیب فرانک کۆبوونەوە، هەموویان بوونە ئەندامە دیارەکان لە کۆمەڵەی ڤیەننا، کۆبوونەوە بۆئەوەی کۆمەڵەی ڤیەننا دروستبکەن، هەموویان کۆبوونەوە بۆ مشتومڕکردنی فەلسەفەی زانست بە هیوای دۆزینەوە و مشتومڕکردنی ئەو زانستەی کە بایەخی هەرە گەورە لە بیرکردنەوەی زانستیدا بۆ هەریەک لە بیرکاری و لۆژیک و فیزیای تیۆری بەدیدەهێنێت بەبێ دورخستنەوەی ئەو بنەما گشتیەی کە لای ئارنست ماخ 1895-1910 هەیە، کە ئەوە دەگەیەنێت زانست لە بنچینەیدا، وەسفکردنی ئەزمون یان شارەزاییە. بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیشیان چوون بەرەو فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم لای بوانکاریە 1854-1912، بایەخی ئەو چڕبووبۆوە لەو گرفتە هاوبەشانەی کە لەنێوان فیزیا و فەلسەفەدا هەبوون. راوبۆچونەکانی ئەو کاریگەریی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمیان پەرچ دەکردەوە، بەڵام گرنگترین کتێبەکانی بریتین لە: زانست و مەبەست، زانست و میتۆد و ...هتد، پاشان دەستیانکرد بە دانانی بنەما گشتییەکان، یان هێڵە گشتیەکانی فەلسەفەی

پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی، بەڵام بەشێوەیەکی کرداری ساڵی 1922 کۆمەڵەی ڤیەنایان دروستکرد، کاتێک لەسەر داوای کۆمەڵەکە رۆدۆلف کارناب 1882-1936 بانگهێشتکرا بۆ ڤیەننا. شیلک لەسەر دەستی ماکس بلانک خوێندبووی، هەروەها وەک راڤەکەری تیۆری ئەنشتاین لەبارەی رێژەییەوە ناوبانگی دەرکردبوو، بەڵام ئەو زۆر بایەخی بە گرفتە کلاسیکیەکان دەدا لە فەلسەفەدا، زۆری نەبرد شلیک بووە ئاراستەکەری ئەو گرووپی مشتومڕکەرەی لە کۆمەڵەی ڤیەننادا هەبوون، کە خەریکبوو گەشەیدەکرد و دەگەشایەوە.

لە ساڵی 1926 بانگهێشتی رۆدلف کارناب کرا بۆ ڤیەننا، بۆئەوەی ببێتە مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆکەیدا، زۆری نەبرد بووە ئەندامێکی بنچینەیی لە مشتومڕەکانی کۆمەڵەی ڤیەننادا، کە بیرۆکە فەلسەفی و سەرەکیەکانی لە ماخ و راسلەوە وەرگرتبوو. کارناب فیزیا و بیرکاری لە زانکۆی یەننا وەرگرتبوو، لەمەدا کاریگەربوو بە راوبۆچونەکانی گۆتلۆب فریجە. سەرەتا کەسێتییە فەلسەفییە یەکەمینەکان لە بواری شیکاری لۆژیکیدا کاریگەری گەورەیان هەبوو

له دیاریکردنی ڕەهەندە نوێیەکانی فەلسەفەی سەدەی بیستەمدا، بەشێوەیەکی تایبەتیش ئەو فەلسەفەیەی کە بایەخیدا بە شیکارکردنی دەستەواژە فەلسەفی و زانستیەکان و پەیوەستبوو بە زانستەکان و پرۆگرامەکانییەوە، له هەوڵی پەرەپێدانی میتۆدێکی زانستی نوێدا، کە فەلسەفە بەئاراستەیەکی دروستدا بەرێت. لەکاتێکیشدا کە فەیلەسوفە میتافیزیکییەکان دەبینین مشتومڕی مەسەلەکان و چەمکەکان دەکەن بە ئامرازگەلێکی فەلسەفی و تێڕامانی پوخت، دەبینین فەیلەسوفەکانی شیکارکردن بە ئامرازە لۆژیکی و بنەما ئەزمونییەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە زۆربەی مەسەلە فەلسەفییەکان و هەموو مەسەلە میتافیزیکیەکان مانایان نییە، ئەوەش لەسەر بنەمای ئەوەی ناتوانێت شارەزاییەکی ئەزمونیمان پێبدات، کە بتوانرێت ساغ بکرێنەوە یان بسەلمێنرێن، هەروەک چۆن لۆژیکی یان بیرکاری نییە. گرنگترین ڕوداوێکیش لەم ئاراستە فەلسەفیەی کە ئێمە لەبارەیەوە دەدوێین، کارکردنە بە لۆژیکی بیرکاری نوێ بۆ پەرەپێدانی میتۆدگەلێکی زانستی نوێ و بونیادنانی زمانەکان.

دەکرێت سێ لایەنیش بخەینەڕوو، کەوا کاریگەرییان هەبوو لەسەر سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوە فەلسەفییە نوێیە:

1. کاریگەر بوو بە هەردوو فەلسەفەی ئەزمونگەری و پۆزەتیڤیزمی پێشوو، بەتایبەتی لای هیۆم و میل و ماخ هەروەها لای بوانکاریە.

2. هەروەها کاریگەر بووە بە زانستی میتۆدەکانی تایبەت بە زانستی ئەزمونگەری، هەروەک چۆن هەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە لەسەر دەستی زاناکاندا پەرەیسەند، وەک هلمۆبۆلتز و ماخ و بوانکاریە و دوهیم و بولتزمان و ئەنشتاین.

3. هەروەها کاریگەر بوو بە لۆژیکی هێمایی و شیکاری و لۆژیکی زمان، هەروەک چۆن بە شێوەیەکی تایبەتی لەلای هەریەک لە فریجە و وایتهید و راسل و ڤتگنشتاین پەرەیسەندبوو.

زۆربەی فەیلەسوفەکانی ئەم قوتابخانەیە لە ئەڵمانەکان بوون. بەناوبانگترینیشیان رۆدۆلف کارناب بوو، کەوا خەریکی وتنەوەی فەلسەفە بوو لە زانکۆکانی ڤیەننا و پراگ و شیکاگۆ بەشێوەیەکی یەک لەدوای یەک، و ئەو بە سەرۆکی قوتابخانەکە

دادەنرێت. بەتەنیشت ئەمیشەوە هانز رایشنباخ هەیە، کە وانەی لە زانکۆکانی بەرلین و ئەستنبول و لۆس ئەنجلۆس وتۆتەوە. سەرەڕای ئەوەی ئەم رایشنباخە لەنێو دامەزرێنەرانی بازنەی ڤیەننادا بوو، و یەکێک بوو لە نوسەرانی گۆڤاری مەعریفە، بەڵام دواتر جیابۆوە.

## تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی و پەرەسەندنی

رەنگە باشترین رێگەیەک بۆ جیاکردنەوەی یەکلاکەرەوە لەنێوان هەڵوێستە فەلسەفییەکان بریتیی بێت لە دابەشکردنیان بۆ چەند شێوازێک، کە سەر بەجیهانێکی ترن. جیاوازیی قووڵیش هەیە لە کەسێتی و میزاجدا، کەوا گوزارشت لە خۆی دەکات لە وێنەی هەمیشەیی گۆڕاودا کە ئەم دوو شێوازە فیکریە وەریدەگرن. گومانیش زیاتر لەوەیە کە ناکۆکیگەلێک هەیە هیچ رێگایەک بۆ سازان نییە لەگەڵیدا، کە گەلێک قوڵترە لە جیاوازی لە بیروباوەڕدا. کە لە بنچینەیدا جیاوازیە لە ئامانج و بایەخدانی بنچینەییدا کۆمەڵێک مشتومڕو گفتوگۆی بێ کەڵک هەن هەر لەکۆنەوە ئەوەیان سەلماندوە، کە ئەم ناکۆکییە بە بەڵگەهێنانەوە

لۆژیکیەکان ئەزمونییەکان چارەسەرنابن، ئەگەریش قوولبووینەوە لە شیکارکردندا دەبینین، کە هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی لە دیاریکردنی بوارێک کە تایبەتە بە لۆژیک ئەوی تر تایبەتمەندە بە ئەزمونەوە، لەبەرئەوە دەتوانین لە چارەسەرکردنیدا بۆ تیۆری مەعریفی لە دوو گۆشەوە بۆ فەلسەفەی شیکاری بڕوانین: یەکەم، کە لە شیکاری زمانەوانی شێوازێک و لە زمانی ژیانی رۆژانە مادەیەک بۆ توێژینەوە وەردەگرێت و دەبینین فەیلەسوفەکانی ئەم ئاراستەیە ئەو زمانەی کە تاک لەکۆمەڵگەدا قسەی پێدەکات و ئەو زمانەی کە فەیلەسوفەکان قسەی پێدەکەن، بۆ شیکارکردنی و زانینی ماناکانی دەستەواژەکانی وەردەگرن، بەئامانجی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەو گرفتانەی کە روبەڕویاندەبێتەوە.

دووەم، ئەوەی کە شیکاری لۆژیکی وەک میتۆدێک وەردەگرێت بۆ خۆی لە چارەسەرکردنی زمانی زانستیدا، بەلام لە هەمان کاتدا خوازیاری بونیادنانی زمانێکی دەستکردە، کە گشتی بێت یان نمونەیەک بێت بۆ زمانی زانست، لەم بوارەشدا زۆرێک لە لۆژیکیەکان و فەیلەسوفەکان دەبینینەوە

ئەوانەی هەوڵدەدەن ئەم نمونە زمانەوانییە بۆ زانست پێکبهێنن. ئەم ئاراستە فەلسەفییانەش لە شیکارکردندا زۆر قەرزداری پێشەوای قوتابخانەی لۆژیکی شیکاری گۆتلۆپ فریجەیە، کە لە شیکاری لۆژیکی میتۆدێکی وەرگرت بۆ ناسینی رەگەزە لۆژیکیەکان لە زمان، بەتایبەتی ئەوەی کە دەکرێت لە لۆژیکدا سودی لێ وەربگیرێت، لەگەڵ رەگەزەکانی تردا بنچینە پێکدەهێنن لە بونیادنانی زمانێکی هێماییدا، کە تێیدا لۆژیکیەت و بەڵگەسازیی (الاستدلال) بەدیاردەکەوێت. ئەم ئاراستانەش قەرزاربارى ئەوەن کە ڤیتگنشتاین پێشکەشیکرد لە بواری شیکاری زمانی و لۆژیکی و بیرکاریدا، ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی بەنرخ و قوڵ بوو، کاریکردە سەر ئاراستەکردنی رەوتە فەلسەفیەکان لە شیکارکردندا. ڤیتگنشتاین بەشداریکرد لە بەهێزکردنی رەوتی شیکاری لە فەلسەفەدا، بۆ ئەمەش پشتی بە تیۆرە لۆژیکی و فەلسەفییەکان بەست، بەڵام ئێمە تێبینی دەکەین ڤیتگنشتاین لە نووسینەکانی کۆتاییدا، مەبەستمان پێی لە فەلسەفەدا بایەخی بە خودی زمان داوە و هەوڵی بونیادنانی زمانێکی لۆژیکی نەداوە، بەڵکو زمانی شیکردۆتەوە وەک ئەوەی

دەردەکەوێت، یان وەک ئەوەی هەڵدەستێت بە وەزیفەکانی لە ژیانی رۆژانەدا، بەمەش فەلسەفە بووە تەنها شیکەرەوەیەک بۆ ئەو دەستەواژانەی کە لای خەڵک دەماودەم دەکەن. ئەوەی کە لەسەر فەلسەفەیە هەوڵبدات جیاکاری بکات لەنێوان ئاڵۆز و ڕووندا، و هەستێت بە شیکارکردنی پەیوەندیە دەرەکییەکان، کە باڵادەستن لەنێوان ماناکاندا، هەتا لەم ڕێگەیەوە بتوانین بەشێوەیەکی کۆتایی زاڵبین بەسەر گرفتە ساختەکان و چەمکە بەتاڵ و مەسەلە درۆزنەکاندا. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، دوو لایەنی گرنگ هەن لە پرۆسەی جێبەجێکردنی شیکاری لۆژیکیدا: لایەنێکی نەرێنی کە خۆی دەبینێتەوە لە دورخستنەوەی ئەحکامە میتافیزیکیەکان لە هەموو زانستە سروشتیەکان و بیرکارییەکان و مرۆییەکان، ئەمە ئەگەر نەڵێین لە مەعریفەی مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها لایەنێکی ئەرێنی خۆی دەبینێتەوە لە روونکردنەوەی چەمکەکانی زانست و میتۆدەکانی و کەشفکردنی پرۆسەیەک، کە تێکڕای لە پێدراوەکانی ئەزمونەوە دەستپێدەکەن، لەبەرئەمە پۆزەتیڤیستە لۆژیکیەکان قوتابخانەیەکی تایبەت بەخۆیان پێکدەهێنن، ئەوان

هاوڕان لەسەر پەیڕەوکردنی هەندێک تیۆری بنچینەیی هەروەک چۆن گرفتە فەلسەفییەکان کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە دەگێڕنەوە بۆ میتۆدی فیکریی هاوشێوە. ئەوان هەر لە سەرەتاوە ڕادەی قووڵی و جدییەتی توێژینەوە فەلسەفیەکانیان خستەڕوو، هەروەها توندی قەناعەتەکانیان بە ڕاستی و دروستیی تیۆرەکانیان، لەڕاستیشدا ڕایشنباخ شلگیرترە لەمبارەیەوە، کاتێک لەبارەی ڕادەی ڕادەستبوونیان بە دروستیی مەزهەبەکەیان دەدوێت و دەڵێت دەمارگیرییەکانیان بۆ ڕاوبۆچونەکانیان هاوشێوەی دەمارگیریی ئایینی یان تائیفییە. لە سەرەتاشەوە بانگەشەی پەیڕەوکردنی ئاراستەی پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی بەسەریدا زاڵ بوو. کە ئەمە ئەگەرچی زۆر شتی لە ڕاسل و فریجە و ڤیتگنشتاین بردوە، بەڵام شێواز و میتۆدێکی نوێی وەرگرتووە، ئەو بە شیکارکردنی بۆ زمان هەوڵیداوە ئەم شیکارە ببەستێتەوە بە زانستەکانەوە. بەتایبەتی زانستە بیرکارییەکان و لۆژیکیەکان و زانستە ئەزموونییەکان. ئامانجی ئەویش یەکخستنی زانست بوو، ئەوەش لە ڕێگەی توێژینەوەی ئەو بنەما لۆژیکی و ئەزمونیانەی،

کە مەعریفەی زانستی لەسەریان دەوەستێت. ئەزمونگەری لۆژیکی چوو بەرەو لێکۆڵینەوەی تیۆرە زانستیەکان لە فیزیا و بیرکاری زانستی و لۆژیک ئامانجی بونیادنانی زمانێکی هێماییە ببێتە نمونەیەکی زانستی. لە بواری بیرکاریشدا کارناب هەستا بە بونیادنانی دوو زمانی هێمایی، کە یەکەمیان بەڵگەنەویستەکانی ئەژمارکردنی مەسەلە خودییەکان و زانستی حساب لەخۆدەگرێت، دووەمیش بەڵگەنەویستگەلێکی زیاتر لە حسابی مەسەلەکان و بیرکاری و لۆژیک بە شیکارکردنی لۆژیکی بۆ فیزیاون بەدەستەواژەیەکی وردتر زمانی فیزیا هەروەک چۆن بایەخی دا بەشێوازی ئەزمونگەری و ئەگەریی . بەمەش کۆمەڵەی ڤیەننا لە بەرنامەی فەلسەفی خۆیدا شێوازی (الاستدلالیە و الاستقرائیە)ی لەخۆگرتووە، ناوی ئەزمونگەری لۆژیکی ئاماژە بۆ بەیەکگەیشتنی دوو حەقیقەتی گرنگ دەکات، کە فەلسەفەی کۆمەڵەی ڤیەننا پشتیان پێدەبەستێت: حەقیقەتی یەکەم بریتییە لە بایەخدانیان بە زانستە بیرکاری و لۆژیکیەکان، لەم دوو ئاراستەیەشەوە قوتابخانەکە بەرپا دەبێت، بە پشتبەستن بە شیکاری لۆژیکی بۆ

بیركاری و فیزیا. ئاراستەی ئەزمونگەری كە ئەم قوتابخانەیەی پەیڕەوكردووە نوێ نییە لە فەلسەفەدا، بەڵكو ئێمە بە ڕوونی دەیبینینەوە لای فەیلەسوفە ئەزمونگەرییەكانی وەك لۆك و بیركلی و هیۆم، هەروەها چۆن بە شێوەیەكی تایبەت لای ماخ دەیبینینەوە وەك پێشتر باسمان لێوەكرد، بەڵام ئەوەی ئەزمونگەریی كۆمەڵەی ڤیەننا جیادەكاتەوە بریتییە لە:

1.پشت بە شیكاری زمان دەبەستێت لەگەڵ پەیوەندیی بە جیهانی دەرەكیەوە، مەبەستیشمان لە زمان لێرەدا زمانی ژیانی رۆژانە نییە بەتەنها، بەڵكو زمانە زانستیەكانیش، ئەمەش مەسەلەیەكە وا لەم ئاراستە ئەزمونگەرییە دەكات پەیوەندی نزیكی هەبێت بە زانستە ئەزمونگەرییەكان و تیۆرە زانستیەكانەوە، ئەوەش لە ڕێگەی دۆزینەوەی شێوازگەلێكی جیاواز، كە جیهانی پێدراوە هەستییەكان دەبەستێتەوە بە تیۆرە زانستیەكانەوە و ئەوەی كە ئەم چەمكانە تێیاندایە لە چەمكە ئەزمونییەكان، بەمەش ئەم ئەزمونگەرییە ئامانجی فەلسەفە و زانست لە یەكێتیی زانستە ئەزمونگەرییەكاندا بەدیدەهێنێت.

2.پشت بە لۆژیک و بیرکاری دەبەستێت بێئەوەی کار بەو ڕایە بکات کە دەڵێت بنچینەی بیرکاری بریتییە لە ئەزموون، بەڵکو پێیوایە پێچەوانەکەی راستە کە لۆژیک و بیرکاری پەیوەندیان بە ئەزمونەوە نییە، بەڵکو ئەو شێوازی داتاشینە، کە لۆژیک دەستەبەری دەکات دەتوانێت یارمەتیمان بدات لە بونیادنانی مەعریفەی ئەزموونی لەسەر بنچینەیەکی پتەو و روون، ئەوەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنی هەندێک لە چەمکە بنچینەییە سادەکان و پێناسەکردنی چەمکە ئاڵۆزەکان لە ڕێگەیانەوە، هەتا ئەوەی مەعریفەی زانستی بونیاددەنرێت، بە مەرجێک لەنێوان چەمکە داتاشراوەکان (المشتقە) و چەمکە تیۆریە زانستیە نوێیەکاندا دژیەکیی نەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێویستە تیۆرە زانستیەکان لە ڕێسایەکی ئەزمونگەرییی دیاریکراوە وەربگیرێن.

لەنێوان ئامانجەکانی پەیماننامەی زانستی کۆمەڵەی ڤیەننادا، پوختەکردنی فەلسەفە و زانستەکان هەیە لە میتافیزیک و مەسەلە بەتاڵەکان و دروستکردنی ڕێسایەکی زانستی بۆ هەموو زانستەکان، بەشێوەیەک دەبێت یان دەشێت،

بۆئەوەی ببێتە بنچینەیەک بۆ یەکێتیی زانست. بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجەش کۆمەڵەی ڤیەننا خۆی دەبینێتەوە، کە شێوازێکی نوێ بەکاردەهێنێت لە شیکارکردنی مەسەلەکان لە هەردوو لایەنی شێوەیی و ئاماژەییەوە بە جێبەجێکردنی شێوازی شیکارکردنی لۆژیکی بۆ زمان، ئەو تەنها بە رەتکردنەوەی میتافیزیک وازناهێنێت، بەڵکو بە ئامرازگەلێکی میتافیزیکی ئەوە دەسەلمێنێت کە مەسەلە میتافیزیکیەکان مانایان نییە. ئەو شێوازێکی زانستی دادەنێت بۆ فەلسەفە دوای ئەوەی هەڵەکان و دژیەکییەکان شەکەتیان کردوە و وای لێهاتووە ناتوانێت کەڵکێکی بۆ زانست و زانایان هەبێت. مەبەستیشمان لە فەلسەفە ئەوە نییە کە تەنها میتافیزیکە... شێوازی زانستی ناسراو هەتا ئێستا بریتییە لە شێوازی ئەزمونگەری و شێوازی بیرکاری، هیچ شێوازێکی تریش نییە لە زانستدا دانپێدانراو بێت جگە لەم دوو شێوازە، ناشکرێت شێوازی تێرامانی، یان سۆفیگەری شێوازێک بێت بۆ زانست. فەیلەسوفەکانی شیکارکردن و ئەزمونگەرە لۆژیکیەکان دەرکیان بەوە کردووە کە دەبێت فەلسەفە شێوازێکی خۆی هەبێت،

ئەم شێوازەش بریتییە لە تاکە چالاکی و کارایی فەلسەفە، چەکە نوێیەکەش بنەماکانی لە تیۆری مەعریفە و لۆژیکەوە وەرگرتبوو، فەلسەفەش بووە تەنها شێوازێک کە مافی ئەوەی نییە مەسەلە ئەزمونگەرییەکان پێکبهێنێت، چونکە ئەوە لە تایبەتمەندی و پسپۆڕی زانستەکانە، هەروەک چۆن ناکەوێتە ناو چوارچێوەی پێکهێنانی مەسەلە بیرکاریەکانەوە، چونکە ئەوە لە پسپۆڕی زانایانی بیرکاریە. بەم شێوەیە فەلسەفە گۆڕا بۆ تەنها شێوازێکی لۆژیکی بەبێ ئەوەی پەلبهاوێت بۆ ناو بوارەکانی توێژینەوەی زانستەکان و دەسکەوتنی دەرئەنجامێکی زانستی لە مەعریفەی زانستیدا. پێوەری فەراهەمبوونی مانای ئاماژەدەر بە واقیع لە گرنگترین بنەما تەنزیمییەکانە بۆ ئەزمونگەرە لۆژیکیەکان، ئامانجیش لەم پێوەرە بریتییە لەدۆزینەوەی مەودایەکی جیاکەرەوە لەنێوان جۆرەکانی گوزارشتکردن، کە ڕەنگە پەیوەندیی هەبێت بە واقیعەوە و لەنێوان جۆرەکانی تردا کە ئەم پەیوەندیەیان نییە: گوزارشتکردنە سۆزداریەکان، و لۆژیکیەتی بیرکاری، و وێنەیی ئەبستراکت، کە بەهیچ شێوەیەک ئاماژە و گوزارشتیان نییە

لەکاتی بوونیاندا. ئەوا کارایی شیکاری لۆژیکی بریتییە لەو شێوازەی کە فەلسەفەی ئەزمونگەری لۆژیکی وەریاندەگرێت بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکەی لە رەتکردنەوەی میتافیزیک و بونیادنانی رێسایەکی زانستی گرنگ بۆ زانستەکان. ئەزمونگەری لۆژیکیش لە رەتکردنەوەیدا بۆ میتافیزیک جیاوازە لە قوتابخانەکان و مەزهەبە فەلسەفیە ئەزمونگەریەکان و ماتریالیزمی کۆن. ئەو پشتی بە شیکارکردنی لۆژیکی بەستووە بۆ مەسەلەکان لە هەردوو لایەنی پێکهاتن و ماناوە، بۆ ئەمەش پشتی بە لۆژیکی نوێ بەستووە بۆ بەدیهاتنی ئەم مەبەستە. ئەمەش کارێکە دەبێتە هۆی دەرئەنجامگەلێکی ئەرێنی و نەرێنی کە لە رونکردنەوەی چەمکەکان و لقە جیاوازەکانی زانستە ئەزمونییەکانداو لەخستنەڕوی ئەوەدا کە هەموو مەسەلە میتافیزیکیەکان بەتەواوی بێمانان دەردەکەوێت، چونکە قسەکردنی میتافیزیکی بەتاڵەو هەڵگری هیچ مانایەک نییە، (پێناسەکردنی رستەی میتافیزیکی ئەوەیە، کە پێکهاتووە لە دەستەواژەیەک مەبەست لێی ئەوەیە گوزارشت لە مەسەلەیەکی راستەقینە بکات، بەڵام لەراستیدا ئەو

گوزارشت لە دەرئەنجامێکی بەدەستهاتوو ناکات، هەروەها نە گریمانەیەک ئەزموون بەدیبهێنێت. ئەلفرید جولز ئایر جیاوازی دەکات لەنێوان دوو جۆر لە بەدیهاتن. ئەو لەبارەی جۆرێک لە بەدیهاتنەوە دەدوێت کە لە رووی لۆژیکیەوە بێت: بەدیهاتنی بەهێز و بەدیهاتنی لاوا. ئایر شێوازی بەدیهاتنی مومکین دەکات، کە وەک پێوەرێک وەریدەگرین بۆ ئەوەی قەبوڵ بکرێت لە رستەکان و ئەوانەی ناکرێت قەبووڵبکرێن، ئەو وتی ئەو مەسەلەیەی کە قەبووڵددەکەین وەک ئەوەی خاوەن ناوەڕۆکێکی واقیعیە، ئەوە نییە کە دەتوانین بەخۆی وەریبگێڕین بۆ دەستەواژەگەلێک وەسفی ئەو ئەزمونانە بکات، کە راستەوخۆ وەریدەگرین، بەڵکو ئەو مەسەلەیە، کە دەتوانین لەوەوە لەهەندێک مەسەلەی ترەوە کە بۆی زیاددەکرێت ئاماژەگەلێک وەربگرین، بەو مەرجەی کە نەتوانین ئەو ئەزمونانە لەتەنها ئەو مەسەلانەی ترەوە وەربگرین. ئایر دەڵێت: (من پێموایە دەکرێت مومکین بەشێوازێکی راستەوخۆ بەدیبێت، ئەگەر هاتوو خۆی دەستەواژەیەکی (شهادی) بوو یان ئەگەر دەستەواژەیەک بوو، ئەگەر دەستەواژەیەکی (شهادی) یان زیاترت

بۆ زیادکرد، بەلانی کەمەوە یەک دەستەواژەی (شهادی)تر بەدوایدا دێت، کە ناکرێت تەنها لەو دەستەواژە بۆزیادکراوانە بەرهەمبێن، هەروەها پێموایە دەستەواژە دەکرێت بەدیهاتنی مومکین بێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەگەر ئەم دوو مەرجەی تێدا دەستەبەربوو: یەکەم- ئەگەر هاتوو بە زیادکردن بۆ پێشەکیەکی تر دەستەواژەیەک یان زیاتر بەدیبێت، لەوەی کە دەکرێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەدیبهێنرێت. دووەم- ئەگەر هاتوو ئەو پێشەکیانەی تر دەستەواژەیەکی ناشیکاری تێدانەبوو، کە بەدیهاتنی نامومکین بێت بەشێوازێکی راستەوخۆ، یان بکرێت لەخۆیدا بەدیبێت بە شێوازێکی راستەوخۆ). بۆ جارێکی تر روونکردنەوە نمونەیەک وەردەگرین: لەبەردەمدا دەستەواژەیەک هەیە، ئاو لە پلەی سەددا دەکوڵێت، چۆن دەکرێت بەدیبێت؟ هەروەها ئایر پێیوایە (دەستەواژەی میتافیزیکی ئەزمونیی نییە، خاوەن ناوەڕۆکێکی بوونگەرییە، پۆزەتیڤیزمەکانیش پێیانوایە نمونەی ئەم دەستەواژانە مەسەلەگەلێکی هاوشێوەن، بەڵکو تیۆرەکەیان لەمەدا لەسەر بنچینەیەکی بەرایی دەوەستێت، ئەوەش ئەوەیە

که ئەو روداوانەی کە نمونەی ئەم دەستەواژانە وەسفیدەکەن مەحاڵە سەلماندنێکی لۆژیکی، یان میتۆدێکی ئەزمونگەری بگەیەنێت، جگە لەم دوانەش هیچ ڕێگایەکی تر نییە: بەڵگەداری یەقینی یان دڵنیایی، واتە سەلماندنی لۆژیکی و میتۆدی ئەزمونگەری، هیچ میتۆدێکی سێهەمیشمان نییە بەهۆیەوە بڕیار لە مانای راستی دەستەواژەیەک بدەین). پۆزەتیڤیزمە لۆژیکیەکانیش لە هێرشکردنیان بۆ سەر میتافیزیک لەسەر دوو هەنگاو دەڕۆن:

1.ئەوان روونیدەکەنەوە کە هەموو مەسەلەکان دەکرێت بگەڕێنرێنەوە بۆ مەسەلە بەراییەکان، ئەوەی بەدیدەهێنین بە شارەزایی هەستیی بەدیهێنانێکی راستەوخۆیە.

2. پاشان رونیدەکەنەوە کە میتافیزیک شتێک نییە جگە لە ئەنجامی کۆمەڵە هەڵەیەک لە لۆژیکی پێکهاتنی زمانەوانیدا بۆ دەستەواژەکانی وەک جێبەجێکردنێک بۆ بنەمای بەدیهاتنی مانا، مادام ڕێگایەکی مومکین نییە بۆ دڵنیابوون لێی لە ڕێگەی ئەزمونەوە، ئەوا ئەوان بۆ ئەوە دەڕۆن، کە هیچ ئەزمونێکی مومکین نییە وامان لێبکات بتوانین

دەستەواژەگەلێکی وەک: ڕەها لە دەرەوەی زەمان، یان جەوهەر بنەمای بوونە ساغبکەینەوە.

3.ڕەتکردنەوەی میتافیزیکای تەقلیدی تەنها کورتنابێتەوە لەسەر پۆزەتیڤیزمی ئەزمونگەری، بەڵکو پۆزەتیڤیزمە ئەزمونگەرە پێشینەکان پێشیانکەوتوون، هیۆم کە بەوە پێناسەی میتافیزیکا دەکات، کە سەفسەتە و وەهمە. هەروەک چۆن ئۆگست کۆنت وایدادەنێت بیرکردنەوەی میتافیزیکی تەنها نمایشی قۆناغێک دەکات لە قۆناغەکانی بیر، کە دەکرێت تێپەڕێنرێت بۆ قۆناغی پۆزەتیڤیزم. هەروەک چۆن کانت و کانتییە نوێکان، بانگەشەی میتافیزیکا وێنەیەک بێت لە مەعریفەی تیۆری، کانت ویستی بیگۆڕێت بە میتافیزیکێک کە هاوشێوەی زانست بێت. هەروەک چۆن ماخ توێژینەوەی کرد لە چۆنییەتی دورخستنەوەی هەموو ڕەگەزەکانی میتافیزیک لە زانست.

4- پۆزەتیڤیستە لۆژیکیەکان ڕەتیانکردوە بەو پێیەی بەتاڵە لە مانا و تەنها هەراوهۆریایەکە (لغو). ئەوان پێیانوایە کە مەسەلەکانی میتافیزیک، نە ڕاستن و نە درۆ، بەڵکو هەموویان مانایان

نییە، چونکە هەڵەیە بڕوات وابێت، کە هەموو فەلسەفە میتافیزیکایە، هەروەک چۆن هەڵەیە بەو دەرئەنجامە بگەیت، کە ئەزمونگەریی لۆژیکی قوتابخانەیەکە بۆ روخاندنی فەلسەفە. ئەو لە رێگەدایە بەرەو ئەوەی فەلسەفە بکاتە زانستیک هەڵوێست لەو مەسەلانە وەربگرێت کە زانست پشتیوانیان ناکات یان راستی و درۆییان بسەلمێنرێت. (ساموئێل ئەلکسەندەر) بەهەڵەداچووبوو لەوەی کە پێیوابوو فەلسەفە میتافیزیکایە، هەروەها میتافیزیکا هەوڵی لێکۆڵینەوەی سروشی شتەکان و وەسفکردنی سورشتی کۆتاییە بۆ بوون. بەمەش ئەلکسندەر لەو پێناسەیەی ئەرستۆ نزیک دەبێتەوە، کە زانستی بوون و سیفەتە پێویستەکانییەتی. ئەو هۆکارەی کە حەشاردراوە لەتێگەیشتنی ئەم شێوەیەی  فەیلەسوفەکانی میتافیزیکادا بۆ فەلسەفە هەوڵدانیانە بۆ دۆزینەوەی بنەمایەکی فیکری گشتی کە هەموو لقەکانی فەلسەفە لەخۆبگرێت، وەک لۆژیک و تیۆری مەعریفە (ئەپستمۆلۆژیا) و ئەخلاق. بەڵام ئەم رێسایە زۆر نابات دەرمێت لەبەردەم (معاول)ی شیکارکردنی

لۆژیكی. فەیلەسوفەكان دەستەواژەی میتافیزیكیان بە زۆر مانا بەكارهێناوە و میتۆدی جیاوازیان بۆ بەكارهێناوە، پێناسەی تریش هەیە بۆ میتافیزیك بەوپێیەی كە گەڕانە بەدوای هۆكارە یەكەمەكان یان مەعریفەی حەقیقەتی هەمەكی بەبێ بەشبەشكردنی، چونكە لە بەشبەشكردندا حەقیقەت وون دەبێت، بەڵام لێكۆڵینەوە میتافیزیكیەكان رەنگە لەم ئاراستەیە بەتاڵبن، بۆیە ناگەڕێت بەدوای بوون و سیفەتەكانی نە بەدوای حەقیقەتی هەمەكی و نە هۆكارەكانی یەكەمدا، بەڵكو ئێمە لە فەلسەفەی نوێ و هاوچەرخدا نمونەگەلێك دەبینینەوە لەسەر جۆرەكانی تری میتافیزیكا، كە بیرمەندانی ناسراو بە دوژمنكارییان بۆ فەلسەفە پڕاكتیزەیان كردوە، ئەم جۆرەش لە میتافیزیك جیاواز دەبێت لە جۆرە باوەكەی. دەستەواژەی میتافیزیك ئاڵۆزە، چونكە بۆ زۆر مانا و سیستمی جیاواز بەكارهێنراوە، بۆیە پێویستیی جیاكاری لەنێوان جۆرەكانی میتافیزیكدا بەدیاركەوت بەپێی ئەو مادەیەی لێكۆڵینەوە كە لێیەوە سەرچاوەی گرتوە، ئەم جۆرانەش بریتین لە:

1–میتافیزیکی پوخت.
2–میتافیزیکی گەردونی یان پێوانەیی.
3–میتافیزیکی بیرکاری.
4–میتافیزیکی زمانەوانی.
5–میتافیزیکی دیالەکتیکی.
6–میتافیزیکی بالاَ– تراندستالّی.
7–میتافیزیکی رەخنەیی.
8–میتافیزیکی بوونگەرایی.

مەسەلەکانی میتافیزیکی ئەبستراکت پەیوەندیی بە بوونی رەهاو هۆکارەکان و حەقیقەتی گەردونی و عەدەمەوە هەیە، میتۆدی پەیگیریی یان تێڕامانی یان سۆفیزم بەکاردەهێنێت، وەک بنەمایەک بۆ دروستکردنی ئەم مەسەلانە. میتافیزیکای گەردونیش پشت بەوە دەبەستێت کە زانست پێشکەشی دەکات لە راستی و حەقیقەتی ئەزموونی، هەوڵدەدات ئەم راستیانە ببەستێتەوە بەیەکەوە لە حەقیقەتێکی هەمەکی کە فەیلەسوف بەرهەمیدەهێنێت. دوای شیکارکردنی بۆ رەهەندە فەلسەفیەکانی، بەلاّم میتافیزیکی بیرکاری جۆرێکە لە فەلسەفە، بنچینەکەی تیۆری بیرکارییە و ئامانجی

شرۆڤەکردنی جیهانە لەسەر رۆشنایی مەعریفەی بیرکاری، بەڵام میتافیزیکی زمانەوانی پەیوەندیی نییە بە بوون و رەها و شتی ترەوە، بەڵکو بەرهەمی جیبەجیکردنی شیکاری لۆژیکییە بۆ زمان. سەبارەت بە میتافیزیکی دیالیکتیکیشەوە، لۆژیکێک بەکاردەهێنێت بۆ جوڵەو صەیرورە لە بووندا‌و فەلسفەی کانتی میتافیزیکی تراندستاڵی بەکاردەهێنێت بەشێوەی وتەگەلێک، پێیوایە پێویستن بۆ مەعریفە، کە وێنەیەکی عەقڵانی پوختەو پەیوەندی نییە بە جیهانی هەست و ئەزمونەوە، بیرۆکەکانمان لەبارەی جەوهەرو هێزو کارو راستیەوەو هی تر سەربەخۆ تەنها سەربەخۆنین لە ئەزموون، بەڵکو هەروەها هیچ مانایەکی ئەزمونیی لەخۆناگرێت، کانت مومارەسەی میتافیزیکای رەخنەیی کرد و بە رۆڵی خۆی میتافیزیکی تراندستاڵی بونیادنا. هەروەک چۆن لە نوسینەکانی فەیلەسوفە بوونگەراییە نوێکاندا جۆرێکی نوێ لە میتافیزیک لە بەرگێکی ئەدەبیدا دەبینمەوە، کە پەیوەندیی هەیە بە بوونی مرۆییەوە، هەروەها نوسینەکانی هایدگەر لە بوونی زەمانی و سارتەر لە بوون

و نەبوون، کە مەسەلەگەلێکی میتافیزیکی زۆر لەخۆدەگرن. ئەو باوەڕە باوەی هەیە لەنێوان ئەندامانی ئەزمونگەری رەهادا ئەوەیە کە مەسەلە میتافیزیکیەکان ئەو گوتانەن کە ئەزموون پشتیوانییان ناکات یان مانایەکی ئەزمونیان نییە کە سەلماندنی بیرکاری پشتیوانییان ناکات. ڤیتگنشتاین پێیوایە فەلسەفە تەنها کۆششێکی نەرێنییە مەبەست لێی دۆزینەوەی دژیەکەکانە کە فەیلەسوفەکانی میتافیزیکا تێیدەکەون، هەروەها دەڵێت: ئەو مانایەی کە هەریەکێکمان مەبەستمانە، بۆمان دەرناکەوێت تەنها لەرێگەی ئەو شتانەوە نەبێت کە ئەم وشەیە بەسەریدا جێبەجێدەبن، واتە لە رێگەی ئەو هەڵوێستەوە کە لە چێوەکەیدا تەکتیکی ئەو گوتەیە بەکاردەهێنرێت، مرۆڤ بیر لەوە دەکاتەوە کە دەیڵێت، ئەوا زیاتر لەوە ناکات کە مەبەستیەتی بیڵێت. دەستەواژە میتافیزیکییەکان کە ملکەچ دەبن بۆ رەخنەی ئەزمونگەری بەپێی فەلسەفەی ئەزمونیی لۆژیکی بریتییە لەو دەستەواژانەی کە بەرهەمدێن لە هەڵەکردن لە خەیاڵدا لە دیاریکردنی مانا یان بەتەواوەتی بەتاڵە لەمانا.

**لەسەر ئەم بنچینەیەش لەبەردەممدا ئەم چەند جۆرەی خوارەوە لە میتافیزیك هەیە:**

1–ئەو دەستەواژانەی کە فەیلەسوفەکان دایدەڕێژن بەبێ ڕەچاوکردنی ڕێسا ستراکچەریەکان یان سینتاکسیەکانی زمان و دەستەواژە میتافیزیکییەکان لە جۆری چەواشەکار وەک ئەوەی کە قسە لەبارەی واقیعەوە دەکات، لەکاتێکدا بەوشێوەیە نییە و چاکسازیکردن و گۆڕینی بۆ مەسەلەگەلێکی خاوەن مانای ئەزمونگەری کە پەیوەندی نییە بە میتافیزیکەوە.

2– ئەو دەستەواژانەی کە چەمک و بیرۆکەگەلێکی زۆر لەخۆدەگرن بەبێ دیاریکردنی مانا و بەکارهێنانەکانیان.

3– ئەو دەستەواژانەی کە فەیلەسوفەکان و زاناکان بەکاریدەهێنن، کە هەندێک جار پاڵپشتێکی ئەزموونیی پێویستی نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە بەشێک دادەنرێت لە تیۆری زانستی، تا ئەو کاتەی کە زانست دەیسەلمێنێت کە بەتاڵە لە مانا.

4–ئەو دەستەواژانەی کە بەڵگەی لۆژیکی بەکاردەهێنێت، هەتا وا خەیاڵ دەکرێت، کە دەرئەنجامگەلێکە لە کۆمەڵە پێشەکیەکی بەڵگەنەویست، لەکاتێکدا ئەم بەڵگەنەویستانە پێویستیان بەوە هەیە شیکاربکرێن بۆئەوەی بتوانێت شایانی ئەوە بێت.

**شیکاری میتافیزیک**

(کاری ئێمە شیکاری لۆژیکییە، نەک فەلسەفە).

کارناب بەم شێوەیە دەڵێت لە پێشکەشکردنیدا بۆ کۆمەڵێک یەکەی زانست. ئەو فەلسەفەیەش کەوا کارناب بێبەریبوونی خۆی لێ رادەگەیەنێت، بریتییە لە میتافیزیک، بەو مانایەی کە وا لە میتافیزیک دەکات، توێژینەوە بێت لەو شتانەی کە ناکەونە ناو بواری هەست یان پەیبردنەوە، وەک شت لەخۆیدا، و رەها، و نمونەی ئەفلاتونی، و هۆکاری یەکەم بۆ جیهان، و عەدەم، و بەها ئەخلاقی و ئیستاتیکیەکان و ...هتد. کارناب دەڵێت: »پێویستە لەسەرمان جیاوازی بکەین لەنێوان دوو وێناکردندا بۆ واقیع. یەکێکیان لە دەستەواژە ئەزمونییەکاندا دێت و ئەوی تر لە دەستەواژە فەلسەفییەکاندا. لەم دەستەواژانەی دواییدا فەیلەسوف باس لە واقیعیەتی جیهانی دەرەکی دەکات وەک گشتێک. کارناب دەپرسێت: چ رێگەیەک هەیە بۆ دانپێدانانی واقیعیەتی جیهانی سروشتی یان دەرەکی؟ خۆیشی وەڵامدەداتەوە کە هیچ رێگایەک نییە بۆئەوە، بەڵکو وەڵامە راستەقینەکەی لەسەر خودی پرسیارەکە مانای نییە. هەروەک چۆن کارناب روونیدەکاتەوە: هەندێک جار بەهەڵە تێگەیشتن

بۆ بیرۆکەکانی بازنەی ڤیەننا کراوە و وا گومان براوە کە ئەو بانگەشەی نکوڵیکردنی واقیعەتی جیهانی سروشتی دەکات، بەڵام لەراستیدا ئێمە نکوڵی ئەو واقیعییەتە ناکەین. ئێمە رەتیدەکەینەوە بڵێین ئەم جیهانە سروشتییە راستەقینەیە، بەڵام ئێمە رەتیناکەینەوە بەوپێیەی کە درۆیە، بەڵکو بەوپێیەی کە هەڵگری مانایەک نییە، ئێمە نە دووپات و نە رەتی ئە م تیۆرانە دەکەینەوە، بەڵکو رەتی پرسیارەکە دەکەینەوە).

هەروەها دەڵێت ( سیفەتی میتافیزیکا لەسەر هەموو ئەو مەسەلانە دادەماڵم، کە بانگەشەی مەعریفە بوونی شتێک دەکات باڵاتر یان هەر جۆرە ئەزموونێک تێدەپەڕێنێت، بۆ نمونە لەبارەی جەوهەری راستەقینەی شتەکانەوە. سەبارەت بە شتەکان لەخۆیاندا، جۆرەها و، هی تری لەمشێوەیە و ئەو تیۆرانە ناخەمە ناو میتافیزیکاوە، کە مەبەستی رێکخستنی ئەو مەسەلانەیەو زیاتر گشتین، لە ناوچە جیاوازەکانی مەعریفەی زانستیەوە، رێکخستنێکی باش لە مەهەزبێکدا، بەڵکو نمونەی ئەم تیۆرانەش چەندە بوێرییان هەبێت لەراستیدا دەگەڕێنەوە بۆ بواری

زانستی ئەزمونی، نەک بۆ بواری فەلسەفە. جۆری ئەو تیۆرانەی کە دەمەوێت وەک میتافیزیک ئاماژەیان پێبکەم دەکرێت بە هەندێک نمونە بە ئاسانترین شێوە روونبکرێنەوە، (تالیس) دەڵێت: جەوهەری زانست و بنەماکەی بریتییە لە ئاو. فیساگۆرس دەڵێت: ژمارە. ئەفلاتون دەڵێت: هەموو شتەکان هیچ نین، جگە لە تارمایگەلێک بۆ بیرۆکە ئەبەدیەکان کە بوونیان هەیە لە تۆپێکدا، کە نە شوێن و نە کاتی نییە. لای لایەنگرانی یەکێتی مادە تەنها یەک بنەما هەیە هەموو ئەوەی هەیە لەسەری بونیاد دەنرێت. هیراکلیتس دەڵێت ئاگرە. ئاناکسمندریس دەڵێت ناسنوردارییە، بەڵام دوالیستەکان پێماندەڵێن کە دوو بنەمان، مادییەکان دەڵێن هەموو ئەوەی هەیە، مادییە لە جەوهەریدا. لایەنگرانی مەزهەبی رۆحی دەڵێن هەموو ئەوەی هەیە رۆحیە. ئەوانەش ئینتیمایان بۆ میتافیزیکیەکان و بنەما سەرەکیەکانی هەیە سپینوزا و شیلینگ و هیگڵ و برگسۆن)ن.

با ئێستا پشکنین بۆ ئەم جۆرە مەسەلەیە بکەین، لە گۆشەنیگای شیاوێتی ساغکردنەوەوە، دڵنیابوونەوە لەوەی ئەم جۆرە مەسەلانە ناکرێت

ساغکردنەوەیان بۆ بکرێت ئاسانە. لە مەسەلەی بنەمای جیهان ئاوە، ناتوانین هیچ مەسەلەیەک بەرهەمبهێنین، کە هەر دەرککردنێک یان هەستێک، یان ئەزمونێکمان پێڕابگەیەنێت ئیدی هەر جۆرێک بێت لەوەی کە بکرێت پێشبینی رودانی بکەین. لەبەرئەمە میتافیزیکیەکان ناتوانن خۆیان لە دروستکردنی ئەو مەسەلانەیان لابدەن کە شیاوی ساغکردنەوە نین، چونکە ئەگەر وایانلێکرد کە شیاوی ساغکردنەوە بێت، ئەوا بڕیارە لەبارەی هەڵەی بنەماکانیان یان راستبوونیان دەبێت پشت بە ئەزموون ببەستێت، ئەوکاتیش دەچێتە ناوچەی زانستی ئەزمونییەوە، بۆیە ناچاردەبن هەموو پەیوەندییەک بپچڕێنن لەنێوان مەسەلەکانیان و ئەزموندا، بەم شێوەیەش بەوپەڕی وردییەوە دایدەماڵن لە هەموو مانایەک.

کارناب دەڵێت (پێویستە لەسەرمان جیاوازیەکی یەکلاکەرەوە لەنێوان دوو وەزیفەی جیاواز لە وەزیفەکانی زماندا بکەین. زمان مانای شتێک دەگەیەنێت، یان گوزارشت لە هەندێک سۆز و ئارەزو دەکات و فەلسەفەی کلاسیکیش راهاتوە لەسەر تێکەڵکردن لەنێوان ئەم دوو

وەزیفەیەدا، لەسەر ئەمەش ئەوە فۆرمەلە بووە کە گوتە فەلسەفییەکان گوزارشت لە تەنها کۆمەڵە سۆزێک دەکەن، کەوا ئاماژە بە ماناکان ناکەن، بەڵام فەیلەسوفە میتافیزیکیەکان هەتا ئێستاش وەهمی ئەوە دەکەن کە گوزارشتەکانیان نمایشی کۆمەڵە مەسەلەیەکی لۆژیکی دەکەن، کە شیاوی سەلماندنن. لەکاتێکدا تەنها گوزارشتگەلێکی سۆزدارین و هەڵچوون و هەستە خەفەکراوەکان دەخاتەڕوو، هیچ تیۆرێک لەخۆناگرێت، هەروەک چۆن هیچ مەسەلەگەلێکی زانستی ناگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوزارشت لە شتێک دەکات، ئەو شتەش کەوا گوزارشتی لێدەکات، هیچ نییە جگە لە هەستکردن بە ژیان. میتافیزیک زیاتر لە شیعر و ئەفسانەکانەوە نزیکە. کارناب دەڵێت: فەیلەسوف نێچیری وەهمێکی زۆرە، چونکە دەستەواژەکانی لە چوارچێوەیەکی لۆژیکیدا دادەڕێژێت، هەوڵدەدات لەسەر بنەماگەلێکی سەلماندنی بەرپاییبکات، وەهمی ئەوە دەکات ئامرازەکەی عەقڵ و بیرکردنەوەیە، نەک خەیاڵ و سۆز، لەکاتێکدا ئەوەی راستە ئەوەیە کە هەموو تێڕامانەکان لەوە زیاتر نین، کە خەونی شاعیرێکن کەوا رێگەکەیی ونکردوە).

هەروەها کارناب دەڵێت »بابەتی توێژینەوەکانی قوتابخانەی ڤیەننا، بریتییە لە زانست، ئیدی بە یەکێک دابنرێت یان کۆمەڵە لقێکی جیاواز. مەسەلەکەش لێرەدا پەیوەندی هەیە بە چەمکەکان و مەسەلەکان و سەلماندنەکان و تیۆرەکان، کە تێیدا رۆڵێک دەگێڕن، لەگەڵ بایەخدان بە لایەنی لۆژیکی، زیاتر لە بایەخدان بە ئعتیباراتەکانی پەرەسەندنی مێژوویی یان مەرجە پراکتیزەییەکان. سۆسۆلۆژیی و سایکۆلۆژیەکان. ئەم بوارەش لە توێژینەوە تا ئێستا هیچ ناوێکی تایبەت بەخۆی هەڵنەگرتووە، دەکرێت جیابکرێتەوە بەوەی ناوی تیۆری زانستی لێ بنرێت، بە دەستەواژەیەکی تری وردتر لۆژیکی زانست. لێرەشدا مەبەست لە زانست، کۆی دەستەواژە ناسراوەکانە، نەک تەنها ئەوەی زانایان دایدەرێژن، بەڵکو ئەوەی لە ژیانی رۆژانەماندا رێکەوتی دەکەین، چونکە مومکین نییە ئەمە جیابکرێتەوە لەوە بە دانانی سنورێکی ورد لەنێوانیاندا... لۆژیک، لۆژیکی زانست، وای لێهاتووەو پێگەیشتووە بۆئەوەی دەربازبێت لە فەلسەفە و ببێتە خاوەن بوارێکی زانستی رێکخراو، تێیدا جەخت لە میتۆدێکی زانستی توند بکاتەوە

بەشێوەیەکی کۆتایی دەرگا لە رووی وتوێژکردن لەبارەی مەعریفەیەکی زیاتر قوول یان زیاتر باڵادا دابخات... بە مەزەندەی منیش ئەمە دواهەمین لقە لە قەد دەکرێتەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی لەدوای فەلسەفەوە چی دەمێنێتەوە؟ هیچ شتێک نامێنێتەوە لای تەنها ئەو گرفتانە نەبێت، کە لای میتافیزیکەکان خۆشەویستە، وەک: هۆکاری یەکەمی جیهان چیە؟ چییەتی عەدەم کامەیە؟ بەڵام ئەمە شتێک نییە جگە لە کۆمەڵە گرفتێکی ساختە و بەتاڵ لەهەر ناوەڕۆکێکی زانستی).

کارناب لە وتارێکیدا لەژێر ناونیشانی (دورخستنەوەی میتافیزیک لە رێگەی شیکارکردنی لۆژیکی زمانەوە) پێیوایە مەسەلە میتافیزیکیەکان چەواشەکار، یان ساختەن یان دوو جۆرن:

1- ئەو مەسەلانەی گوتەیەک لەخۆدەگرن، بە هەڵە وەها بڕوا دەکرێت کە مانای هەیە.

2- ئەو مەسەلانەی کە گوتەگەلێک لەخۆدەگرن مانایان هەیە، بەڵام لەگەڵ یەکتردا بەشێوەیەک دانراون پێچەوانەی رێساکانی زمان نین سەرەڕای ئەوەش وەک مەسەلەگەلێک مانایان نییە.

بە ڕای کارناب چەمکە میتافیزیکیەکان مانایان نییە، ئەوەش لەبەر نەبوونی پێوەرێکی ئەزمونی بۆیان، هەروەها مەسەلە میتافیزیکیەکان بەتاڵن سەرەڕای ئەوەی گوتەیان تێدایە، کە ئاماژەبەخشن، چونکە شێوازی پێکهاتنیان لە رووی لۆژیکیەوە هەڵەیە، چاککردنی هەڵەش دەبێتە هۆی گۆڕینی بۆ مەسەلەگەلێکی نامیتافیزیکی، هەروەها ئاماژە بۆ فەیلەسوفی ئەڵمانی مارتن هایدگەر دەکات، لەبارەی نەفی و عەدەمەوە ئەو عەدەم نەبوو دەکات، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت فەیلەسوفەکانی میتافیزیکی وشەگەلێک بۆ مەسەلەیەکی دروست دەهۆننەوە، یان رێکیدەخەن لە مەسەلەگەلێکی دروستدا لە رووی زمانەوانییەوە، بەڵام ئەم مەسەلانە مانای ئەزموونییان نییە. جێبەجێکردنی شیکاری لۆژیکیش بەسەریدا هەڵەکانی ئەو فەیلەسوفانە دەخاتەڕوو لە بەکارهێنانی گوتەکان لەڕووی لۆژیکییەوە.

لای کارناب هیچ زیانێک لەوەدا نییە فەلسەفە قبووڵبکرێت، بەو مەرجەی لە مانای وشەکە وا تێبگەیت بە مانای شیکارە لۆژیکیەکان بۆ دەستەواژە زمانەوانییەکان (هەرکەسێکیش

هاوبەشیمان بکات لەم دید و تێڕوانینەمان لەدژی میتافیزیکی، بۆی دەردەکەوێت هەموو گرفتە راستەقینەکانی فەلسەفە شتێک نییە، جگە لە شیکارکردنێکی زمانەوانیی). کاتێکیش کە پێکهاتە زمانەوانییەکان کە فەلسەفە بایەخ بە شیکارکردنیان دەدات، زۆربەیان ئەوانەن کە زانستە جیاوازەکان دەیڵێن لە مەسەلەکاندا، دەکرێت بگوترێت فەلسەفە لۆژیکی زانستەکانە، واتە شیکارکردنی مەسەلە زانستیەکان شیکارکردنێک شێوازی پێکهاتنی و وێنەی ستراکچەرەکەی بەدیاربکەوێت بۆ ئەوەی ماناکەی روونببێتەوە.

# فەلسەفەی زمان لە تێڕوانینی ڕۆدۆلف کارنابەوە

د. وجدان کازم تەمیمی
لەعەرەبییەوە: محەمەد چیا

## پێشەکی
## فەلسەفەی زمان، مانا و سەرەتاکان

فەلسەفەی زمان بە یەکێک لە جێباسە هاوچەرخەکان دادەنرێت، کە لێکۆڵینەوە فەلسەفییە ئەوروپییە نوێ و هاوچەرخەکان بایەخیانپێداوە و بووە وەرچەرخانێک لە بواری فەلسەفەدا و زۆرێک لە جێباسەکانی فەلسەفەی وەک میتافیزیکی خستە ژێر وردبینی و پوختەکردنەوە.

پێش پێناسەکردنی فەلسەفەی زمان، دەبێت پەیوەندی نێوان زمان و فەلسەفە دیاریبکەین، سپایەر (Spair) لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (زمان)، زمانی دیاریکردوە بەوەی: لقێکی مرۆیی ئەبستراکتە، میتۆدێکی بەدەستهاتووە و بۆ پەیوەندیکردن لەنێوان مرۆڤ و لە بیرۆکە و سۆز و ئارەزوەکان لەرێگەی ماناگەلێکی داڕێژراوەوە لە هێماکان بەکاردەهێنرێت. هەروەک چۆن تارگر (Targer) و بلۆک (Blocke) لە کتێبەکەیدا (هێڵە گشتیەکان بۆ شیکارکردنی زانستی زمان) پێناسەی دەکات بەوەی: سیستمێکە لە هێما دەنگەییە تەواو و بێخەوشەکان، کە ماناگەلێک لەخۆدەگرێت کە دۆزینەوەی هاریکارییەک لەنێوان هەر کۆمەڵێک لە کۆمەڵگە دەستەبەردەکات.

راینارد لاوت -مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی میونخی ئەڵمانی- فەلسەفە بەوە پێناسە دەکات، کە کارێکی عەقڵی ئازادە، مەبەست لێی مەعریفەی تەواوەتییە بۆ بنەماکانی هەموو راستیەکی واقیعی و بە گەیشتن بەم مەعریفەیە و ساغکردنەوەی کۆتاییدێت. لە رێگەی ئەو پێناسانەی پێشەوەش، دەکرێت بوترێت کە زمان نمایشی بنەمایەک دەکات، لە بنەماکانی حەقیقەتی راستەقینە، کە لاوت مەبەستیەتی پاشانیش بەشێک دەبێت لە فەلسەفە، جگە لەمەش پێناسەکانی پێشەوە، کە سەبارەت بە زمان خستمانەڕوو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زمان کۆمەڵێک لە هێما لەخۆدەگرن، کە خاوەن ئاماژەگەلێکن، پاشانیش دەلالەت جێباسێکی عەقڵی لۆژیکیە، ئەمەش پەیوەندیەکی ترە لەنێوان زمان و فەلسەفەدا[1].

توێژەرانیش مانای فەلسەفەیان رونکردۆتەوە بەوەی ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە لە ئەنجامی وەرچەرخانی زانستی زمان بۆ فەلسەفە بەرهەمهاتوون، کە پشت بە گریمانەکانی فەلسەفەی شیکارکردن دەبەستێت، کە دیارترین جێباسەکانی بریتییە لە شیکارکردنی زمانەوانی. فەلسەفەی

زمانیش به شێوەیەکی گشتی هاوواتایە لەگەڵ فەلسەفەی شیکارییدا، بەڵام بەمانای تایبەتی، ئەوا نزیک دەبێتەوە لە زانستی زمان و بایەخ بە حەقیقەتی ناوخۆیی زمان و تێگەیشتنی فەلسەفی بۆی دەدات. لەکاتێکدا هەندێکی تر پێیانوایە دەستەچنی نوێی لۆژیکە، ئەمەش جێباسێکە پەیوەستە لەگەڵ تیۆری مەعریفەو میتافیزیکیادا (فەلسەفەی عەقڵ).

توێژەرانیش ئاماژەیان بۆ ئەوە کردوە، فەلسەفەی زمان چارەسەری کۆمەڵێک مەسەلە دەکات ،کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە دیارترینیشیان[2]:

1-گەڕان بەدوای ئەو وێنەیەدا، کە پێویستە فەلسەفەی زمان تەبەنی بکات.

2-چارەسەرکردنی ئاماژەکانی هەندێک چەمک لە زمانی ئاماژەدا (الدلالە) وەک مانا، واقیع، ئاماژە، ئەنجامدان یان کردار.

3-دیاریکردنی سیفەتی هەمەکی کە هەموو زمانێک دەگرێتەوەو لێکۆڵینەوەی پەیوەندی لەنێوان زمان و جیهان، لەنێوان زمان و فیکردا.

4-گەڕان بەدوای مەسەلەی سازانی پەیوەندیکردن لەنێوان خەڵکدا، یان چییەتی کاری زمان.

5–توێژینەوە دەکات، مەسەلەی شیان یان نەشیانی ئەوەی گیانەوەرەکان زمانێک بەکاربهێنن.

6–توێژینەوە لە شیان یان نەشیانی بەکارنەهێنانی زمانی نمونەیی.

7–چارەسەری مەسەلەی پەیوەندیکردنی میتافیزیک دەکات بە واقیعەوە، و ئایا مەسەلەیەکی مومکینە یان نا، ڤیتگنشتاین و لایەنگری ئەم بوارە توێژینەوەیان پەیڕەوکردووە.

فەلسەفەی زمانیش پەیوەستبووە بە شیکارکردنەوە، پەیوەندیەکی توندوتۆڵ، ئەو شیکارکردنەی کە هەر لە سەرهەڵدانی فەلسەفەوە لێی جیانەبۆتەوە –وەک هەندێک پێیانوایە. ئەوکات شیکارکردنێک بوو بۆ چەمکەکان و بیرۆکەکان لەسەر دەستی سوکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ، پاشان گواستیەوە بۆ شیکارکردنی فیکر و مەعریفە بۆ رەگەزە هەستییە بەراییەکانی وەک ئەوەی کە لۆک و بارکلی ئەنجامیاندا و بە شیکارکردنی زمانیش وەک ئاماژە و پێکهاتە کۆتایی هات، وەک ئەوەی لای مۆر و راسل و ڤیتگنشتاین هەیە. ئەمەش ئەوەیە کە هەندێک بانگەشە بۆ تێڕوانینی فەلسەفەی زمان دەکات بە مانا گشتیەکەی،

بەوەی هاوواتایە بۆ فەلسەفەی شیکاریی وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

ئەوەی جێی تێبینییە، توێژەران ماناکانی فەلسەفەی زمانیان لەدیدی ئەوروپی شیکاریدا لەسێ مانادا کۆکردۆتەوە[3].

1–شیکاری لۆژیکی بۆ هەندێک موفرەدەی زمان و دەستەواژەکانی، کە بەخۆی وەک پێشەکییەکی بنچینەیی دادەنرێت بۆ تێگەیشتن لە زاراوە فەلسەفیەکان.

2–گەڕان بەدوای هەندێک زاراوەی فەلسەفیدا بۆ دیاریکردنی دەستەواژەکان، کە بەتاڵن لەمانا لەبەرامبەر ئەو دەستەواژانەدا، کە مانایان هەیە.

3–هەوڵدان بۆ دابەزاندنی فەلسەفە لەئاسمانەوە بۆ زەوی، ئەوەش بە تەبنیکردنی زاراوە فەلسەفییەکان و تێگەیشتن لەماناکانیان وەک ئەوەی بەکاریدەهێنین لەزمانە ئاساییەکان و لەژیانی رۆژانەماندا.

زمانیش لای فەیلەسوفەکانی زمان دوو شێوەی وەرگرتوە، یەکێکیان ئاسایی یان سروشتی و ئەوی تریان میسالیی یان دەستکرد. هەندێکیان بایەخیان لە ئاساییەکە دەدا، لەکاتێکدا ئەوانی تر بایەخیان بە میسالییەکە دەدا[4].

خاڵێکی گرنگ ماوەتەوە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەویش بریتییە لە پێویستی جیاوازیکردن لەنێوان فەلسەفەی زمان و فەلسەفەی زمانەوانیدا، بەشێوەیەک فەلسەفەی زمانەوانی دەبێتە هاوواتا بۆ زاراوەی شیکارکردنی زمانەوانی، و شتێک پێشکەش ناکات، جگە لە میتۆدێک بۆ چارەسەکردنی گرفتە فەلسەفییەکان، کە روبەڕوی زمانی ئاسایی دەبنەوە، لەکاتێکدا فەلسەفەی زمان- وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد- نمایشی هەوڵێک دەکات بۆ پێشکەشکردن، یان وەسفکردنێکی فەلسەفی بۆ روخسارەگەلێکی گشتی لە زماندا لەلایەن ئاماژەو مانا و راستییەوە...... هتد سەرەڕای ئەمەش فەلسەفەی زمانەوانی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندیە گشتیەکان دەکات، لەپێناو بونیادی زمانەکان لەلایەنی سروشتی و مێژوییەوە، کە بە (فیلۆلۆژیا) ناودەبریت. لێرەوە فەلسەفەی زمان چارەسەری کۆمەڵە مەسەلەیەک دەکات، کە بەنسبەت هەموو زمانەکانەوە بەهەمەکیی دادەنرێت، لەکاتێکدا زانستی زمان تایبەتمەندە بە زمانێک بێ یەکێکی تر، پاشانیش فەلسەفەی زمان نمایشی وتوێژێکی فەلسەفی دەکات لەبارەی زمانەوە، نەک لێکۆڵینەوە لە زمان.

**یەکەم: کارناب و شیکارکردن**

رۆدۆلف کارناب (1891–1970) بە یەکێک لە فەیلەسوفەکانی ئەڵمان دادەنرێت ،کە کاریگەریان لەسەر گۆڕەپانی فیکری فەلسەفی هەبووە لەرێگەی تێزە فەلسەفییە نوێکانییەوە لەبارەی فەلسەفەو زمان و زانستەوە، ئەو پێشەنگێک بوو لە پێشەنگە هاوچەرخەکان و بانگەشەکارێک بۆ زمانی زانستی و لۆژیکەکەی.

لێرەدا نامانەوێت بچینە ناو بابەتی ژیانی کارناب و تایبەتمەندیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە، بەڵام ئێمە جەخت لەوە دەکەینەوە، کە کارناب بەرهەمی ساتەوەختێک نییە، بەڵکو کاریگەربووە بە بیرمەندان و رەوتە فەلسەفییەکانی پێش خۆی، ئەو کاریگەر بووە بە راسڵ و مۆر و ڤیتگنشتاین و مۆریس و نویراس و کەسانی دیکە لە بانگەشەکارانی شیکارکردنی زمانەوانی و لۆژیکی هێمایی و فەلسەفەی زمان، جگە لەمەش ئەو فیزیا و بیرکاری و خوێندۆتەوە، کە زانایانی ئەم دوو پسپۆڕییە نوسیویانە، خوێندنەوەیەک وای لێکردوە پەیڕەوی لە زمانی فیزیا بکات لە هەموو راوبۆچونەکانیدا، بەڵام کارناب خاوەن کەسێتیەکی سەربەخۆ بووە لە هەموو ئاراستە

و ڕەوتەکانی پێش خۆی، کەسێتیەک لەکرۆکیدا مەشخەڵەکانی ڕەخنەو نوێگەری لەمەعریفەی فەلسەفیدا هەڵگرتووە، ئەمەش بە پشت بەستن بە دەسکەوتەکانی زانست و پەرەسەندنەکانی، ئەمەش ئەوەیە کە هەوڵدەدەین ڕونیبکەینەوە.

پێش ئەوەی بچینە ناو وردەکاریەکانی دیدی کارناب لەبارەی زمانەوە، دەمانەوێت بڵێین کە فەلسەفەی شیکاریی لەڕێگەی لۆژیکی بیرکاریەوە بۆ زمان دەڕوانێت، ئەوەش لەبەرئەوەی فەیلەسوفی زمان –وەک ئەوەی دکتۆر خەلیل دەڵێت– هەوڵی داڕشتنی زمانێکی دەستکرد دەدات، کە تێیدا هێما و وردبینی و شیاوێتی داتاشین بەدیاربکەوێت، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە فەیلەسوفی شیکاری لۆژیکی وا لە زمان دەڕوانێت، لەسەر بنچینەی ئەوەی حسابێکی لۆژیکییە لەلایەک و ئامرازێکە بۆ لێتێگەیشتن و گواستنەوەی فیکری لەلایەکی ترەوە[5]. ئەوەش لەپێشەوە باسمانکرد لەبارەی شیکارگەراییەوە بەڕوونی لای کارناب دەیبینینەوە، کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی جوان لە شیکارکردن گەیشتووە، کاتێک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دایناوە، کە پشت

بەو ئامانجە دەبەستێت، کە توێژەر هەوڵی بۆ دەدات(6)، ئەگەریش توێژەر بۆنمونە وا لە ئامانج لە شیکارکردنی زمان بکات رێزمانی بێت، ئەوا قسەکان یان بەشەکانی بە بچوکترین یەکەی زمانەوانی دادەنێت، بەڵام ئەگەر ئامانجەکە حونجەکردن بووبێت، ئەوا بچوکترین یەکە بریتییە لەپیت، لەکاتێکدا ئەگەر ئامانجەکە بریتی بووبێت لە پەرەسەندنی مێژوویی بۆ شێوەی پیتەکان، ئەوا بچوکترین یەکە بریتییە لە وێنەی تاکانەیی بۆ رەگەزەکانی پیتەکان. تێبینییەکای پێشووش لەبارەی شیکارکردن لای کارناب لەسەر کۆی فەلسەفە رەنگیداتەوە، دەبینین شیکارکردن لە لای لۆژیک و زمان و جیهان بوونی هەیە، هەروەک چۆن دەبینین کارناب لەگۆشەیەکەوە دەگوازێتەوە بۆ گۆشەیەکی تر بە گۆڕینی ئامانج لە شیکارکردنی ئەو ستراکچەرەش، کە لەسەری رۆیشتوە لە شیکارکردنی بۆ لۆژیک جیاوازە لە ستراکچەری شیکارکردنی بۆ جیهان، هەروەها جیاوازدەبێت لە ستراکچەری شیکارکردنی بۆ زمان. ئەوەیش دەمانەوێت لێرەدا رۆشنایی بخەینە سەر، بریتییە لە شیکارکردنی بۆ زمان.

## دووەم: گرنگترین جێباسەکانی فەلسەفەی زمان

سیمیۆتیکا بە جێباسی بنچینەیی دادەنرێت لە جێباسەکانی زمان، کە چارەسەری مەسەلەی ماناکانی زمان و هێماکانی و نیشانەکانی دەکات. چارلس مۆریسی فەیلەسوفیش لەم زانستەدا تواناکانی خۆی بەدیارخست لەکتێبەکەیدا (بنەماکانی تیۆری نیشانەکان) ئەوەش کاتێک ئەو زانستانەی کەلەژێر سیمیۆتیکادا کۆدەبنەوە، لەم سیانە زیاتر نین(7):

1-سینتاکس (Syntax) زانستی بونیاد: ئەو زانستەیە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەکان و شێوەکان دەدات، کە گوتە زمانەوانییەکان پێکیدەهێنن بەبێ رەچاوکردنی لێکۆڵینەوەی مانا و نیشانە و ئاماژەکان بۆ کەسی قسەکەر.

2-سیمانتیکا (Semantics) زانستی مانا و ئاماژە: بریتییە لەو زانستەی کە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی لەنێوان شێوازەکان و ئەو بونیادانەی کە زمان لەخۆیان دەگرێت دەدات، لەگەڵ رەچاوکردنی ئەو ئاماژانەی کە ئەو زمانە گوزارشتی لێدەکەن بەبێ بایەخدان بە کەسی قسەکەر.

3-پراگماتیک (Pragmatics): ئەو زانستەیە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی لەنێوان کەسی قسەکەر و ئەو زمانەی کە بەکاریدەهێنێت دەدات.

کارنابیش بایەخی بە جۆری یەکەم داوە، بایەخپێدانێکی زۆر، دوای ئەوە بایەخپێدانی گۆڕاوە بۆ دووەم لە فەلسەفەکەی لە بارەی زمانەوە، لەگەڵ بوونی ئاماژەگەلێکی کەم بۆ دیدی لەبارەی سێهەمەوە.

**سێیەم: دیدی سنیتاکسی کارناب**

کارناب لێرەدا مەسەلەگەلێکی زۆری لەبارەی فەلسەفەی زمانەوە هێناوە لەسەری دیدە فەلسەفیەکەیی بونیادناوە، تا کاتێکی درەنگ لەژیانی، لەگەڵ ئەوەی لە کۆتایی ژیانیدا هەندێکیانی راستکردەوە.

یەکەم مەسەلەیەکیش پێویستی بەرونکردنەوەیە، لێرەدا بریتییە لە مەسەلەی ئەو دەستەواژانەی کە خاوەن مەدلولن لە وێناکردنی کارنابدا. کارناب بەوە گەیشتوە، کە هەر وشەیەک مەدلولی خۆی هەیەو بەپێی پەرەسەندنی مێژوویی دەگۆڕێت، ئەم مەدلولەش پێویست دەکات دوو مەرج لە وشەدا بوونیان هەبێت[8].

أ-پێویستە هاتنی بەشێوەیەکی وشەسازی بسەلمێنرێت، واتە پێویستە لە چێوەکەیدا سادەترین رستەی وشەسازی بێت، بۆ نمونە وشەی بەرد، دەڵێین (س بەردە)، بۆ ئەمەش وشەی (س) بۆ هەر جۆرە بەردێک بەکاربهێنین وەک ئەڵماس.

ب-پێویستە بتوانین وەڵامێک پێشکەشبکەین بۆ پرسیارێک، کە تێیدا ئەو وشەیەی جێباسەکەیە دابڕێژرێت، ئەگەر گریمانەمان کرد ئەو رستەیەی کە تێیدا وشەی بەرد هەیە بریتییە لە (ج)، ئەوا پرسیارەکە، ئەوەی کە کامەیە ئەو رستەیەی کە لێیەوە (ج) هەڵدەگۆزرێت؟ ئامانجی کۆتاییش لە پرسیارکردنە دیاریکردنی راستی یان درۆیی (ج).

کارناب ئامانجێکی لەوە هەبوو، کە خۆی دەبینێتەوە لە دورخستنەوەی هەموو دەستەواژەکان و وشەکانی میتافیزیکیا، چونکە ئاماژە بە مانا ناکات، بۆنمونە ئەگەر وشەی (بنەما)ی میتافیزیکیمان وەرگرت، کارناب پێیوایە کە ئەوە وشەیەکە مانا مێژووییەکەی خۆی لەدەستداوە (کە مانای دەستپێکردنی زەمەنی دەگەیەنێت) لای یۆنانەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی جێبەجێ نەبوونی ئەو مەرجانەی

سەرەوە بەسەریدا، چونکە ئێمەی بە شێوەیەک لەشێوەکان حوکم بەسەریدا بدەین.

لێرەوە کارناب دێت ئەحکامەکان دابەشدەکات بۆئەوەی، بوونی لقێک لە مەعریفە بسەلمێنێت و یەکێکی تر رەتبکاتەوە، ئەو دەڵێت کە ئەحکامەکان سیانن[9]:

1- ئەحکامە راستگۆکان تەنها بەپێی وێنە لۆژیکیەکەی، وەک شێوازەکانی لۆژیکی و بیرکاری.

2- رەتکردنەوەی ئەو ئەحکامانەی سەرەوە، واتە دژەکان، ئەوەش حوکمگەلێکی درۆزنن بەپێی شێوەکانیان.

3- ئەحکامە ئەزمونییەکان، ئەوەش ئەوەیە کە راستیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ رستە پرۆتۆکۆلیەکان، بەمەش ئەحکامی راستگۆیانە یان درۆزن دروستدەبێت، کە ئەمە ئینتیمای بۆ بواری زانستە ئەزموونییەکان هەیە.

لێرەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەحکامە میتافیزیکەکان شاختەن، چونکە پەیوەست نابن بە هەر حوکمێک لەو ئەحکامانەی لەپێشەوە باسیان لەبارەوە کرا.

لێرەدا پێویستمان بەوەیە، کەمێک بوەستین بۆ خستنەڕوی چییەتی رستە پرۆتۆکۆلیەکان، کارناب لەمەسەلەی رستە پرۆتۆکۆلیەکاندا کاریگەربووە بە شیلیک، مەبەستیش لە رستەی پرۆتۆکۆلی بەگشتی: سادەترین مەسەلەی ئەزمونیی و نزیکترینیان بۆ ساغکردنەوەی راستەوخۆ و گوزارشت لە ئەزمونە راستەوخۆکان دەکات، بەمەرجێک جێناوی قسەکەری تێدا بێت (نیراپ) ئەمەمان بۆ نمایشدەکات لەم دەستەواژەیەی خوارەوەدا: (پرۆتۆکۆل ئۆتۆ- ناوی کەسێکە- لە کاتژمێر 17.5 خولەک، لەکاتژمێر 16.5 خولەک ئۆتۆ بەخۆی وت، لەکاتژمێر 15.5 خولەک مێزێک هەبوو ئۆتۆ دەرکی کرد)[10]، ئەم نمونەیەی پێشەوە شتێک نییە، جگە لە بەدیارکەوتنی ئەوەی ئەم کەسە گیرۆدەی بووە لە ئەزمونە راستەوخۆکانی لەکاتێک لەکاتەکاندا، دەکرێت ئەم ئەزمونانەش وەک مەسەلەگەلێکی بەرایی دابنرێن، پێویستە بگونجێت لەگەڵ مەسەلە پێکهاتەییەکاندا، کارنابیش بەشێوەیەکی ورد مامەڵەی کردوە لەگەڵ مەسەلە پرۆتۆکۆلیەکاندا، ئەوەش کاتێک جیاکاریکردوە لەنێوان مادیی و وێنەیی لەزمانی پرۆتۆکۆلیدا،

لەروخساری مادییدا مەسەلە سادەکان ئاماژە لە زمانی پرۆتۆکۆلیدا ئاماژە بۆ ئەزموون و بەشێوەیەکی راستەوخۆدیاردەکان دەکەن، کە ئەمە سادەترین رەوشە مەعریفیەکانە کە دەکرێت وەربگیرێت، هەمان شتیش دەکرێت بوترێت لە شێوەی وێنەدا[11]. بەڵام کارناب وازی لە رستە پرۆتۆکۆلیەکان هێنا دوای رەخنەی سیلیک و ئایر لە بیرۆکەی پرۆتۆکۆل، وێرانی بوونی هۆکارێکە کە ئەگەرەکەی زیاترە و خۆی لە هەڵوێستی (تارسکیدا) دەبینێتەوە، کە لەرێگەیەوە ئاماژە بۆئەوە دەکات کە راستیی مەسەلەیەک لەرێگەی گونجانییەوە نایەت لەگەڵ مەسەلەگەلێکی تر پێشتر قەبوڵمان کردوە بەڵکو لەرێگەی هاورێک بوونییەوە دەبێت لەگەڵ واقیعدا[12].

بەڵام مەسەلەکەی تر کە پێویستی بەرونکردنەوە هەیە بریتییە لە مەسەلەی پەیوەندی لۆژیک بەزمانەوە لای ئەو، بەشێوەیەک جێبەجێکردنی لۆژیک و یاساکانی لای کارناب لە تەنها ئەحکامەکاندا کورتنابنەوە، بەڵکو هەتا بەسەر پێکهاتە زمانەوانییەکانیشدا، لێرەوە بایەخ بە چارەسەوکردنی وێنەیی دەدات، بەچەند

مەسەلەیەکیشدا لای کارناب لۆژیک پەیوەستدەبێت بەزمانەوە، لەوانەش[13]:

أ- تایبەتمەندییە لۆژیکییەکان لە رستەدا، وەک رستە شیکاریەکان، دانانییەکان و دژەکان و ...هتد.

ب- پەیوەندییە لۆژیکییەکان لەنێوان رستەکان وەک پەیوەندی دژیەکی لەنێوان دوو رستەدا، یان هەڵهێنجانی یەکێک لە رستەکان لەوی تریانەوە ...هتد.

ت- لێرەوە کارناب لۆژیک وا دادەنێت کە پەیوەستە بە زمانەوە بەوپێیەی بەشێکە لە پێکهاتەی زمانی بەمانای فراوانی وشەکە.

پەیوەستکردنیش لەنێوان لۆژیک و زماندا، بەیەکێک لەکاریگەریەکانی وتگنشتاین دادەنرێت لەسەر کارناب، چونکە هەردوکیان هەوڵیانداوە وێنای هەریەک لە نەسەقی لۆژیکی و نەسەقی زمانەوانی لە نەسەقێکی هێمایی وێنەییدا وێنابکەن[14] هۆکاریش لە بانگەشەکردن بۆ هێماتییبوونی زمان لای کارناب بریتییە لە نەتوانایی هەر زمانێک بۆ گەیشتن بە ئامانجی سادەیی و روونیی بەبێ پشت بەستن بە لۆژیکی هێمایی.

پەیوەستکردنیش لەنێوان لۆژیک و زماندا بە دەروازەیەک دانراوە بۆ سازکردن یان پێکهێنانی لۆژیکی زمان لای کارناب کە نمایشی کرۆکی دیدی ئەو دەکات لەبارەی سینتاکسەوە.

لێرەدا دەوەستین لای ئاماژەیەکی بە بیرهێنانەوەیی، کە دەڵێت پێکهاتنی لۆژیکی زمان لای کارناب بایەخ بە زمان دەدات لەحاڵەتە وێنەییەکەیداو چاودەپۆشێت لە ناوەڕۆکی ئەو زمانە، ئەو بایەخ دەدات بە پەیوەندی وێنەیی لەنێوان رستەکان و گوتەکان نەک بە ناوەڕۆکی ئەو گوتانە، چونکە بایەخدان بە ناوەڕۆک کاری زانستە نەک لۆژیکی زانست[15].

هەر لەسەرەتاشەوە دەبێت پێکهاتەی لۆژیکی بایەخ بە کۆمەڵە مەرجێک بدات، گرنگترینیان[16]:

1-نادژیەکی: واتە ناتوانێت سەلماندن بەسەر دوو رستەی دژبەیەکدا بکرێت.

2-سەربەخۆیی بەڵگەنەویستەکان، واتە ناتوانرێت بەڵگەنەویستێک لە بەڵگەنەویستەکانی نەسق دابتاشرێت.

3- تەواوبوون، دەبێت ئەوە بسەلمێنرێت کە شێوازەکان پێکهاتەیان دروستە.

4- سیفەتی وردیی.

پێکهاتەی لۆژیکی تایبەتمەندی وردیی تێدایە، یەکەم مەسەلەیەکیش لای کارناب دەوەستێت لە پێکهاتەی لۆژیکی بریتییە لە ڕێساکانی دروستبوون و گۆڕین، ئەو وایداناوە کە ڕێساکانی دروستبوونە، کە هێماکان و دەستەواژە قەبووڵکراوەکان دیاریدەکات لە نەسەقی زماندا، لەکاتێکدا کە ڕێساکانی گۆڕین ئەو مەرجانە دیاریدەکات کە ڕستەیەک دروستدەبێت لەئەنجامی ڕستەیەکەوە، یان ڕستیەکی ترەوە.

کارناب بایەخێکی گەورە دەدات بەم ڕێسایانە، بەوپێیەی دەچێتە ناو کرۆکی حسابی لۆژیکییەوە، ئەو حسابەی کە ئەمانە لەخۆدەگرێت[17]:

أ-سەرەتاگەلێک کە ئەبجدیەتی زمان بەرجەستەدەکات.

ب-کۆمەڵێک لە بەڵگەنەویستەکان.

ت-ڕێساگەلێکی دەرئەنجامی.

پ- سەلمێنراوەکان یان داتاشراوەکان.

ج- لێرەوەکارناب ناوی ڕێساکانی دروستبوون دەنێت لە سەرەتاکان،بەڵام هەڵێنجانەکان نمایشی ڕێساکانی گۆڕین دەکەن(18).

ڕێساکانی دروستبوون و گۆڕین لای ئەو بە دەروازیەک دادەنرێت بۆ تیۆری (المواضعات)، کە وەک ڕاڤەکردنێک بۆ ئەو جیاوازیە پەیدا بوو کە هەیە لەنێوان ڕێساکانی پێکهاتن و ڕێساکانی هەڵگۆزینی لۆژیکی.

(تیۆری المواضعات) بەگشتی مانای ئەوە دەگەیەنێت سەلماندن لە سەرچاوەکانەوە دادەتاشرێت، ئێمەش ناگەڕێین بەدوای ڕاستی سەرچاوەکاندا بەڵکو لەبارەی گونجانییەوە، ئەگەریش ڕێکخستنمان کرد لەنێوان هەندێ: لەو سەرچاوانەدا، کە پشت بەهەندێک پێناسەکان دەبەستێت، ئەوا ئێمە دەتوانین سەلماندن بەرپابکەین[19].

دیدی کارنابیش بۆ (الموضعات) دیدێکە لەناکۆکیەوە سەرچاوەیگرتوە لەگەڵ وتگنشتاین کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات- بەپێی تێگەیشتنی کارناب- بۆ بوونی پەیبردنە پێشییەکان بۆ وێنەگەلێکی مومکین بۆ مەسەلەکانی زانست، کارنابیش گوزارشتی لەم پەیبردنە پێشینانە کردوە بە (مواضعات) ناویبردوە، چونکە زمان لای ئەو، هێمایەکە هاوڕایی لەسەرەو پاشانیش لەخۆگرتی هەر وێنەیەکی پێشینەییە[20].

بەڵام مەسەلەکەی تر کە پێویستی بەرونکردنەوە هەیە بریتییە لە مەسەلەی زمان و میتازمان لای کارناب، بەشێوەیەک ئەم مەسەلەیە بە خاڵەکانی ئەفراندن دادەنرێت، کەوا کارناب لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، ئەم خاڵەش لەوەدا شاراوەتەوە کەوا کارناب ئاماژەی بە زمانێک کردوە، کە ناوی ناوە زمانی بابەت، هەروەها زمانێکیش چارەسەری زمانی بابەت دەکات، ئەمەش ئەوەیە کە ناویناوە میتازمان.

دەکرێت پێناسەی زمانی بابەتیش لای ئەو بکرێت بەوەی، ئەو زمانەیە کە بۆ قسەکردن بەکاردەهێنرێت لەسەر ئەو بابەتانەی، کە مەبەستە وەسفیانبکرێت، یان شیکاریان بکرێت، یان بەوردی دابڕێژرێن بۆ مەبەستگەلێکی دیاریکراو، بەڵام میتازمان لای ئەو واتە: ئەو زمانەی کە دەکرێت لەرێگەیەوە دەرئەنجامەکانی توێژینەوە، یان وەسفکردن یان شیکارکردن دابڕێژرێت[21].

ئەگەریش هێمای (ل 1) دانا بۆ زمان و (ل 2) بۆ میتازمان ئەوا دەکرێت بەنمونەی خوارەوە رونی بکەینەوە:

ل1= کتێب بەسودە

ل2= کتێب بەسودە، مەسەلەیەکە پێکدێت لە نیهاد و گوزارە.

ئەم نمونەیەش مەبەستی کارنابمان بەروونی بۆ دیاریدەکات، کارناب ویستویەتی بڕوات بەرەو ئیمکانییەتی قسەکردن لەسەر زمانێک بەخودی زمانەکە، یان بە هی تر، لەپێناو رونکردنەوەی ئەو ئاڵۆزیەی کە لەدەوریەتی، لەنمونەی ئەمەش رێسای زمانی عەرەبی بۆ نمونە کە باس لە زمانی عەرەبی دەکات، ئەمەش وەک میتازمان وایە بۆ زمانی عەرەبی... هتد.

بەڵام کێشەکە لەمەسەلەی کەوتنی کارنابە بۆ ناو دژیەکی لە داڕشتنی میتازماندا، کارناب وەڵامدەداتەوە کە نادژیەکی- وەک پێشتر باسمانکرد- مەرجێکە لەمەرجەکانی سینتاکسی زمانەوانی، بۆیە پێویستە پارێزگاری لە نادژیەکی بکرێت لە داڕشتنی میتازماندا، وێڕای ئەمەش کارناب ئاماژەی بە بوونی مەسەلەگەلێکی ستراکچەری جێگیر لەنێوان زمانی بابەت و میتازماندا کردوە، ئەم رێسایانەش ناگۆڕێن پاشانیش دژیەکی لە پێکهاتەی لۆژیکیدا بوونی نییە[22]، بەڵام سەبارەت بەوەی کارناب بانگەشەی بۆ تەبەنیکردنی مەسەلەی میتازمانکردو کاریگەربوونی بووە

به ئەندازەو پێناسەکانی، بەشێوەیەک دەکرێت ئەندازەی بیرکاری ئەبستراکت گوزارشت له بیرکاری بکات، پاشانیش ئەو بریتییه له زمانی بابەت، بەڵام ئەندازەی فیزیایی ئەزمونگەری ئەوا به میتازمان دادەنرێت بۆ ئەندازەی بیرکاری.

مەسەلەیەک ماوەتەوه که پێویسته ئاماژەی پێبکرێت ئەویش ئەوەیه، کارناب بەپێچەوانەی ڤیتگنشتاینەوه کاریکردوه، له مەسەلەی ئاماژەکردن بۆ ئەگەری بەرپابوونی میتازمان، ئەویش لەبەرئەوەی ڤیتگنشتاین ئاماژەی بۆ بەرپاکردنی زمانێکی باڵایی، یان سەرویی به وتنی فەلسەفەیەکی خراپ ناودەبرێت[23]، بەوپێیەی که جیاوازیەکه خۆی لەوەدا دەبینێتەوه که ناوەڕۆکی لۆژیکی هەر زمانێک لەناو خۆیدایه، بۆیه ناتوانین بەزمانێکی تر گوزارشتی لێبکەین، یان بەهەمان زمان، ئەوەی نەتوانێت بەخۆی دەربکەوێت ناتوانرێت به گوته وەسفبکرێت.

لەو مەسەلە گرنگانەش کارناب چارەسەریکردون و لای ئەو خۆی له ئەڵقەیەکی نوێگەریدا دەبینێتەوە، له تێڕوانینیدا بۆ زمان بریتییه له مەسەلەی سیستمی لۆژیکی بۆ زمان، کارناب بانگەشەی بۆ ئەگەری سیستمی لۆژیکی کردوه بۆ زمان، بەڵام

نەک ئەو سیستمە هێماییەی کە راسڵ بانگەشەی بۆ کردوە و ڤیتگنشتاین بیری لێکردۆتەوە، بەڵکو سیستمی زمانەوانی لۆژیکی بۆ زمان.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، سیستمی لۆژیکی بۆ زمان ئەو توانایە دەبەخشێتە رستە، بۆئەوەی قسەبکات لەبارەی شتگەلێکەوە کە لە وێنەکەیدا بەرجەستەدەبێت –واتە لە وێنەی ئەو رستەیەدا– لێرەشەوە بانگەشەی بۆ دانانی دوو چێوە کردوە بۆ رستە(24).

1- چێوەی وێنەیی: واتە ئەو شێوەیە کە تێیدا بایەخ بە خودی وشەکان دەدەین.

2- چێوەی مادیی: ئەمیش ئەو چێوەیەیە کە بەو شتانە بایەخی پێدەدەین، کە وشەکان ئاماژەی پێدەدەن.

